ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان



## تاوانی تیرۆریستان لە پرسوس مەحکووم دەکەین

بەداخەوە دیسان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بوونە ئامانجی تاریکپەرستان و دژمنانی ئازادی. بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە لە ئاکامی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە شاری پرسوسی باکووری کوردستان زیاتر لە ٢٠٠ کەس شەهیدو بریندار بوون. ئامانجی ئەمجارەی دژمنانی ئازادی کۆمەڵێک لە لاوانی بژاردەو رووناکبیری سۆسیالیست بووە کە دەیانەویست وەک خۆبەخش بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی شاری کۆبانێی رۆژئاوای کوردستان دا بکەن.

بۆ لاپەری ٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | چوارشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٤ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٠ | www.kurdistanukurd.com

# کاروانی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد بە هیچ هەڕەشەو هێرشێک ناوەستێ




کۆمەڵگەی مەدەنیو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سەرەڕای ململانێو خەبات هەم لە گەڵ کۆنەپەرستیی نێوخۆییو هەم لەگەڵ پیلانو سەرکوتی داگیرکەرانی کوردستان، لە گەشەکردنو بەرەوپێشچوون دایە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای درێژەی ڕاونرانو گیرانی چالاکانی بوارەکانی سیاسی، کولتووری، ژینگەپارێزیو مافی مرۆڤ، لەم دوایانە دا ژمارەیەک لە ژنان لە شاری بۆکان بوون بە ئامانجی هێرشی دڕندانەو تیزابیان پێدا کرا. ئەم هێرشانە، ڕێپێوانی نارەزاییدەربڕینی خەڵکی بۆکان لە ئێوارەی٢٥ی پووشپەڕی بە دوا دا هات. سەرەڕای هێرشی مەئموورانی ئەمنیەتی بۆ سەر بەشدارانی ڕێپێوان، ئەوان بە دەنگی بەرز ئەم تاوانەیان مەحکووم کرد. هاوکات، ژنانو پیاوانی کوردو ئێرانی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانو لە ڕێگای یادداشتو نووسینی تایبەتەوە، هێرش بە هۆی تیزاب بۆ سەر ژنانو هێرشو سووکایەتی بۆ سەر ژنانی چالاکو یەکسانیخواز لە دنیای مەجازییاندا بە بەرهەمو بەرووبووی یەک عەقڵیەت ناو بردو هەر دوو جۆرە هێرشیان ڕسواو مەحکووم کرد.

لە باکووری کوردستانیش، شوێنی کۆبوونەوەی لاوانی سۆسیالیست کە بە نیازی هاوکاریو بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ چووبوونە شاری پرسووس لە سەرسنووری باکوورو خۆراوای کوردستان، ڕۆژی شەممە ٢٠ی جولای بوو بە ئامانجی تەقینەوەیەکی تێرۆریستی. بە هۆی ئەم تەقینەوەیە ٣٢ کەس لە لاوان گیانیان لە دەست داو زیاتر لە سەدکەسیان بە توندی بریندار بوون. ئەگەرچی داعش بە تاوانباری سەرەکیی ئەم هێرشە تیرۆریستییە دەزانرێ، بەڵام دەوڵەتی تورکیەو حیزبی ئاکەپە بە هۆی لە ژێرپرسیاردابوونی جۆری پێوەندیو هەڵسوکەوتیان لە گەڵ داعشو دژایەتیان لە گەڵ پێکهاتنی کانتونەکان لە خۆراوای کوردستان، بوون بە ئامانجی شەپۆلێکی گەورەی خۆپێشاندانو نارەزایەتیدەربڕین کە نزیکەی ٢٠ شاری تورکیەو یەک لەوان ئەستانبولی گرتۆتەوە.

ئەم هێرشانە لە کاتێکدا ڕوویان داوە کە هێرشو شەڕفرۆشیی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر نەتەوەکەمان لە باشوورو خۆراوای کوردستان بەردەوامە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە گەڵ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١٤ی جولای لە ڤییەن ڕێککەوتنی ناوکیی لە گەڵ گرووپی ٥+١ئیمزا کرد، حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاندوە سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی ئەم ڕێککەوتنە لەوانەیە لە پێوەندیی ئێرانو کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی دا پێکی بێنێ، بزووتنەوەی نەتەوەییو خەباتی ئەم حیزبە بە گوڕتر لە پێشوو بەردەوام دەبێ.

## بەیاننامە
## سەبارەت بە ڕێککەوتنی ناوکیی ڤییەن

لە ڕێککەوتی ١٤ی ژولای، کۆماری ئیسلامی سەرەنجام پاش ساڵانێک کێشە و ملبەملە لەگەڵ کۆمەلگەی نێودەوڵەتی، ڕێکەوتننامەیەکی لە ڤییەن واژۆ کرد کە ئەم ڕێژیمە بۆ خۆی وەک سەرکەوتنی ناوکی ناوی دەبا.

ڕێکککەوتننامەیەک کە قەرارە لە ٥ قۆناغی واژۆ، ڕێککەوتن، پشتڕاستکردنەوە، جێبەجێکردن و سەرەنجام کۆتایی دا جێبەجێ بکرێ، لەراستیدا ڕێژیمی ئێران ناچار دەکا کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ مل بۆ پشکنینە بەردەوامەکان رابکێشێ و، تەنیا بە ٥٠٦٠ سانتریفووژی نەتەنز قەناعەت بێنێ و هەروەها دەبێ ٣٠٠٠٠ سانتریفووژ وەلابنێ ونزیک بە١٠ تون پاشەکەوتی ئۆرانیۆم بۆ ٣٠٠ کیلۆ کەم بکاتەوە و پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی ٣،٦ بەرتەسک بکاتەوە.

بەکورتی حکوومەتی ئێران دەبێ تەواوی ئەوەی لەو ساڵانەدا رستبووی، بکاتەوە خوری و بەڵێن و پەیمانیش بدا کە ئیتر بەدوای وەها بەرنامەگەلێکەوە نەبێ. ئەوەی ئێستاش پێی دەگوترێ سەرکەوتنی ناوکی، وازهێنانە لە بەرهەم و دەسکەوتەکانی بەرنامەیەکی ناوکیی کە ساڵانێک بوو خەڵکی ئێران بە تەحەمولی بەشمەینەتی، هەژاری، گرانی، بێکاری و گشت بەرەنجامەکانی گەمارۆ ئابوورییەکان، نرخیان بۆ داوە. بەم جۆرە لەراستیدا تەواوی ئەم مەینەتی و کوێرەوەرییانەی تووشی خەڵکی ئێرانیان کردبوو، بێ ئەنجام و لە خۆرایی بوون.

بە پێی ڕێککەوتننامەی ڤییەن ئێران دەبێ دەروەستیی خۆی بە لەنێوبردنی تەواوی ئەو بەرنامانەی لەو ماوەیەدا دەستەبەری کردبوون، جێبەجێ بکا و دواتر ئەگەر سەلمێنرا کە پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردوە، ئەوکات گەمارۆ ئابوورییەکان بەشێوەی کاتی هەڵدەپەسێردرێن و هەرکات پێچەوانەی ئەمەش بسەلمێنرێ، سەرلەنوێ گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنرێنەوە.

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە، نەتەنیا تێچووەکان، چەرمەسەرییەکان و ئەو نرخە لەخۆڕاییانەیە کە خەڵکی ئێران ناچار بە دانی بوون، بەڵکوو شکستی سیاسەتە ناوکییەکانی ئێران و ئەو گڵۆپە سەوزەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ رۆژاوای هەڵکردوە. مەیل بۆ کردنەوەی دەرگای پێوەندی لەگەڵ رۆژاوا و رەواندنەوەی تابۆ لەم پێوەندییەدا کە پێشتر کەس نەیدەوێرا باسیشی بکا، ئێستا ئیتر بەبێدەنگی دەچێتە پێش. بەدەربڕینێکی‌تر، هاوکات ٢ تابۆ دەشکێ، بەڵام چونکە بە ئاماژە و تەئیدی ڕێبەری جێبەجێ دەکرێ، کەس بە نیشانەی نارەزایەتی متەقی لێوەنایە و هەموان وەک سەرکەوتن ناوی دەبەن.

ئێستاش کە کۆماری ئیسلامی بەکردەوە لە دروشمەکانی دوورکەوتۆتەوە تا بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بسەلمێنێ کە قانوونمەند و دەروەستە، کاتێکی گونجاوە کە وەبیر هەموان بێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر وادە و بەڵێنی دیکەیان بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکان لە راستای لەبەر چاو گرتنی ویست و چاوەروانییەکانی خەڵک داوە، بەڵام بەردەوام پێشێلیان کردوون و هیچکات جێبەجێیان نەکردوون.

ل ٢



بزووتنەوەی کورد و پرسیارە سەرەکییەکانی وتووێژێکی سەرکەوتوو

٦



مردن لە پێناو چ دا!

٧



یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری ١٠ پێشمەرگەی دێموکرات لە پەڕەژاڵ

٨



بەردەوامی توندو تیژی دژی ژنان

٨



شانۆی کوردی؛ تەمەن کورت وداهاتوودار

١١

## پەسندکرانی بڕیارنامەی شوورای ئەمینەت لەبارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران

**بڕیارنامەی شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران پەسند کرا.**

ئەم بڕیارنامەیە ڕێکاری هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێرانی تێدا هاتووە، بەڵام گوتراوە گەمارۆکان کاتێک هەڵدەوەشێنەوە کە ئێران پابەند بە ڕێککەوتنی وییەن بێو جێبەجێیان بکا.

بە پەسندکرانو تەئیدکرانی بڕیارنامەی پێشنیارکراوی ئامریکا لە شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گەمارۆکانی ئەم ڕێکخراو دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هەڵدەوەشێنەوە، بەڵام ئەم بڕیارنامەیە تەنیا گەمارۆکانی ئەم ڕێکخراوە دەگرێتەوە. ئەم بڕیارنامەیە گەمارۆکانی ئامریکاو ئورووپا و وڵاتانی دیکە ناگرێتەوە.



هەڵوەشانەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان دژی ئێران گەمارۆ بانکی، قەدەغەکرانی سەفەرەکان بۆ دەرەوەی وڵات و چالاکیی کەسانێک دەگرێتەوە کە لە بواری ئەتۆمییەوە کردوویانە، بەڵام گەمارۆی چەکوچۆڵی ئێران ناگرێتەوە.

## تەقینەوە لە باکووری کوردستان دەیان کوژران و برینداری لێکەوتەوە



ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی پووشپەڕ بە هۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە سەنتەرێکی کولتووریی لاوانی سوسیالیستدا لە شارۆچکەی پرسووسی سەر بە ئۆرفای باکووری کوردستان، نزیک بە ٤٠ کەس گیانیان لەدەست داوەو زیاتر لە ١٥٠ کەسیش بریندارن.

بە پێی هەواڵەکان نیزیکەی ٣٠٠ ئەندامی لاوانی سوسیالیست دەبوون لەو سەنتەرە کۆببوونەوە تا بەرەو شاری کۆبانی بڕۆنو لەوێ خۆبەخشانە بەشداری لە ئاودانکردنەوەی شارەکەدا بکەن.

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان خۆکوژێک تەقینەوەکەی ئەنجام داوەو ئەگەرچی هێشتا کەس بەرپرسایەتیی خۆی لەو تەقینەوەکە ڕانەگەیاندووە، بەڵام کاربەدستانی تورکیە دەڵێن بەڵگەیان لەلایە کە داعش لە پشت ئەم تەقینەوەیە بووە.

# ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە بنکەی دەفتەری سیاسی

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەرزڕاگرت.**

ئێوارەی یەکشەممە، ٢١ی پووشپەڕ بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، پەردە لەسەر پەیکەرەی دوکتور قاسملوو لادرا.

ئەو ڕێورەسمە بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگیو بەپێوە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی دەستی پێکردو لە سەرەتای بەرنامەکاندا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە؛ لەلایەن کاک مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکێش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا لەلایەن مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەوە پەردە لەسەر پەیکەرەی دوکتور قاسملوو لادرا. مامۆستا لە وتاری خۆی بەبۆنەی پەردەلادان لە پەیکەرەی دوکتور قاسملوو کەلەلایەن هونەرمەندی لاو شۆڕش ئاهی، دروست کراوە، لەگەڵ دەسخۆشی لەو هونەرمەندە ، ئاماژەی بەوەکرد کە دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە هەر ڕێبەرێکی سەمبولیک نەبوو، ئەو بووژێنەرەوەو زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکڕات بوو. دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک بەهاو بایەخی هێنایە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە کە تا ئەو کات لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا نەبوون؛ ئەو ئیدەو بایەخانە کۆمەلیک خەسڵەتی دیکەشیان پێوەدیارە، یەکەم ئەوەی تا ئێستاش زیندوونو بۆ هەموومان جێی شانازین، لە پاشان بە تەوازوعەوە دەڵێم ئەو بایەخانە لە نێو حیزبە کوردییەکانو ئەحزابی ناوچەدا بۆوە دەبن حیزبی دێموکڕات بە شانازییەوە یادیان بکاو باس لە بوونیان لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا بکا.

بەڕێز مامۆستا لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: دوکتور قاسملوو بوو کە گرینگیی دێموکڕاسی، گرینگیی باوەڕبەخۆبوون، گرینگیی سەربەخۆیی سیاسیو فیکریو بایەخی ئەوەی کە ئێمە لە سیاسەتدا واقعبین بین، بایەخی ئەوە کە لە سیاسەتدا دەستو زمانو قەڵەم پاک بین، و زۆر بایەخو ئەرزشی دیکەی هێنایە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا، گوتی بۆ ئێمە گرینگ نییە تەنیا وەک سەمبول کۆتەڵێک لە شوێنێک دابنێینو بڵێین قاسملوویە، ئێمەی ڕێبوارانی دوکتور قاسملوو دەبێ پەیکەرەی قاسملوو لە دڵماندا دروست بکەین، ئەویش نەک بەو مانایە هەر لەبیرمان بێ، بەڵکوو بەو مانایە کە تەعالیمی ئەو، ئامۆژگارییەکانیو ڕێبازەکەی بەڕێوەبەرین. چونکی ئەگەر هیچ پەیکەرەیەکمان بۆ ڕێبەرانمان دروست نەکرد بەڵام بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتین کە بە ئەمانەتەوە ئەوان لە پێش پێی ئێمەیان داناوە؛ میراتگرو قوتابییەکی باشی ئەوانین؛ بەڵام بێتوو سەد پەیکەرەشیان لێ دروست بکەینو پێچەوانەی ئەوان بەڕێیەدا بڕۆین، قوتابییەکی باش نین.



لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات پێشکێش بە شۆڕش ئاهی کراو ئەو هونەرمەندە ڕێزنامەکەی لە دەستی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە وەرگرت.

سرووودی " قاسملوو" لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب، دانانی تاجەگوڵینە لەبەردەم پەیکەری دوکتور قاسملوو لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، خوێندنەوەی پەیامی دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو، سرووودی " ڕێبەری کورد" لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب، دیکلەمەی شێعری " ٣٠ هەناسەی"ی مامۆستا بێبەش لەلایەن خەدیجە مەعزوورو سرووودی" ئەی مامۆستای مەزنو زانا" لەلایەن کۆرسی منداڵانی حیزب چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



**لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا دوو بابەتی حزووری پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچە سنوورییەکانو ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان ئێرانو وڵاتانی ١+٥ تاوتوێ کران.**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ ی پووشپەڕو بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بەڕێوەی برد، هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی لە حزووری پێشمەرگەکانی حیزب لە نیزیک خاڵە سنوورییەکان کردو لایەنی جۆراوجۆری پێوەندیدار بەو بابەتەی لێکدایەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا پێداگری لەسەر ئەوە کرایەوە کە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگرتنی ئەمنیەتو ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا وەک هەمیشە بە ئەرک وەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتی دەجوڵێتەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بۆ هەڵسەنگاندنی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ناوکی لە نێوان ئێرانو وڵاتانی ١+٥ تەرخان کرابوو، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەو بارەڕە بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە کێشەی ئەتومیی ئێران لەلایەن ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا بۆ باجگیری لە ناوچە کەلکی لێوەرگیراوەو، ئەو بەرنامەیە سەرەڕای تێچووی یەکجار زۆری ماڵیو ئەمنیەتی هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک نەبووە؛ بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵانێکە بەو هۆیەوە دنیای سەرەوەی سەرقاڵی ئەو مژارە کردوەو بەوجۆرە زۆربەی پرسو بابەتەکانی دیکە وەک مافی مرۆڤ، مافو ئازادییە سیاسیو مەدەنییەکان و داواو مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستانو ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ لەپەراوێز خستوە.

هەر لەو بارەیەوە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسی‌دا بە وردی هاتوە . (لاپەڕی ١)

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست



بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆبوونەوەی شوڕای ئینتێرناسۆناڵی سوسیالیست لە نیۆیۆرک دەستی بەکار کردو لە سەربانگهێشتی ڕەسمیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست بۆ کۆبونەوەی ساڵانەی شورای ئەو ڕێکخراوەیە، کە ئەمسال لە شاری نیۆیۆرکو لە مەقەری نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێوەچوو، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیکهاتوو لە مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب بە هاوڕێیەتیی کامران باڵنور و خەبات ئیبراهیم پور بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ١٥ ی پووشپەڕ کۆبوونەکە بەوتاری لوئیس ئایالا، سکرتێری گشتیی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال دەستی پێکرد، پاشان جۆرج پاپاندرۆ، سەرۆکی ڕێکخراوی سوسیالیستی نێونەتەوەیی وتاری خۆی پێشکەش کرد کە پێوەندی بە کێشەی ئابووری، تێرۆریزم و چەندین تەوەری دیکەی جیهانی هەبوو.

لە پەراوێزی کاری کۆبوونەوەکەش‌دا مستەفا شەڵماشی، لەگەڵ جۆرج پاپاندرۆ، لوئیس ئەیالا و خاتوو وەفا، بەرپرسی بەشی ژنانی ئینترناسیۆنالی سوسیالیست و چەندین کەسایەتی دیکە دیدار و چاوپێکەوتنی کرد و لە نزیکەوە لە سەر دۆخی نالەباری ئێران پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد بەهۆی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران قسەو باسی کرد.

لە بەرنامەی ڕۆژی دووهەمیش‌دا پاش پەیامی "لوئیس ئایالا"، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە، ڕاپۆرتی کومیتەی ئیجراییو ئابووری خوێندرایەوەو دوا بەدوای ئەم باسە کومیتەی چاوەدێری ئوسووڵو پرینسیپەکانی ڕیکخراوەکە راپۆرتی تایبەتی خۆی لە سەر چۆنیەتی کار و کۆبوونەوەکانی شۆرا پێشکەش کردو بە دوای ئەودا راپۆرتی بەشی ژینگەپارێزی خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیە دا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکێش کرد.

بەڕێز شەڵماشی باسی کێشەی کورد بە گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی ئاماژەی بە دۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی حیزبی دیموکراتی کورستان کرد. بەشێکی گرنگی دیکە لە وتارەکەی کاک مستەفادا ئاماژەی بەڕێزیان بەو خەباتە دژوارە بوو کە گەلی کورد و حیزب و ڕێکخراوە پێشڕەوەکانی و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دژی تیرۆریزمی دەوڵەتی، بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو کردوویانە. بەڕێزیان بە ئاماژە بە تێرۆریزی دەوڵەتی لە ئێراندا و پشتیوانی و دەستێکەلاویی ڕێبەرانی ئەو حکوومەتە لە تێرۆری جیابیران و نەیارانی خۆیاندا، باسی لە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دکتور سادق شەرەفکەندی کرد و ئەوەی بە نموونەیەکی حاشا هەڵنەگر بۆ تێرۆریست بوونی ڕژیمی ئیسلامی زانی.

پاشان بێهروز خزری، نوێنەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، ، وتارێکی لە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی کورد بە گشتی و ئێران بە تایبەتی پێشکەش کرد. ناوبراو باسێکی لە تێرۆر و کوشتنی کورد بە دەستی حکومەتی ئێران کرد و ڕاستەوخۆ ئیشارەی بە تێرۆری دکتۆر قاسملو و شەرەفکەندی وەک نمونەیەک لە تێرۆری نێودەوڵەتی کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە ڕۆژی دووهەمی ئەو کۆبوونەوەش دا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە نزیکەوە لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سوسیالیستە جیهانییەکان چاوپێکەوتن و وتووێژیان کرد کە لە ناویان دەکرێ ئاماژە بە نوێنەری سوسیالیستەکانی وڵاتانی مکزیک، یۆنان، قوبرس، سوید، بلژیک و هەروەها پارتی سوسیالیستی ئەمریکا و چەندین حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی دیکەی جیهانی بکرێ. هاوکات چەندین جار نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، بۆ باس و راوێژ سەبارەت بە پێشنیار و داواکارییەکانی کورد دانیشتن و چاوپێکەوتنیان پێک هێنا. هەر لە ڕۆژی دووهەم دا هێمن هەورامی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان چەند داواکاریو خاڵێک، کە پەیوەندییان بە کورد و بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستانەوە هەبوو، بۆ راوێژ و قسە لە سەر کردن هێنایە کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردانەوە، کە بە تێکڕای دەنگ پەسند کراو پێشکەشی لویس ئایالە کرا تا لە دەستووری کاری داهاتووی ئەو ڕێکخراوەیە دا بگونجێندرێن.

## درێژەی: بەیاننامە سەبارەت بە ڕێککەوتنی ناوکیی ڤییەن

لە ماوەی چاوەدێری و پشکنینەکان و سەلمێندرانی پابەندیی کۆماری ئیسلامی بە قانوونمەندی، پێویستە خەڵکی ئێران بە وریایی و وشیارییەوە پێداگری لەسەر وادە و بەڵێنەکانی بەر لە هەڵبژاردنەکان بکەنەوە و نەیەڵن لەیاد بچنەوە.

تێکشکانی سیمای رادیکاڵیی ئێران لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و پێملبوونی، دەرفەتێکی لەبارە بۆ هاوکاریی زیاتری نێوان گەلانی ئێران. دەرئەنجامەکانی ئەم ڕێککەوتنە هەرچییەک بێ، بزووتنەوەی نەتەوەیی و حەقخوازانەی کوردستان وخەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەردەوام دەبن، ئێمە خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆمان درێژە پێدەدەین و لەسەر دەستەبەربوونی داخوازییە رەواکانی گەلی کورد پێداگرتر دەبین. بە تێگەیشتن لەم زەروورەتە کە ئەمڕۆ هاوڕێیەتی و هاریکاریی گشت خەباتکاران لە تەنیشت یەک دەتوانێ کۆماری ئیسلامی تەنانەت ناچار بە پاشەکشێی زیاتر بکا، لەم پێوەندییەدا لە گشت بوارو بەرەکانی خەباتدا ئامادە و شێلگیرانە هەوڵی جیددیی خۆمان دەدەین.

ئەگەر گەندەڵیی نێو دەسەلات و سیاسەت وبەرنامە ناوچەییەکانی دامەزراوەکانی نێو ئەو ڕێژیمە ڕێگا بدات، ئازادکرانی پووڵەکانی ئێران دەتوانێ لەسەر بارودۆخی بژێوی خەڵک کاریگەریی هەبێ، کە ئەمەیان بەباش دەنرخێنین. هیوادارین ئالۆگۆڕێکی ئەوتۆ هێز و وزە بە چالاکییە مەدەنییەکانیش ببەخشێ و بەستێنگەلێک بڕەخسێنێ کە خەڵک بەئاگایی‌یەوە کەڵکی باشی لێوەربگرن.

ئێستا کە بیانووی هێرش و هەڕەشەی دەرەکی کەمڕەنگ بۆتەوە، دەرفەتێکی باشە بۆ ناچارکردنی ئێران بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی ژیرانە و باشترین هەلی لەباریشە بۆ هێزە کوردییەکان کە هاواهەنگ بجووڵێنەوە و هەر لەم پێوەندییەدا ئێمە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وەک هەمیشە هەموو بەربژێرەکانی خەباتمان لەسەر مێز داناوە و ئامادەی هەرجۆرە هاواهەنگی و هاوکارییەکین.

لەبیرمان بێ کە ئەم ڕێککەوتنە تا دوابڕگەی جێبەجێکردنی، دەبێ قۆناغگەلێک بپێوێ و ئێمە وەک هێزە سیاسییەکان وخەلکی ئازادیخوازی ئێران نەک هەر چاوەدێر بەڵکوو دەورگێڕی ڕۆڵە سەرەکییەکانیش بین، بەتایبەتی کە هەمووشمان دەزانین کە هەڵپەساردنی گەمارۆکان، گەمارۆکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ ناگرێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروەک بەدوای ڕێککەوتنی سەرەتایی لۆزانیش دا رای گەیاندوە: پێی وایە" ڕێککەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لە سەرکەیسی ناوکی، هەلومەرج و دەرفەت وبەستێنی جۆراوجۆری سیاسی بەدوای خۆیدا دێنێ کە هێز و لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکانی ئێران، چ ئەوانەی کە ئۆپوزیسیۆنی لە مێژینەی کۆماری ئیسلامین و، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵات و لە چوارچێوەی یاساکان وحاکمییەتی ئەو ڕێژیمەدا بۆ هەلومەرجیکی سیاسی باشتر تێ دەکۆشن، پێویستە بۆ وەرێخستنی خەباتێکی گشتی، بەرین و شێلگیرانە بیانقوزنەوە".

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی پووشپەری ١٣٩٤**
**٢١جۆلای٢٠١٥**

## تاوانی تیرۆریستان لە پرسووس مەحکووم دەکەین

بەداخەوە دیسان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بوونە ئامانجی تاریکپەرستان و دژمنانی ئازادی. بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە لە ئاکامی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە شاری پرسووسی باکووری کوردستان زیاتر لە ٢٠٠ کەس شەهیدو بریندار بوون. ئامانجی ئەمجارەی دژمنانی ئازادی کۆمەڵێک لە لاوانی بژاردەو رووناکبیری سۆسیالیست بووە کە دەیانەویست وەک خۆبەخش بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی شاری کۆبانیی ڕۆژئاوای کوردستان دا بکەن.

ئەمەش دەریدەخا کە ئەم کردەوە تیرۆریستییە ئامانجێکی زۆر جیاوازتر لە کردەوەیەکی تیرۆریستیی ئاسایی لە پشت بووە هەبووە.

کردنە ئامانجی کۆبوونەوەی لاوانی خۆبەخش کە دەیانەویست لە ئاوەدانکردنەوەی شاری خۆڕاگری کۆبانی دا بەشداری بکەن، بە روونی دەریدەخا کە ئەوانەی لە پشت ئەم کردەوە تیرۆریستییەوەن ئامانجی تایبەتیان هەیە.

ئەوان بە کردەوە نیشانیان دا تەنیا ئامانجیان رشتنی رقێکی دڕندانەو هۆڤانە نیە، بەڵکوو ئەوان پێشکەوتنی بزاڤی ئازادیخوازانەو پێشکەوتنخوازانەی کورد کە سەرنج و پشتیوانیی دنیای پێشکەوتووی و مۆدێرنی بۆ لای خۆی راکێشاوە. چونکە ئەوان لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هاوپێوەندیی ئازادیخوان و مرۆڤدۆستان نیگەران و تووڕەن.

تاوانی هۆڤانەی پرسووس ئەگەرچی برینێکی بەژانی دیکەیە بە جەستەی برینداری کوردستانەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی هاوپێوەندیی زیاتری ڕۆڵەکانی کورد لە لایەک و هاوسۆزی و هاوپێوەندیی زیاتری مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز لەلایەکی دیکەوە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە دڕندانەیەی دژمنانی کوردو مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز، هاوخەمیی قووڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی پرسووس و دەردەبڕێ و هیواداره زامدارانی ئەم کردەوە تیرۆریستییەش هەرچی زووتر چاک ببنەوە.

سلاو لە گیانی شەهیدانی پرسووس و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری و ئازادی.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٠١٥/٧/٢١**

# سمیناری " قاسملوو، وانەیەک بۆ خەباتو چرایەک بۆ داهاتوو" لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڤییەن‌دا بە بەڕێوەبردنی سمینارێک یادو بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەرز ڕاگرت.**



لەو سمینارەدا کە بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ ی پووشپەڕ لە ژێرناوی " **قاسملوو، وانەیەک بۆ خەباتو چرایەک بۆ داهاتوو**"و؛ لە سێ پانێڵدا بەڕێوەچوو، تیشک خرایە سەر چەند ڕەهەندێکی فیکریو ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملووی نەمر.

ئەو سمینارە بە ڕاگرتنی ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو بەرنامەی سمینارەکە بە خوێندنەوەی وتارێک لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لەلایەن وڕیا ڕەحمانی، بەڕێوەبەری سمینارەکە دەستی پێکردو دوایە پارچە هەڵبەستێکی حیماسی لەلایەن کاک ئەحمەد قادری پێشکێش بەو یادە کرا.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا دوکتور کاوە مەحموود، جێگری سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان‌و وەزیری پێشووی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسێکی لە ژێر ناوی" دەورو کەسایەتی‌و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و دیپلۆماسیی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا" پێشکێش کرد.

دوکتور کاوە مەحموود لە باسەکەی‌دا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە قاسملوو وەک کەسایەتی‌و سەمبولیکی کورد ملکی تەنیا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو هەموو بەشەکانی کوردستان‌و حیزبە سیاسییەکانی کورد بەشیان بە دوکتور قاسملووی نەمرەوە هەیەو پێویستە هەموومان لە ژیانی سیاسیی قاسملوو فێر بین‌و ئەزموونەکانی کە ڕەنگدانەوەو کەڵەکەبوونی بیرو ئایدیاکانی قاسملوویە، بیکەین بە هەوێنی خەبات‌و تێکۆشان.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە گرینگیی تایبەتەوە باسی لە سەربەخۆیی فیکریی دوکتور قاسملوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردو چەند نموونەیەکی مێژوویی وەک"بەهاری پڕاگ"ی لەو پێوەندییەدا بە نموونە هێنایەوە.

دوکتور کاوە مەحموود لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی حیزبی دێموکڕات وەک حیزبی دوکتور قاسملوو و لە سەر بنەمای فیکریی ئەو ڕێبەرە گەورەی کورد قەت لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی کوردستان پێوەندیی بە دەوڵەتانی ناوچەوە نەبووە، پێی لەسەر ئەو داگرت کە ئەوە بە مانای دابراوبوونی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی لە خەڵکی ئەو بەشانەی کوردستان‌و خەبات‌و خولیاکانیان نەبووە، بەڵکوو سەرکردەیەکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بوو.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کە بۆ باس لە تایبەتمەندییە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو تەرخان کردبوو. پانێلگێڕی دووهەمی سمینارەکە ئەنوەر حوسێن، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکیی سیاسی بوو کە باسەکەی لە ژێرناوی " قاسملوو، سەمبولی حیزبێک، یان نەتەوەیەک" پێشکێش کرد.

ئەنوەر حوسێن لە سەرەتای باسەکەی‌دا گوتی قاسملوو کەسایەتییەکی لۆکاڵی کورد نەبوو، بەڵکوو کەسایەتییەکی گلۆباڵ بوو کە ئەگەرچی ئێستا بە جەستە لە نێوماندا نییە، بەڵام بیرو ئەندێشەکانی، ئەزموون‌و وانەکانی نەک لە خەیاڵگەو بەرنامەکانی حیزبی دێموکڕات، نەک لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات بەتەنیا، بەڵکوو لە دڵ‌و دەروونی تاک تاکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دایە.



ئەنوەر حوسێن لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە نەبوون‌و جێی بەتاڵی دوکتور قاسملوو لە نێو دۆزی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی کردو، بە ئاماژە بە ڕۆڵ‌و کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر دۆزی کورد پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەر ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بیەوێ دوکتور قاسملوولە نێو ببا، ئەگەرچی بۆ ئەو کارەش تێچوویەکی زۆر بداو ڕازی بێ بۆ هەتاهەتایە پەڵەو نەنگی تێرۆریسمی نێودەوڵەتی نە نێوچاوانییەوە بدرێ.

ئەنوەر حوسێن لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دوکتور قاسملوو بەشی زۆری بە گواستنەوەی چەمک‌و پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی دنیای ڕۆژاوا بۆ نێو حیزبی دێموکڕات‌و کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە.

هەروەها بە ئاماژە بەو کلتوورو وانەو بەهاو بایەخە گرینگانە کرد کە لە ڕێگەی دوکتور قاسملووی نەمرەوە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و سیاسەتەکانی‌و لەو ڕێگەیەوە لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهادینە کراوەو هەڵویستی نیشتمانی، بیرکردنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە نموونە هێنایەوە کە لە چەند بڕگەیەکی تاڵ‌و ناخۆشی مێژووی کورد وەک کۆڕەوەکەی ساڵی ٩١ و ڕووداوەکانی شەنگال‌و کۆست‌و کارەساتەکانی باکووری کوردستاندا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشان دراون.

لە پانێلی سێهەمی سمینارەکەش‌دا دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسەکەی خۆی لە ژێر ناوی " ئیرادە لە فەلسەفەی خەباتگێڕیی دوکتور قاسملوودا" پێشکێش کرد.

ئاسۆ حەسەن‌زادە باسەکەی بۆ هەندێک تایبەتمەندیی فیکری‌و کردەیی دوکتور قاسملوو تەرخان کردبوو، گوتی دوکتور قاسملوو کە هەموو ژیانی بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی بەخت کردبوو، لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەیدا هۆوییەت‌سازو هۆوییەت‌بەخش بوو. ئەو بەهۆی ئەو ئاسۆی بیری فراوان‌و کەسایەتییەکی فرەڕەهەندی هەبوو، کەسایەتییەکی جیهانیی لە خۆی دروست کرد، کەسایەتیی ئەو بەرهەمی ئاڵۆزییەکان‌و تەزادە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەو کاتیش‌دا کە پەرەم پەرەم‌و لێکترازاو بوو، ئەو زۆر پێش لە خەڵکەکەی‌و خەڵکانی دیکە کەوتبوو.



ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشە لە قسەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە دوکتور قاسملوو نمادێک بوو لە " سەنتێزەکان" لە حەدی وەسەتەکان، لە عەقڵانییەت، لە هاوسەنگی، هاوسەنگی لە نێوان پێک دژەکان وەک ڕەسەنایەتی‌و مۆدێرنیتە، لە نێوان دێموکڕات‌بوون‌و شۆڕشگێڕبوون‌دا، لە نێوان ناسیۆنالیسم‌و ئیدەئالیسمە مرۆییەکانی دیکەدا، لە نیوان سکۆلاریزم‌و تەعامول لەگەڵ مەزهەب‌دا.

دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕاستە دوکتور قاسملوو خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە ئێران تیۆریزەو پرسی کورد لە ئێرانی وەک پرسێکی سیاسی تەسبیت کرد، بەڵام ئەو هەر پیاوی تیوری نەبوو، بەڵکوو پیاوی کردەوەش بوو. ئەو سیاسەتی وەک پرۆسەیەکی خەتێکی چاو لێنەدەکرد، ئەو پراگماتیست بوو. بە شێوەی جۆراوجۆر مانۆڕی دەدا تا لە هەموو دەرفەتەکان بە قازانجی دۆزی گەلەکەی‌و پرسی نەتەوەکەی کەلک وەرگرێ.

ئاسۆ حەسەن‌زادە لە درێژەی باسەکەی‌دا بە وردی باسی لە هەندێ لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی دوکتور قاسملوو کردو تیشکی خستە سەر هێندێک لە وانەکانی قاسملوو بۆ خەبات‌و ئەندێشەکانی ئەو بۆ ئێستاو داهاتووی خەباتی کورد.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسەکەی بە قسەیەکی دوکتور شەرەفکەندی کۆتایی پێ‌هێنا کە دەڵێ ئەگەر هەموو ئەزموون‌و دەرسەکانی دوکتور قاسملوو لە یەک دەرس‌دا کۆبکەینەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشاو تێگەیاندین کە ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان‌و هێزی خۆمان بێ، ئەگەر پشتی یەکتری بگرین دەردەکەوێ کە چ توانایەکی لە بن‌نەهاتوومان هەیە.

## کۆبوونەوەی هەیئەتێکی ڕێبەریی حدک لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ هەیئەتێکی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە.

ڕۆژی دوو شەممە ١٥ ی پووشپەڕ ( ٧ ی جولای ٢٠١٥ ) شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حسن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندێکی ئەو یەکیەتییە بە سەرپەرستیی غەفور مەخموری، سکرتێری ئەو یەکیەتییە پێشوازییان لێکرا .

لە سەرەتای کۆبوونەوکەدا حسن قادر زادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باسێکی لە بارودۆخی هەستیارو ئاڵۆزی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو بەدوای ئەویش‌دا دۆخی سەرسنوری نێوان باشورو ڕۆژهەڵاتی هێنایە بەر باس ولەو بارەیەوە، سیاسەت‌و ڕوانگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی خستەڕوو و گوتی: چاوەڕوانیمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە چی دیکە ڕێگا نەدرێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوە زیاتر پەراوێز بخرێ‌و کپ بکرێ .



دواتر غەفور مەخموری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان وێرای دەربرینی بیروبۆچون‌و ڕوانگەو سیاسەتەکانی حیزبەکەی لە مەر باسەکانی ئاماژە پێکراو، سەبارەت بە ڕۆڵ‌و نەخشی حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات‌و بە تایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕایگەیاند کەهەمیشە هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پێزانین‌و ئەرک وەخۆگرییەوە مامەڵەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە، بەڵام پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە کەمتر لە ڕۆژەڤی سیاسی‌دا بووە.

## کاری تەبلیغیی لایەنگران‌و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیست‌و شەشەمین ساڵڕۆژی تێرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی

لایەنگران و دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرانسەری شار و ناوچەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی بەرین کاری تەبلیغاتیان ئەنجام دا.

لاوانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت و هەروەها بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، یادی ڕێبەری شەهید د.قاسملوویان بەرز ڕاگرت و تاوانی ٢٢ی پووشپەڕی ڤیەنیان مەحکووم کردەوە.

شایانی باسە لایەنگران و دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هۆگرانی ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەر، بە ناردنی کورتە نامەو کاری تەبلیغی، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی بوێرانە لە بەرزراگرتنی یادی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو لە ٢٦ ساڵەی شەهید بوونی دا هەبووە.

### چۆلبوونی شەقام‌و بازاڕی بەشێک لە شارەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ٢٢ ی پوشپەڕدا، لە کۆمەڵێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان وەڵامی بانگەوازی حیزبی دێموکڕات درایەوەو چولبوونی شەقام‌و بازاڕ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بە سیمای شارەکانەوە دیار بووە.

لە شاری سەردەشت دوکان و بازاڕ تا ڕادەیەکی بەرچاو داخران‌و جموجۆڵی خەڵکیش کەم بووە.

لە شاری مەهابادیش خەڵک شەقامەکانیان چۆڵ کردو دوکان‌و بازار لە بەشێکی زۆری شار نەکرانەوە و هاتوچۆی خەڵکو ماشێن لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا لە ئاستی شاردا یەکجار کەم بووەو بایکۆتکردنی بازاڕو شەقام بە سیمای شارەوە دیارە.



هەروەها خەڵکی شارەکانی سنە، کامیاران و کرماشانیش نێوشارو بازاڕ تا ڕادەیەکی بەرچاو چۆڵ بوون.

هەروەها شاری پیرانشاریش ئەمساڵیش بە نۆرەی خۆی‌و سەرەرای بارودۆخی تەواو ئەمنییەتیی ئەو شارە و میلیتاریزە بوونی ناوچەکان بە هیزی نیزامی، بە پێشوازی بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە چوو. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو شارە، شەقام‌و بازاریان بایکوت کردو لە ماڵەکانیان نەچوونە دەرەوە.

لە شاری بۆکانیش بەشێکی زۆری دوکان‌و بازار لەو شارە لە شەقامی سەرەکیی شار، نەکرانەوەو خەڵک بە کەمی هاتوچۆی نێوشاریان کردوە.

## ژمارەیەک لە ئەندامان‌و دۆستانی حدک لە فەڕانسە لەسەر گلکۆی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ لە پێرلاشێز

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی پووشپەڕ ژمارەیەک لە ئەندامان‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فەرانسە سەردانی گڵکۆی شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزیان کرد.

هاوکات لەگەڵ ٢٦مین ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری گەورەو لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب بە هاوڕێیەتیی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، کاک جەلیل گادانی‌و ژمارەیەک لە دۆستانی حیزب لە پاریس سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد.

لەو سەردانەدا دوای دانانی تاجە گوڵ لەسەر گۆڕی شەهیدان، کاک جەلیل گادانی چەند وتەیەکی لەسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو و کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە مەزنە پێشکەش کردو وێڕای شی کردنەوەی ڕۆڵ‌و دەوری شەهید دوکتور قاسملوو لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و هەر چوار پارچەی کوردستان، شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرەی بە خەسارێکی گەورە بۆ حیزب و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد زانی.



لە کۆتایی‌دا دوای پەیمان نوێکردنەوەی ئەندامان لەگەڵ شەهیدان، بە سەردانی گڵکۆی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کۆتاییان بە کۆبوونەوەکەیان هێنا.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان به بۆنەی ٢٦ساڵەی تێرۆری د.عەبدلرەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی



**خەڵکی خەباتگێر و تێکۆشەری کوردستان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

بیست و شەش ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨(١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩)دا ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، د. عەبدولرەحمانی قاسملوو، عەبدوڵلای قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و د. فازڵ ڕەسووڵ دۆستی حیزبی دیموکرات لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش لە لایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کران. د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە کاتی وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و بە دەستی ئەو تێرۆریستانەی لە بەرگی دیپلۆماسیدا لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە نێردرابوون، شەهید کران.

تێرۆری د. عەبدولرەحمانی قاسملوو زەبرێکی قەرەبوونەکراوی لە بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دا. چونکە د. قاسملوو لە کاریگەرترین و شارەزاترین کەسایەتییەکانی نێوریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوو. بە ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبی دیموکرات ببوو بە گەورەترین و کاریگەرترین هێزی سیاسیی کورد،و کوردستان ببوو بە بەهێزترین و پتەوترین سەنگەری دیفاع لە ئازادی لە ئێراندا.

د. قاسملوو چ لە ڕێبەرایەتیکردن و داڕشتنی سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و چ لە بەرەڕووببوونەوە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەدا کەسایەتییەکی بە بڕشت و شوێندانەر بوو. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا وەک کەسایەتییەکی ناودار دەنگی دەبیسرا و لە تریبوون و کۆڕو کۆبوونەوە نێونەتەوییەکاندا توانیبووی بەباشی نوێنەرایەتیی گەلی بندەست و مافخوراوی کورد بکا و دەی‌توانی زۆر بە باشی بیروڕای گشتیی جیهان لە نێوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و دژی‌گەلیانەی کۆماری ئیسلامی بگەیەنێ.

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

د. قاسملوو لە کاتێکدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت کە ئەم حیزبە پاش شکستی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ بە هۆی لاوازی و پەرش و بڵاویەوە لە دژوارترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی دابوو. د. قاسملوو بوو کە بە لێزانیەوە بناخەکانی ئەو حیزبەی داڕشتەوە و خەت و ڕێبازی سیاسیی بۆ دیاری کرد. بیرو ئەندێشەکانی قاسملوو ڕەنگدانەوەیەکی بەرینیان ئێستاش لە بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبەدا هەیە.

د. قاسملوو باوەڕێکی قووڵی بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی هەبوو و ئەو باوەڕە هیچ کات ڕێگای نەدا کە ڕێز و خۆشەویستیی ئەو لە حیزبەکەی و لە بزووتنەوەی کورددا پەرە بە فەرهەنگی "تاکپەرستی" و "تاکڕەوی" بدا. دیموکراسی لە لای د.قاسملوو تەنیا تاکتیک یان گوتارێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو ئەو دیموکراسیی بە "ماهییەت" و فەلسەفەی بوونی حیزبی دیموکرات دەزانی. لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕی بە سوسیالیزم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبوو، حیزبی دیموکراتی بە نوێنەری چینێکی تایبەت نەدەزانی و هیچ کات پێی وا نەبوو کە دەبێ حیزبەکەی نوێنەرایەتیی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی بکا. ئەو پێی وابوو دیموکراسی کۆی هەموو چین و توێژەکان و ئیدئۆلۆژییەکانە. ئەو فرە چەشنییە ئێستاش لە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتدا حاکمە و دیموکراسی و مافی نەتەوایەتی خاڵی هاوبەش و چەتری هاوبەشی هەموو جیاوازییەکانە.

د. قاسملوو پێی وا بوو دیموکراسی و سوسیالیزم نەک هەر دژی یەکتر نین بەڵکوو تەواوکەری یەکترن. لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەریدا لە روانگەی ئەوەوە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە دنیای سەرمایەداریداو عەداڵەتی سیاسییش لە بەرەی سۆسیالیستیی مەوجوود لەو کاتدا غایب بوون. وەک بۆخۆی دەیگوت کۆمەڵگای داهاتوو هەم دەبێ نانی هەبێ بێ و هەم گوڵی سوور. ئەو پێی وابوو کە کورد وێڕای مافە دیموکراتیک و نەتەوایەتییەکانی لە داهاتوودا دەبێ خاوەنی سیستمێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی بێ. د. قاسملوو توانی ئەو ئامانجە ئینسانی و دادپەروەرانەیە بێنێتە نێو ئەدەبیاتی ساسیی حیزبی دیموکرات کە بە شانازییەوە ئەم حیزبە ئێستاش لەسەر ئەم ڕێبازە سوورە.

د. قاسملوو هەرکە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی بەدەستەوە گرت، بە شارەزایی و لێزانییەکی تەواوەوە بناخەکانی دیپلۆماسیی حیزبەکەی داڕشت. سەربەخۆیی لە بڕیاردان و بەرژەوەندیی کورد چ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و چ لە پێوەندی لەگەڵ هێزە ئێرانی و ناوچەییەکاندا لە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئەم دیپلۆماسییە بوون. لە تریبوون و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوییەکاندا بە راشکاوی و بە دەنگی بەرز سەرنجی بیرو ڕای گشتیی جیهانی بۆ لای کێشەی کورد بە گشتی ڕادەکێشا. هەوڵی بێ وچانی وی بۆ دۆزینەوەی دۆست بۆ کورد هیچ کات نەبووە هۆی ئەوەی کە ئەو پێوەندییە بە زیانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان تەواو بێ. د. قاسملوو بە راشکاوی دەیگوت، دۆستایەتی دەکەین بەڵام ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی فیدای قازانجە نەتەوایەتییەکانمان دەکەین. ئەم پێوەندییانە نەک هەر نەببوونە هۆی دوورکەتنەوەی حیزبی دیموکرات لە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکوو هەوڵی حیزبی دیموکرات بۆ دۆستایەتی لەگەڵ بزووتنەوەکانیان بە گوڕتریش ببوو. ئەم دیپلۆماسییە یەکێک لە لاپەڕە هەرە زێڕینەکانی حیزبی دیموکراتە کە د.قاسملوو بناخەدانەری بوو.

گرێدانی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد بە خەباتی گەلانی بندەست و بێ ماف و راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بۆلای خەباتی ڕەوای کورد لە پرەنسیپەکانی دیپلۆماسیی ئەو بوون. ئەو پێی وابوو گەیاندنی هاواری مەزلوومییەتی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهان ڕێگە لەوە دەگرێ کە نەتەوەی کورد لە بێدەنگی و لە سانسۆردا خەفە بکرێ و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە فشاری نێونەتەوەیی دەتوانێ لە سەرکوت و قەلاچۆکردندا پاشەکشە بە ڕێژیمەکان بکا.

د. قاسملوو توانی گومانی ناتەبایی لە نێوان "ئێرانی‌بوون" و "کوردبوون"دا بڕەوێنێتەوە. ئەو هەم بە ئازایەتی و هەم بە لێزانی لە لایەک هێزە ئێرانییەکانی لەوە گەیاند کە دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان مافێکی ڕەوایە و هیچ چەشنە ناتەباییەکی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ئێراندا نیە، لە لایەکی دیکەش خەبات لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی ئێراندا هیچ چەشنە ناتەباییەکی لەگەڵ بیری نەتەوەیی کور دا نیە. ئەو لە کاتێکدا کە پێی وابوو کورد وەک نەتەوەیەک مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی بەهەر شێوەیەک بێ ـ تەنانەت دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ ـ دیاری بکا، بەڵام لەرووی واقیعبینیی سیاسییەوە پێی وابوو کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ هەوڵ بدا لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا بۆ چارەسەری کێشەکانی هەوڵ بدا. هەر لەو پێناوەشدا دەستێوەردان لە کاروباری بزووتنەوەی پارچەیەک لە کاروباری پارچەیەکی دیکەی بە رەوا نەدەزانی.

د. قاسملوو لە کاتێدا بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرا کە باوەڕێکی قووڵی بە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای وتوێژەوە هەبوو و تێرۆریزمیشی بە هەموو شکڵ و شێوەکانیەوە ڕەت دەکردەوە. د. قاسملوو وێڕای ئەوەی بە داخ بوو لەوەکە کردەوە تێرۆریستییەکان سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان زیاتر ڕادەکێشن، هەر چەشنە کردەوەیەکی تێرۆریستیی مەحکووم دەکرد. بە راشکاوی دەیگوت، تەیارە رفاندن، بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن هەرچەند دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەیە بەڵام لە لایەن حیزبی ئێمەوە مەحکوومە. د. قاسملوو بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو وەسیلەیەک و هەموو تاکتیکێکی بە رەوا نەدەزانی، پێی وابوو بەکارهێنانی تاکتیک و وەسیلەی ناڕەوای وەک تێرۆر، حیزبی دیموکرات لە ئامانجە ئینسانی و دیموکراتیکەکانی دوور دەکاتەوە.

**هێزو کۆڕو کۆمەڵی دژی تێرۆریزم لە سەرانسەری جیهان!**
**خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان!**

لە کاتێکدا یادی ٢٦ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە تێرۆریزم گەورەترین هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی جیهان و گیانی ئینسانەکان. حیزبی دیموکرات پێی وایە ئەوەندەی هێزە تێرۆریستەکان مەترسیدار و بە بەرنامەن، وڵاتان و هێزە دژی تێرۆریستییەکان بەرنامەیەکی روون و شێلگیرانەیان بۆ بەربەرەکانی لە دژی تێرۆریزم دا نیە. رادیکالیزمی مەزهەبی کە هەوێنی تێرۆریزمی ئەم سەردەمەیە یەکەم بڵێسەکانی لە کۆماری ئیسامییەوە هەستان و یەکەم قوربانییەکانی ئازادیخوازنی ئێرانی بە تایبەتی تێکۆشەرانی کورد بوون. وڵاتی ئوتریش و وڵاتانی دیکەش بەبێ تەفاوەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەروەندی تێرۆی د.قاسملوو کرد و حەساسییەتی ئەم شەپۆلە لە تێرۆریزمیان دەرک نەکرد. ئێستاش کە ٢٦ ساڵ لەو تێرۆرە تێ‌پەڕیوە، بەئاکام نەگەیشتنی پەروەندەی ئەم تێرۆرە و تەراتێنی تێرۆریستەکان بە وڵاتانی جیهان لە بەرگی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیدا نیشانەی زەق و ئاشکرای لاوازیی وڵاتانی هەڵگری ئاڵای دژە تێرۆریزمە. لانی کەم نیشانەی هەڵسوکەوتی دژبەیەک و ناتەبا لەگەڵ ڕێژیمێکی تێرۆریست پەروەری وەک کۆماری ئیسلامییە و گەڵاڵە داڕێژەرانی ئەم تێرۆرە لە کۆماری ئیسلامیدا ئێستاش لە بازنەی سەرەکیی دەسەڵاتدان. لەسەر هێز و وڵاتانی بەرەی دژە تێرۆرە کە تێرۆریزم لە تەواوەتیی خۆیدا و لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا مەحکووم بکەن لە بەرامبەریدا رابوەستن. ئەو کاتەیە کە تێرۆریزم پێشی پێ دەگیرێ و کۆنترۆڵ دەکرێ.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٦ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانیدا پەیمانی وەفاداری بە ئامانج و ڕێبازی د. قاسملوو نوێ دەکاتەوە و ئەو گوتار و سیاسەت و پرەنسیپانەی د. قاسملوو هێنانیە نێو حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردەوە، لەسەریان سوورە و پێیان وەفادارە. حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد خۆیان بە قەرزداری دەرس و ئامۆژگارییەکانی مامۆستای خۆیان د. قاسملوو دەزانن و قاسملوو هەتا سەر لە بیر و زەینی نیشتیمانپەروەرانی کورد و تێکۆشەرانی دێموکراتدا زیندوویە.

**سڵاو لە یاد و ناوی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو، کاک عەبدوڵلای قادری ئەزەر و د. فازڵ مەلا رەسووڵ.**

**شکست و سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی و هێزە تێرۆریستییەکانی چەشنی ئەو.**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٤**
**(١٣ی ژووئیەی ٢٠١٥)**

# پێزانینو سوپاسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان

کوردستان، جارێکی دیکە وەفای خۆی بەرامبەر ڕێبەری شەهیدی خەباتە پڕشکۆو پڕ قوربانیدانەکەی خۆی، پێشان دایەوە. دیسان نزیکبوونەوەو هاتنی ٢٢ی پووشپەڕ، بۆوە بە دەرفەت بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دژی سەرکوتو تیرۆریزمی دەولەتی، دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە. ٢٦ ساڵەی بیرەوەریی تاڵی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەن، جارێکی دیکە خەڵکی کۆڵنەدەرو ئازادیخوازی کوردستانی هێنایەوە مەیدان تا بە هەموو شێوەیەکی مومکین، وەفاداریی خۆیان بە باوەڕە نەتەوەیی‌و ئینسانییەکانی ڕێبەری شەهیدی خۆیان د.قاسملوو دووپات بکەنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمساڵ لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ لە بانگەوازێکدا، داوای لە هۆگرانی باوەڕو ئامانجەکانی قاسملووی شەهیدو خەڵکی بێزار لە ستەمو تیرۆر کرد بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ بە تایبەتی بە بایکۆتی شەقامو بازاڕ، ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنو یادی ڕێبەری هەڵکەوتوو د.قاسملوو بەرز ڕابگرن. بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا بڵاو بۆوە کە کۆماری ئیسلامییش وەک سالانی رابردوو بە هەموو توانای پۆلیسی و ئەمنیەتیی خۆیەوە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ چالاکییەکانی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، دەست بە کار ببوو. هەر لەو کاتەدا بە نیگەرانی لە بوونی هێزەکانی پێشمەرگەی دیموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتو لە سەر سنوورەکان، دەورێکی تازە لە لەشکرکێشی بۆ سەر شارو ناوچە سنوورییەکانو زیادکردنی پێگەو بنکە نیزامییەکان دەست پی کردەوە. شانبەشانی زاڵکردنی کەشوهەوایەکی پۆلیسی‌و ئەمنییەتی‌و تەنینی شارەکان بە گەشتو گەڕانی مۆرە جاسووس و خۆفرۆشەکانی، ئیدارەی موخابراتی بۆ دروستکردنی کێشەو گرفت بۆ تۆڕی ئەنترنیتو پیوەندیی تەلەفۆنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و پارازیت خستنە سەر پەخشی بەرنامەکانی کوردکاناڵ ڕاسپارد.

سەرەڕای هەموو هەڕەشەو بەربەستەکان، خەڵکی زۆر لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بە پێشوازی بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هاتن. هەموو پاریزگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە شایەدی هەڵمەتی کارو چالاکیی تەبلیغاتیی بەرینی لاوانی کورد بوون کە لە دروشم نووسین، بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەو پوستێری ڕازاوە بە وتەکانی د.قاسملووو ناردنی کورتەنامەی تایبەت بەم یادە پیک هاتبوون. چڵەپۆپەی ئەم چالاکیانە لە ماڵ نەهاتنەدەرو بایکۆتو چۆلهێشتنەوەی شەقامو بازاڕو شوێنە گشتییەکان لە بەشێکی بەرچاوی چەندین شارو شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. شایانی باسە هەر چەند ڕووی بانگەوازەکەی ئێمە لە خەڵکی نابازاڕی و خاوەن دوکانەکان بوو، بەڵام لە هێندێک شارو شارۆچکە، ڕێژەیەکی شایانی سەرنج لە خاوەن دوکانەکانو بازاڕییەکان، دوکانەکانیان داخستو بەم جۆرە تێکەڵ بە خەڵکی خاوەن هەڵویست بوون. دیمەنێکی دیکە لە دووپاتبوونەوەی ناڕەزایەتی‌و بێزاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێژیمی تیرۆریستو دژەکوری کۆماری ئیسلامی، ئەو خامۆشی‌و چراکوژاندەوەیە بوو کە ڕێژەیەکی بەرین لە ماڵەکان لە شارەکانو گوندەکان لە شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ی پووشپەڕدا بەڕێوەیان برد.

لێرە دا ناکرێ ئاماژە بە یەک یەکی ئەو شارو ناوچانە بکەین کە لاپەڕەیەکی زێڕینو پڕشکۆی دیکە لە وەفاداری بە ڕێگاو ئامانجەکانی د.قاسملووی شەهیدیان خستە سەر مێژووی خۆیان. هەر وەها ناشکرێ هەموو ئەو حەرەکەتو ئیبتکارانە ناوبەرین کە خەڵکی خەباتکارو ئازادیخواز بە نیشانەی هاوپیوەندی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو ڕێبەرە شەهیدەکەی‌و بە مەبەستی پێشانداری بیزاری لە کۆماری ئیسلامی ئەنجامیان داوە. شاراوە نییە کە لە هەرێمی کوردستانو لە وڵاتانی دەرەوەش، هەر وەها لە میدیاکانو تۆڕە کۆمەلایەتییەکانیش‌دا، وێڕای تێکۆشەرانو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، خەباتکارانو ئازادیخوازان بە بیروڕای جیاوازەوە، ڕێزیان لە ڕۆڵی بە نرخی شەهیدی مەزن د.قاسملوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی وئازادیخوازی‌دا گرت و جارێکی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وەک ماکەی سەرکوتو تیرۆریزم، مەحکووم کردەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، زۆر باش دەزانێ ئەم کارو چالاکی‌و هەڵوێستانە لە چ بارودۆخێک دا بەڕێوەچوون‌و خەڵکو تاکە بە هەڵویستو ئەمەگناسەکانی کوردستان چۆن لە کاتو ئیمکاناتو وزەو تەنانەت گیانی خۆیان، مایەیان بۆ بەشداریی دڵسۆزانەو بوێرانە لەم یادە دا، داناوە. هەر بۆیە بە پێزانینەوە دەروانێتە بە دەنگەوەهاتنی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بانگەوازەکەی‌و، سەری ڕێز لە بەرامبەریان‌دا دادەنوێنێ.

ئێوە جارێکی دیکە سەلماندتان کە باشترین وەفاداری بە د.قاسملووی ڕێبەرو شیاوترین هەڵوێست بەرامبەر ڕێژیمێک کە ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیەی لە سەر مێزی وتوویژو لە ڕێگای تێرۆرەوە لە خەڵکی کوردستان ئەستاند، هەر ئەوەیە لە هەموو بۆنەو دەرفەتێکی گونجاو دا، پەیمان لە گەڵ گیانی د.قاسملوو نوێ بکەنەوە کە ڕێگاکەی‌و خوێنە بەناحەق ڕژاوەکەی لە بیر ناکەن‌و هەتا کۆتایی هاتن بە تەمەنی ڕێژیمی جەهلو سەرکوتو تیرۆر، لە سەر خەبات بەردەوام دەبن.

سڵاو لە هەڵوێستی ئەمەگناسانەو بوێرانەتان،

سڵاوو سوپاس بۆ پشتیوانی‌و هاوپێوەندیتان لە گەڵ خەباتو تێکۆشانی ڕێبوارانی ڕێگای د.قاسملووی شەهید،

بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی د.قاسملووو هەموو شەهیدانی کوردستان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤**
**١٤ی جولای ٢٠١٥**

# سەردانی نوێنەرایەتی حیزب لە بنکەی سەرەکی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە بریتانیا



پاشنیوەڕۆی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤ی جولای ٢٠١٥ی زایینی، مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست، بە سەردانێکی فەرمی و لە بنکەی ئەو ڕێکخراوە، لە لایەن بەڕیزان لویس ئایالا، سەرۆکی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست و لەتیفە پێری، ڕاوێژکاری سکرتێر، پێشوازی لێ‌کرا. سەرەتای دانیستنەکە بە باس و خواسیکی تێروتەسەل سەبارەت بە دوایین کۆبوونەوە و دانیشتنی شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست کە حەفتەی ڕابردوو لە بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بەسترا دەستی پێ‌کرد. لویس ئایالا باسی لە بەشداری چالاکانەی هەموو لایەنەکان بە تایبەتی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەو کۆبوونەوەی دوایی دا کرد و سپاسی لایەنە کوردستانییەکانی کرد کە چالاکانە بەشدارییان لە باسەکان‌دا کرد. بە دوای ئەو نوێنەری حیزب، وێڕای باسێک سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان، جێگەو پێگەی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیستی بە تایبەت پاش بەشداریی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان، لە ناو کوردستان بە گرینگ وەسف کرد و داوای کرد کە ئەو ڕێکخراوەیە هەوڵی زیاتر بدات بۆ راکێشانی سەرنجی لایەنە کوردستانییەکانی دیکە بە لای ڕێکخراوی ئی ئێس دا.

# بۆ بیستو شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو



عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ

دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو- دۆستی دێرینم یەکێک بوو لەو پیاوو سەرکردە گەورانەی کورد کە ناویان بە نەمری دەچێتە مێژووی کوردەوە.


کە برای خۆشەویستم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە داوای لێکردم شتێک لەبارەی دوکتۆر قاسملوو بنووسم، بەو نووسینانەدا چوومەوە کە لەمەوبەر لەوبارەیەوە نووسیبووم (ئەوانەی لەبەر دەستمدا بوون) بەتایبەتی پێشەکیی کتێبی (چل ساڵ خەبات)ی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو خۆی کە کردبووم بە عەرەبیو ساڵی ١٩٩١ لەهەولێر بەچاپم گەیاندبوو. ویستم شتێکی تازە بنووسم، هەرچەندە ئەو پێشەکییەی بۆ وەرگێڕانەکە نووسراوە هێشتا بەکوردی بڵاو نەکراوەتەوە. کە ئەوداوایەم لێکرا کتێبی کەسێکی ناسراوی کوردم لەبەردەستدا بوو، کە بەشێکی زۆری بۆ کوردستانی ئێرانو بۆ باسی فەرمانڕەوایانی ئێران تەرخانکرابوو، لە ڕۆژانی قاجارییەوە. کتێبەکەم خستە لاوە، بەڵام بەشەکەی ئێرانم خوێندەوە کە بەڕاستی بەنرخ بوو زۆر بەڵگەی لەفارسیوەرگێڕراویشی تێدا بوو کە بۆمن تازە بوو و باسێکی تازەی دامێ کە لەبارەی مەرگی قاسملووەوە بینووسم.

فارسەکان- یاحوکمدارانی ئێران هەر زۆر لەزووەوە تا ئێستاش دەڵێن: ئێمە دەوڵەتی شەشهەزار ساڵەین. لەوکتێبەدا باسی کوشتنی محەمەد سەعید سوڵتانو سانەکانی هەورامانو هەمزاغای مەنگوڕو هاوەڵەکانیو جوامێرئاغای هەمەوەندو هاوەڵەکانی کراوە کە هەموو بە فێڵ کوژراون، هێنراونە سەر کۆڕی گفتوگۆو دانوستاندنو لەسەر خوانی نانخواردندا کوژراونو ئەو جۆرە کوشتنەی ئێرانییەکان ناونراوە (لطایف‌الحیل).

کتێبەکە لای ئەو ناوانە وەستاوەو بۆ پاش ئەوەش نەگەیشتۆتە سەر شەهیدکردنی (سمایل خانی سمکۆ) و پێشەوا قازی محەمەدو دوکتۆر قاسملوو کە دیارە ئەوانیش هەر بە (لطایف الحیل) شەهید کراون.

چەند جارێک لەبارەی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووەوە نووسیومە، نازانم ئەو (سەعات)ە چۆن بۆ چرکەیەک وەستا. مەبەسم ئەوە بوو، ئەوکەسەی لە خۆپاراستندا زۆر وریا بوو، تەنانەت لە (پراگ)یش، چۆن کەوتە داوەوە. تەنانەت ڕەنگە لەبارەی شەهید (فازیل) یشەوە شتێکی وا بڵێم، ئەویش زۆر وریا بوو. ئیتر هەر (لطایف الحیل)ە کە نازانم کەی کورد وریا دەبێ.

بۆچ لەو ماڵەدا کۆ بوونەوە؟ ئێستاش وڵاتی ئوتریش (نەمسا) ئەو ژنە جوولەکەی بانگ نەکردووە بۆ لێپرسینەوە، کە ناسیاوی (فازیل) بوو و لەماڵی ئەودا کۆ بوونەوە. ئایا دەبێ هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەوەو بیری دوکتۆر قاسملوودا هەبێ –کە ڕای بەرامبەر بە سەهیۆنیزم زۆر ڕەق بوو، لای وابوو کە بیری سەهیۆنیزم شتێکە وەک فاشیزمو نازیسم، یا هەر فرۆشتنی ئەو سێ شەهیدە بێت بە چەند



تەنەکە نەوت؟ خوشکە نەسرین (واتە ئێلێنە خانم)ی خێزانی دوکتۆر قاسملوو ئێستاش بەدووای ئەو شکایەتەوەیە کە لەبارەی شەهیدبوونییەوە کردوویەتی، بەڵام دیارە بێسوودە. ئەی باشە، پاش دوکتۆر قاسملوو شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ کەوتە داوەوە. ئەمەش پرسیارو لێکدانەوەی دەوێت. باشە دەبێ کورد پاش ئەوەی مەسەلەی کورد دانەمرکاوەتەوەو هەر بەرەوپێشەوە دەچێ، دەبێ بە دوو وڵاتی (قاجارو عوسمانی) بڵێین، واز لە (لطایف الحیل) بێنن و وەرن لەگەڵ ئەو کوردەدا بدوێن کە بۆتان لەناو نەچووە. چونکە باوەڕم وا نییە کە مەسەلەی کورد بەرەو دواوە بچێتەوە.

لەبارەی تەجروبەی دوکتۆر قاسملووەوە لە سەرکردەیی حیزبی دێموکراتدا، لەبارەی هەڵبژاردنی (کادر) ەوە، لەبارەی ڕووناکبیریی خۆیەوە

**ئەوەی لام خۆشە، ئێستا هەردوو دێموکڕات ڕێکو نزیکن. لام وانییەو پێویستیش نییە ببنەوە بە یەک. بەڵام با ڕێک بن. کورد نزیکە لە مەبەست**

زۆر شت ماوە کە من یەکێکم – وەک دۆستی دێرینی ئەوو حیزبی دێموکڕات- دەبێ بینووسم. بەڵام باری نەخۆشیو پەلەکردن لە تەواوکردنی هەندێ پرۆژەمدا -پێش مەرگ- جارێ ڕێی لێگرتووم.

ئەوەی لام خۆشە. ئێستا هەردوو دێموکڕات ڕێکو نزیکن. لام وانییەو پێویستیش نییە ببنەوە بە یەک. بەڵام با ڕێک بن. کورد نزیکە لە مەبەست.

**نەمری بۆ دوکتۆر قاسملووی نەمر.**

## یادی کاک سەلام عەزیزی هەمیشە بەرزو بەڕێز بێ!

لە کاتێک دا یادی شەهید بوونی د. قاسملووی ڕێبەر دەکەینەوە، ئەمساڵ ١٦ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی کاک سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دا تێدەپەڕێ. هاورێی تێکۆشەر کاک سەلام



عەزیزی، ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٦ بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە حیزبەکەی و نەتەوەکەی کرد .

کاک سەلام کەسایەتی خەباتگێڕ و بە توانا و یەک لە بەرێوەبەرانی خۆشەویستی حیزبی دێموکڕات بوو کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەموو توانای خۆی بۆ بەرەو پێشبردنی تێکوشانی حیزبی دێموکڕات و خەباتی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد. ماڵاوایی یەکجاری کاک سەلام ناوەخت و زوو بوو بەڵام ڕابردووی خاوێن و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییە بەرزەکانی و شوێندانانی قووڵی لە سەر تێکۆشەرانی حیزبەکەی وایان کردوە هیچ کات یادی ئەو کەسایەتییە، لە بیر هۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەچێتەوە.

**یادی بە خێر و ناوی هەر بەرز و بەڕێز بێ.**

# دیدارو چالاکییەکانی بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حدک لە ئەمریکا

مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو کامەران بالنوور بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە ئەمریکا ڕۆژی هەینی، ١٩ ی پوشپەڕ سەردانی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو لقی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە واشنگتۆن، پایتەختی ئەمریکا کرد.

لەو سەردانەدا خاتوو بەیان سامی عەبدوڵڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا پێشوازیی لە هەیئەتی حیزب کردو خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕی.

لە تەوەرێکی باسەکانی ئەو چاوپێکەوتنەدا باس لە کاروچالاکیو بارودۆخی ڕەوەندی کورد لە ئەمریکا کراو هاوکاریو هاوئاهەنگی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ یەکخستنی هێزو وزەی کورد بۆ بردنە پێشی ئامانجە باڵاکانی گەلەکەمان بە گرینگ زانرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا باس لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەباتی کورد لەو بەشەی وڵات، بە تایبەت کاروچالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراو هەردوو لا هاوڕا بوون لە سەر زەروورەتی هاوکاریو هاوئاهەنگی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەیئەتی حیزبی دیموکرات کوردستان، سەردانی بارەگای لقی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە واشنگتۆن کردو لە لایەن شاندێکی ئەو لقە بەسەرپەرستیی حیکمەت بامەڕنی، لێپرسراوی لق پێشوازیان لێکرا. لەو دیدارەشدا مستەفا شەڵماشی باسێکی تێروتەسەلی لەسەر ڕەوشی کورد بە گشتیو جێگەو پێگەی گرینگی کورد لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا،



بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش هێنایە بەرباس، کە لە لایان شاندی لقی ٧ی پارتییەوە بەرز نرخێندرا.

تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە، هاوکاری و هاوئاهەنگی زیاتری نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بوو لە سەر پێشهاتە نەخوزراوەکانی داهاتووو ئەو مەترسییانەی کە بەرەوڕووی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەبێتەوە، بە تایبەت ئەو مەترسییانەی کە لە لایەن گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک تاقمی تێرۆریستی داعشەوە ڕووی لە باشوورو خۆرئاوای کوردستان کردووە. لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا بڕیار درا کە لەمەدوا هەر دووک حیزب بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکو کارە گرینگەکانی پەیوەندیدار بە کورد هاوکاریو هاریکاری زیاتر یەکتری بکەن.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بەرگی پیشمەرگایەتییان پۆشی



دەورەی ٢١٢ ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە کۆتایی هات

فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ ی پووشپەڕ بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ەورەی ٢١٢ ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی پێکهێناو لەو ڕێوڕەسمەدا پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد بە ڕەسمی چوونە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

ئەو ڕیوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕێژەی بەشداربووانی دەورە دەستی پێکردو پاشان وتاری فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن محەممەد شەهرەوان، بەرپرسی فێرگە پێشکێش کرا.

بەڕێزان وێڕای پیرۆزبایی پێگوتن بە بەشدارانی دەورە باسی لە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بردنەپێشێی دۆزی کورد لە ئێران بە هەموو شێوەکانی خەباتی کرد. پێویستیی گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەریو باس لە چالاککردنەوەی خەباتی سیاسیو نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئێران دوو تەوەری دیکەی باسەکەی کاک محەممەد شەهرەوان، بەرپرسی فێرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا پەڕژایە سەر سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی بۆ وڵاتانی دراوسێو پەرەپێدان بە تێرۆریسم لەرێگەی پشتیوانی لە گرووپەکانی سەر بە خۆی لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، لوبنانو عێراق کردو ئەوەی بە سیاسەتێکی شکستخواردوو لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای جیهاندا ناوبرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا پەیامی دەورەی و٢١٢ ی فێرگە لەلایەن سمایل ئەحمەد نژاد خوێندرایەوە کە تێیدا هاتبوو ئەو پۆلە لاوە بە ئیمان بە ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەدو خەباتی پڕشانازیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕیزەکانی ئەو حیزبەیان بۆ تێکۆشان هەڵبژاردوە.

بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە پەیامی بەشدارانی دەورەکە لەلایەن پێشەوا منبەری، یەکێک لە بەشداربووانی ئەو دەورەیەوە خوێندرایەوە. ئەو بە ئاماژە گیانفیدایی خەڵکی نیەر لە ناوچەی هەورامانو پێشکێش کردنی زیاتر لە ٧٠ شەهید هەر لەو گوندە پیرۆزبایی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کردو گوتی جموجۆڵی ئەو چەند ساڵەی حیزبی دێموکرات لە کوردستانو ناوچە سنوورییەکان چرای هیوای لە دڵی خەڵکی کوردستاندا گەشاندۆتەوە.

خوێندنەوەی ڕاپۆرتی فێرکاریی دەورە لەلایەن حامید شەریفیو دابەشکردنی خەڵات بەسەر چەند سەرکەوتوویەکی ئەو دەورەیە چەند بڕگەیەکی دیکەی جێژنی کۆتایی دەورەی ٢١٢ ی سەرەتایی پێشمەرگە بوو.

# سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر لە بارەگای بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستان

لە کۆبوونەوەی نێوان هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێرو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستاندا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان تاوتوێ کران.

ڕۆژی دووشەممە ١٥ ی پووشپەری ٩٤ ( ٦ ی جولای ٢٠١٥)هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حسن کاکیلی سەردانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن هەیئەتێکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خدر روسی، سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانەوە، پێشوازییان لێ کرا .

هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای ئەو دیدارەدا ئاوڕێکی لە روداوو ئاڵوگۆڕە هەستیارەکان لە کوردستانو هەرێمی کوردستانو چۆنیەتی هەڵسوکەتی حیزبو لایەنەسیاسییەکانی باشورو سەرجەم لایەنەکانی دیکەی کوردستان لە ئاست بارودۆخو پێشهاتەکان دایەوەو ئەو بابەتانەی لەگەڵ هەیئەتی بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستان تاوتوێ کرد.



دوو لایەن لە باسو خوێندنەوەیان بۆ ئەو پرسانە هاوهەڵوێستو ڕوانگەی هاوبەشیان هەبوو.

لە کۆتایی دانیشتەنەکەدا دوو لایەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە روانگەی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەییو بە هەست بە پرسایەتی کردنی نیشتمانی پێیان وابوو کە چارەسەری کێشەی نێوان حیزبو هێزە سیاسییەکانیان بە دانیشتن و دیالۆگ تاکە مێکانیزمی گونجاوو سەردەمیانە بۆ دەرباز بوون لەو کێشەو ئالۆزانەیە کە بەرەوڕووی کوردستان بوونەتەوە

# کۆڕێکی ماتەمینی لە ئوستralیا، بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشەری کۆچکردوو مام براییم پەیرەوان

ئیوارەی روژی شەممە ٤ی جولای ٢٠١٥ی زایینی، کۆڕێکی ماتەمین بۆ ریز گرتن لە خەبات و تیکوشانی مام برایم پەیرەوان پیشمەرگەی کۆچ کردوویی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئادیلاید،ی وڵاتی ئوستralیا ڕێکخرا. لەو کۆڕیادە کە بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی ئەو شارە تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەیی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. ئینجا لە لایەن بەڕیوەبەری کۆڕیادەکە، شەهلا پەیڕەوان بەخێرهاتنی ئامادە بووان کرا. پاشان چەندین وێنەی تێکۆشەرمام براییم بە ڤیدیۆسلاید و ئاوێتەی دەنگی ئەحمەد شێربەگی نیشانی ئامادە بوان درا.بە دوای ئەو دا هەیاس کاردۆ، پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کومیتەی ئوسترالیای پێشکەش کرد. بە دوای ئەو دا خاتوو فەریدە نەخشی پارچە هۆنراوەیەکی مامۆستا هێمن،ی خوێندەوە. ئینجا مامۆستا چەکۆ باران پارچە هۆنراوەیەکی لەگەڵ موزیکی دڵ لاوێنی کاک سیروان مەولانا پێشکەش کرد. کاک سماییل وەحیدفەر، چەند وتەیەکی سەبارەت بە مامبرایمی کۆچکردوو باس پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادە دا، محەمەد پشدەری پەیامی کەرتی ڕێکخستنی ئەدالاید،ی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی خوێندەوە. هەرەوەها کاک یوسف بێماڵ پەیامێکی خوێندەوە. لە کۆتایی ئەو ڕێوڕسمە دا تێکۆشەری دێرین کاک حوسێن پەیڕەوان، وەک هاوسنگەر و برازای مام براییم، وتەیەکی سەبارەت بە کەسایەتی بەرزی مام براییم و ڕێزوخۆشەویستی ئەو لە ناو هاوڕێ هەڤاڵان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەروەها دەور و نەخشی لە سەردەمی شۆڕشی شاخ دا پێشکەش کرد.

بە نیشاندانی کورتە فیلمێک لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی مام براییم، کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدک بۆی ڕێکخرابوو، کۆتایی بەو کۆڕە ماتەمینە هات.

# بزووتنەوەی کورد و پرسیارە سەرەکییەکانی وتووێژێکی سەرکەوتوو



ئارەش لورستانی
و:سیروان مووساپور

ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرهەمی وتووێژێک بوو کە زیاتر لە دەیەیەکی خایاند، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردیش لە ساڵانی سەرەتای دوای شۆڕشی ٥٧ وتووێژێکی دەگەڵ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد کە بەهۆی کارشکێنی سیستەمی دەسەڵاتدار بێئاکام مایەوە و بەجێگەی لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتنی هاوبەش، خومەینی و دەوروبەرەکانی بڕیاریان دا مافخوازیی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە سەرانسەرییەکەی بە هێرشی تەواو عەیاری هێزە نیزامییەکان و هەڵگیرساندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە کوردستاندا سەرکووت بکەن. ساڵێک دوای کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق، دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێشگرتن لە زیان و خەسارەتی زیاتر، وڵامی ئەرێنیی بە داوای وتووێژی کۆماری ئیسلامی دایەوە چونکە حیزبی دێموکرات لەبەرامبەر هێرشی نیزامیدا ناچار بە بەرگریی لە نەتەوەی خۆی کرابوو و، کاتێک هێزی هێرشبەر و دەسدرێژیکار بۆ سەر کوردستان، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان داوای دانیشتن و وتووێژی کردبوو، سرووشتییە حیزبی دێموکراتیش بە ئامانجی جێگیربوونی ئاشتیی، ئامادەی گفتوگۆ و وتووێژ بوو؛ بەڵام ئەمجارە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا مەبەستی واقعیی بۆ چارەسەری کێشەکان و ڕێزدانان بۆ مافە نەتەوەییەکانی کوردی نەبوو، بەڵکو دەیەویست لەڕێگەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، مێشکی بیرمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کورد لەنێو بەرێت و وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران دەست بە کوشتاری چالاکە کوردەکان بکا. ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگ و هەستیار بوو کە ناچار کرا کەڵک لەو دیپلۆماتانە وەرگرێ کە بۆ تیرۆر هەڵبژێردرابوون.

### حیزبە کوردستانییەکان لە کوردستانی ئێراندا خاوەن چ دەسەڵات و ئیختیارگەلێکن؟ حیزبە کوردییەکان تا چ ڕادەیەک دەتوانن بۆ بەشداریی سیاسیی لە دەسەڵاتی ڕێژیمی حاکمدا بەشدار بن؟

حیزبی دێموکرات بە هەڵبژاردنی دوکتۆر شەرەفکەندی وەک جێگری دوکتۆر قاسملووی شەهید و هەروەها بە پشت بەستن بە بەشداریی بەربڵاوی نەتەوەی کورد توانی هەروا کارایی و زیندوویەتی بە بزووتنەوەی کورد ببەخشێ و درێژە بە ڕێگەی خۆی بدا. ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێران جارێکی دیکە بە پیلانی میکۆنۆس توانی دوکتۆر شەرەفکەندی تیرۆر بکا بەڵام ئەم کردەوەیە سەرەڕای ئەو تێچووە گرانەی کە بۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی هەبوو، دەزگای دادوەریی ئەڵمانیا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک حکوومەتێکی ڕێکخەری تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکوم کرد.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندین جار لەلایەن هێندێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و چەند کەسایەتیی و گرووپی سیاسیی و مەدەنی، بابەتی وتووێژ دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتۆتەئاراوە کە بابەتەکە تا ئێستا هەروا بەشێوەی قسەوباسی مەحفەلی و سەرەتایی ماوەتەوە.

وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەزموونێکی گرنگ بوو کە کۆماری ئیسلامی تێیدا ناچار بە نەرمی نواندن و یان بە واتایەک «نرمش قهرمانانه« بوو و ئەوەی قبووڵ کرد کە دوژمنایەتی دەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا ناتوانێ هەتاهەتایە درێژەی هەبێ و دەبێ لەنێو دوو بژاردەی «تەحریم و گۆشەگیریی نێونەتەوەیی» یان «ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕێگەی هەڵپەساردن و هەمواركردنی بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە ناوکییەکانی خۆی»ن یەکێکیان هەڵبژێرێ. وڵامی کۆماری ئیسلامی قبووڵکردنی بژاردەی دووەم بوو کە ڕەنگدانەوەکەی لە ڕێککەوتنی ئەمدواییانەدا دەرکەوت.

هەنووکە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، وەک وتووێژی ئەتۆمی، ڕوانگە و ڕێگەیەکی دیکە دەگرێتەبەر یان وتووێژ بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانی هەروا ئامرازێکە بۆ سەرکووتی زیاتر یان کڕینی کات و بەلاڕێدابردنی بەشێک لە بیروڕای کۆمەڵگە بۆ درێژەدانی حاکمییەتی خۆی؟ داخوا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا بۆ خەڵک خەڵەتاندن بە ئامانجی زیادکردن بەشداریی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجام دەدرێ؟ یان سەرەڕای هاتنەئارای لەلایەن بەشێک لە کەسایەتی و لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم، وەک دژیەکیی پێکهاتەیی لەبەرامبەر مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە؟ بە دەستەواژەیەکی دیکە بەرنامە و وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد ئایا کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی داواکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران دەکاتەوە و ئەگەر وەها ڕەوشێک بێتە پێش، ئایا سیستەمی حاکم ئامادەیی قبووڵکردنی وتووێژی دەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی ئێراندا هەیە؟ ئایا نەتەوە غەیرە کوردەکانی ئێران، بۆ بەرگریی لە مافەکان و وەدیهێنانی داخوازییەکانیان خاوەن حیزبی بەهێزن یان بە فەڕز ئەگەر وتووێژ دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بکرێ، ئەو نەتەوانەی خاوەن حیزبی سیاسی نین، کار بۆ دامەزراندن و دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر ناکەن؟ دامەزراندن و دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەکانی ئێران دەبێ؟ سیستەمی حاکم بەسەر ئێراندا تا چ ڕادەیەک ئەم پرسیارانە بە گرنگ و شیاوی هەڵسەنگاندن دادەنێ و لە بڕیاردانی کۆتاییدا لەبەرچاویان دەگرێ؟


لەلایەکی دیکەوە کاتێک بە گۆشەنیگای چالاکێکی کورد یان حیزبێکی سیاسیی کوردستانی لەو مەسەلەیە دەڕوانین، بابەت و پرسیارگەلی زۆر گرنگی دیکەش دێنەئاراوە کە دەبێ وڵام بدرێنەوە. بۆ نموونە حیزبە کوردستانییەکان لە کوردستانی ئێراندا خاوەن چ دەسەڵات و ئیختیارگەلێکن؟ حیزبە کوردییەکان تا چ ڕادەیەک دەتوانن بۆ بەشداریی سیاسیی لە دەسەڵاتی ڕێژیمی حاکمدا بەشدار بن؟

پێوەندیی حیزبە کوردییەکانی ئێران دەگەڵ بەشەکانی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران چۆن پێناسە دەکرێ؟ حیزبە کوردییەکان بۆ بانگەشەی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و پێکهێنانی سیستەمی فێرکاریی و میدیایی نەتەوەیی کورد چەندەیان ئازادیی کردەوە دەبێ؟ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردستانییەکانی دیکە چۆن دەخرێتە بەرباس؟ بۆ قەرەبووی زیانەکانی هێرشی حکوومەتی ناوەندی بۆ کوردستان و لەنێوبردن و ڕەواندنەوەی کەشی ئەمنییەتی و نیزامیی هەنووکەیی دەبێ چ هەنگاوگەلێک باوێژرێن و چ بکرێ؟

کۆماری ئیسلامی لەباری ماڵیی و بوودجە چ پشکێکی بۆ چالاکیی حیزبەکان لەبەرچاو دەگرێ؟ لە حاڵەتێکدا کە وتووێژ بێتەئاراوە و حیزبە کوردستانییەکان و حکوومەتی ناوەندی بگەنە ڕێککەوتن، چ گرەنتییەک بۆ جێبەجێبوونی ڕێککەوتنەکە دەبێ؟ ئەم پرسیارانە و هێندێک پرسیاری سەرەکیی دیکە گرنگترینی ئەو بابەتانەن کە لەلایەن حیزبە کوردییەکان هاتونەتەئاراوە و وڵامێکی گونجاو و لۆژیکییان پێویستە.

### حیزبە کوردییەکان بۆ بانگەشەی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و پێکهێنانی سیستەمی فێرکاریی و میدیایی نەتەوەیی کورد چەندەیان ئازادیی کردەوە دەبێ؟ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردستانییەکانی دیکە چۆن دەخرێتە بەرباس؟

کەواتە بە سەرنجدان بە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرامبەر حیزبە کوردستانییەکان و ئەو کردەوە نادروست و پڕتێچووانەی کە حکوومەتی ناوەندی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندوون و بوونەتەهۆی بێمتمانەیی ئەم نەتەوەیە و حیزبەکانیان، لەوانەیە ئەگەر بە ئینسافەوە سەیری بابەتی سەرەوە بکەین، دەبینین کۆماری ئیسلامی پشکێکی زۆر زیاتری بۆ وڵامدانەوە بە حیزبە کوردستانییەکان و نەتەوەی کورد هەیە. ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێراندا ناچارە یان هاوشێوەی حکوومەتە ناوەندییەکانی تورکیا، ئێراق و سووریا ئیزنی چالاکیی ئازاد و بەشداریی سیاسیی بە کوردەکانی ئێران بدا یان وەک ڕابردوو هەروا ڕووبەڕووی بەرگریی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کورد ببێتەوە. بەرگرییەک کە سەرەڕای شەهیدبوونی زۆر لە ڕێبەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد وەک پێشەوا قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی و ... چەندین نەسڵە درێژەی هەیە و هەر نەسڵێکیش بە بەدەسهێنانی ئەزموون، یارمەتیی بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەی داوە.





## پێوەندیی ئێران و ئەمریکا لە ژێر تیشکی ڕێککەوتنی ڤییەن دا



حەسەن شێخانی

دانوستانەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١، لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو. لە دوایین خولی دانوستانەکان کە ڕێککەوتنی ڤییەنی لێ کەوتەوە، جان کێری، وەزیری دەرەوەی بەهێزترین وڵاتی دنیا، بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ لە ڤییەن مایەوە. لە خولەکانی پێشووتریش دا بە دەیان و بگرە سەدان کاتژمێر لەگەڵ جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە وتووێژ دا بووە. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری جیددییەت(وپێویستی)ی ئەمریکا بوو بۆ چارەسەری ئەو پرسە.

لایەنی سەرەکیی ئێران لەو دانوستانانەدا ئەمریکا بوو و وڵاتانی دیکەی ٥+١ ڕۆڵێکی کەم بایەختریان هەبوو. ساغبوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە سەر خاڵە جێناکۆکەکان، نەخشێکی یەکلاکەرەوەی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن هەبوو.

یەکێک لەو باسانەی کە لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن دا لە ئارا دایە، ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لە سەر پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا دەبێ؟

بە هۆکارگەلێکی زۆر، بێ متمانەییەکی قووڵ لە نێوان ئێران و ئەمریکا دا هەیە. ئەمەش وایکردووە کە ئێران نیگەران بێ لەوەی کە ئەمریکا پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبێ یان دوای «ئیسراحەتێکی ناوکی»، فایلی دیکە لە دژی ئێران بکاتەوە و فازی دوایی پرۆژەی قەیرانسازیی و کێشەسازیی بۆ ئێران بۆ مەیدانی موشەکی و مافی مرۆڤ و پشتیوانی ئێران لە تیرۆریزم بگوازێتەوە. ئەم نیگەرانییە لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئامانجی ئەمریکا تەنیا بەرتەسک کردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێران نییە، بەڵکوو دەیەوێ لە بوارەکانی دیکەش دا لانی کەم ئێران ناچار بە گۆڕینی ڕەفتار بکا. ئەمە تەنیا نیگەرانی ئێران نییە، بەڵکوو ئەگەرێکە کە لە ئارا دایە.

ڕاستە ئۆباما دەڵێ: ئێمە تەنیا لە سەر پرسی ناوکی لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووین و لە بوارەکانی دیکەدا کێشەکانمان لە جێی خۆیەتی؛ یان خامنەیی دەڵێ: درێژە بە سیاسەتی دژەئەمریکایی خۆمان دەدەین و لە دۆستانمان لە ناوچەکەدا پشتیوانی دەکەین؛ یان کۆشکی سپی لە وەڵامی دژبەرانی ڕێککەوتنەکە دا دەڵێ: ئەگەر لە داهاتوودا بمانەوێ هێرش بکەینە سەر ئێران، بە زانیاری زیاترەوە ئەو کارە دەکەین؛ بێجگە لەوانەش پرسی ناوکیی ئێران، پرسێکی کۆتایی هاتوو نییە و لەوانەیە لە قۆناغی جێبەجێ کردن دا لەگەڵ کەندوکۆسپ بەرەوڕوو بێ؛ بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە ئەگەرێکی بەهێزتر ئەوەیە کە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا کەمتر بێتەوە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە بە چارەسەربوونی کێشەی ناوکی، قەبارە و هەژماری کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە کەمتر دەبێتەوە. دووەم: لە پەراوێزی ئەو دانوستانەنەدا پرسی دیکەش هاتۆتە گۆڕێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە بارەوە کراوە. بەم هۆیانە کە دوو لایەن چاویان لەوەیە کە لە بوارەکانی دیکەش دا بتوانن بەیەکەوە هاوکاری بکەن. خامنەیی و ڕوحانی دەڵێن: ئەگەر ڕۆژئاوا و ئەمریکا پابەندی ڕێککەوتنەکە بن و بەڵێنییەکانیان پێشێل نەکەن، ئەوە لە بوارەکانی دیکەش دا، بە تایبەت لە پرسەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، هاوکارییان لەگەڵ دەکەن.

یەکێک لەو شرۆڤانەی بۆ ڕێککەوتنی ڤییەن دەکرێ ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرەو پێش دەبا و هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە نەرمتر و عەقڵانیتر دەکا. دەقی ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەک فۆرمولە کراوە کە هەر چەشنە لادانێکی ئێران، دەرەنجامی زۆر خراپی بۆ ئێران بە دواوە دەبێ. لە لایەکی دیکەش ئەگەر ئەمریکا ببێتە هۆی پێشێل کردنی ڕێککەوتن، ڕاگرتنی کۆدەنگیی پێکهاتوو لە دژی ئێران ئاستەمتر دەبێ و لە سەر پێگەی ئەمریکا لە ئاستی نێونەتەوەییش دا بێ کاریگەر نابێ. بێجگە لەوەش لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا ئیمتیازی زۆری وەرگرتووە و بەرنامەی ناوکیی ئێران بە شێوەیەکی تکنیکی و حوقووقی زۆر بەرتەسک کراوەتەوە، زەحمەتە کە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێ. لەوانەیە لەبەر ئەوەش بێ کە جێب بوش پاڵێوراوی سەرکۆماریی ٢٠١٦ی ئەمریکا، دەڵێ: ڕێز دەگرم لەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئێران کراوە و هەر کەسێکی دیکە ببێتە سەرکۆمار، ڕێککەوتنەکە قبووڵ دەکا.

بۆ ئەوەی وێنایەکی دروستترمان لە کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی لە سەر پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا هەبێ، پێویستە کە هاوکێشەی هێزی نێوان زلهێزەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە بەرچاو بگرین.

شرۆڤەیەک کە لەم بوارەدا دەخرێتە ڕوو ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی سوکبار بکا و لەبەر ئەوەی کە وڵاتی چین بە خێرایی لە گەشەسەندن دایە، سەرنجی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چڕ بکاتەوە. لەم پێناوەش دایە کە ئەمریکا دەیەوێ گرژییەکانی لەگەڵ ئێران کەم بکاتەوە.

ئەگەر ئەمریکا بە مەسڵەحەتی زانیبا کە بە شێوەی دیکە بەرنامەی ناوکیی ئێران بەرتەسک بکاتەوە یا کۆتایی پێ بێنێ، دانوستانی نەدەکرد. واتە ڕێککەوتن بەرهەمی نیازی ئەمریکاش بوو. هێز لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان فاکتەرێکی دیاریکەرە. ئەگەر ئێران لە داهاتوودا نەتوانێ خۆی بەهێز بکا و بە هۆی ئەو ڕێککەوتنە نەتوانێ کار لە سەر فاکتەرەکانی هێزی بکا و، لە لایەکی دیکەش ئەمریکا لە توانا و بەرژەوەندیی دا بێ، ئەوە ئەمریکا لەوانەیە بە شێوەی دیکەش ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە.

لەو دوو ئەگەرەی باس کرا، لە حاڵەتی جێبەجێ بوونی ڕێککەوتنەکەدا، ئەگەری کەم بوونەوەی گرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئەگەرێکی جێی باسترە. بە سەرنجدان بە پێکهاتەی شوناسبەخشی ئێران و قەبارەی کێشەکانی نێوانیان، تا درێژماوە ناتوانین باس لە پێوەندیی ئاسایی نێوان ئەو دوو وڵاتە بکەین.



# مردن لەپێناو چ دا!

**کوێستان فتوحی**

بەشێوەی نێونجی لە هەر چرکەیەکدا ١/٤ کەس لە جیهاندا بە هۆی خۆکوژییەوە گیان لەدەست دەدەن. ڕێکخراوەکانی لەشساغی وڵاتان، ساڵانە نیگەرانی خۆیان لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکان دەردەبڕن. *

دەگوترێ مردنە مانا دەدا بە ژیان! بەو مانایە ژیان بۆیە جوان و شیرینە چونکە لە کۆتاییدا مەرگ ڕێگای لێگرتوە! یەکێک لە تایبەتمەندییە جوان و زیندووەکانی مرۆڤ ژیانخۆشەویستییە. بەڵام ئەوانەی مردن بەسەر ژیاندا هەڵدەبژێرن و لە ژیان و زیندوویی ڕادەکەن، دەبێ ژیانیان چ تاڵ و ئازاراوی بێ، کە خۆیان بەرەوپیلی مردن دەچن؟! بۆ دەبێ توانەوە و لەناوچوونی «خود» بەمەبەستی هەڵاتن لە ئازارەکان بکرێتە ئامانج؟ ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە ئازارەکان خۆت لەناو بەری.

پەرەسەندنی خۆکوژی دیاردەیەکی خەمهێنەری ئەم قۆناغەی ژیانی زۆر لە کۆمەڵگاکانە. ئەگەر خەسارناسییەکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ، دەبینین کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتدارەتییدا دەتوانین بڵێین سیستماتیک هەوڵی وێرانکاری ناخی مرۆڤی کوردی داوە. پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد لە نێو لاواندا، ڕێژەی خۆکوژییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان لە نێو تاکەکاندا، ناعەدالەتیی سیستمی دەسەڵات، هەژاری و بێکاری، نەبوونی ئازادییەکان، زاڵبوونی کەلتووری پیاوسالاری و باوکسالاری و پەرەپێدانی ئەو کەلتوورەوە لەلایەن سیستمەوە، هەمووی ئەوانە کاریگەریی نالەباری لەسەر دەروونی تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و بەم هۆیەوە نائومێدی و نەگبەتی ڕووی لە مرۆڤەکان کردوە. بەڵام ئایا مردن ڕێگەچارەی دەربازبوون لە هەموو نائومێدی و کێشەکانە؟

ئەمە کارەساتە تەنیا لە ماوەی دوو حەوتوودا ١٠ کەس هەوڵی خۆکوژییان داوە! نەک لە وڵاتێک، بەڵکوو لە شارێک و ناوچەیەک، ٦ کەسیان تەنیا لە گوندی «قەلەرەشە»[1] و ٤ کەسەکەی دیکەش لە شاری سەردەشت و دەوروبەر بوون. دڵتەزێن و جێگەی نیگەرانییە لە شارێک لە ماوەی دوو حەوتوودا ١٠ کەس هەوڵی خۆکوژی بدەن!

ئەگەرچی مۆتەکەی خۆکوژی تەنیا شاری سەردەشت و گوندی قەلەرەشەی دانەگرتوە، بەڵکوو ئەمە لە زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کەم و زۆر مانگ نیە چەندین هەواڵی خۆکوژی لە ڕاگەیەنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو نەبێتەوە، بەڵام بۆ شارێکی چووکەی وەک سەردەشت ڕووداوێکی مەترسیدارە کە بەم ڕێژە زۆرە لاوەکانی ڕوو لە خۆکوژی بکەن. ڕێژەی زۆرتری خۆکوژییەکانیش لەنێو ژنان دایە.

تا ئێستاش ئەم مەسەلەیە نەبۆتە باسێک بۆ بیرلێکردنەوەی بەرپرسان و دەسەڵاتداران، بۆ چارەیەکی ئەگەر نەڵێین بەپەلە، بەڵام لانیکەم بەجۆرێک بۆ پێش گرتن لەم کارەساتە ئینسانییە بەو ڕێژە زۆرە. بۆ ئەوەی سێبەری مەرگ باڵ بەسەر ژیاندۆستی مرۆڤەکانی دیکەی ئەم وڵاتەدا دانەپۆشێ.

کارەساتی خۆکوژیی تایبەت نیە بەم ساڵانەی دواییەوە، ئەوەی جێی نیگەرانییە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکانە لە ناوچە جۆراوجۆر و هەژارەکانی کوردستانە. دیارە خۆکوژییەکان هەمووی پێوەندیی بە هەژاری و نەبوونییەوە نیە، هەڵبەت گومانی تێدا نیە هەژاری و نەبوونی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان. بەڵام بە بڕوای زۆر لە شارەزایانی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسان؛ گوێنەدان بە خواستی لاوان و ژنان و پشت گوێخستنیان لە لایەن بنەماڵەوە، چاولێکەرییەکان، شکستی خۆشەویستی، هەژاریو نەبوونی و چەندین هۆکاری دیکە دەبنە هۆی ئەوەی تاک تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لەو نەهامەتیانە خۆلەناوبردن هەڵبژێرێ.



خوشکی یەکێک لەو کەسانەی سەردەشت کە هەوڵی خۆکوژی داوە، بۆ ماڵپەری «فرهیختاگان»ی ڕاگەیاندوە، باوک و براکەم ڕێگەیان نەدا خوشکەکەم تەڵاق وەرگرێ و دەڵێ خوشکەکەی من ٢١ ساڵی تەمەن بوو و تەنیا ٦ مانگ بوو ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو، هاوسەرەکەی بەردەوام پێی دەگوت «من کچێکی دیکەم خۆش دەوێ و نامەوێ لەگەڵ تۆ درێژە بە ژیان بدەم»! ئەو دەڵێ «خوشکەکەم لەسەر ئەو قسانەی کە هاوسەرەکەی پێی دەگوت، زۆر جار لەگەڵ براو باوکم باسی کردوە و داوای لێ کردوون پشتیوانی لێ بکەن تا لێی جیابێتەوە، بەڵام ئەوان نەک هیچ پشتیوانییەکیان لێ نەکرد، پێیان دەگوت بەهەرجۆرێک بێ دەبێ درێژە بەژیان بەدەی لەگەڵ هاوسەرەکەت»!... تا ڕۆژێ دیتمان خوشکەکەم بە دارێکەوە خۆی هەڵواسیوە و خنکاوە. پاشان دەڵێ هێشتا ڕێورەسمی پرسەی خوشکەکەم تەواو نەببوو، لە سێڕۆژەی مەرگیدا بووین هەواڵی مردنی کچێکی ٢٠ ساڵەی دیکەمان بیست. دیسان لە ڕێورەسمی پرسەی ئەویش دا هەواڵیان هێنا کچێکی دیکەی ١٧ ساڵەی دێیەکەمان «قەلەرەشە» ئەویش خۆی هەڵواسیوە! بەڵێ قەلەرەشە لەم ڕۆژانەدا بۆنی مەرگی لێ دێ!

***

ئەم هەواڵە دڵتەزێنانە بەردەوام و نموونەی ئەو ئازارانە زۆرن لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا. هەرلەم بارەیەوە لەگەڵ هەر کەسێک قسە دەکەی ئاهونالەی دێ لە دەست کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێکاری و ناخەمخۆری بەرپرسان و دەسەلاتداران. لە گەڵ خانمێکی چالاکی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گفتگۆمان دەکرد، ئەو بەم دێرە ڕوانگەی خۆی لە بارەی ئەم هەموو خۆکوژییەوە دەربڕی: «لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیان خۆی مەرگە»!

قسەی ئەو خانمە بۆ لێوردبوونەوە دەبێ، چونکە ناهومێدی لێبەدی دەکرێ. بەتایبەتی لە زمان کەسێکەوە دەبیسترێ کە خۆی لە بواری فەرهەنگییەوە ساڵانێکە ڕۆڵی هەیە. ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن قورساییان هەبێ لەسەر ئاگا کردنەوەی کەسانێکی دیکە کە ناهومێدی ژیانی داگرتوون، بەڵام بەداخەوە نەبوونی بواری تێکۆشان بۆ چالاکی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ئەوندەی دیکە کاریگەری خراپی لەسەر دۆخەکە داناوە.

بەرپەرچدانەوەی سەختییەکانی ژیان زۆر ڕێگاو شێوەی هەیە بەڵام ئایا هەڵبژاردنی مەرگ لاوازیی ئەو ئینسانانە دەردەخا؟

دیارە ناکرێ ئەوانەی خۆکوژی هەڵدەبژێرن، لۆمە بکرێن و بڵێین ئەوان لاوازترین کەسەکانن. لەنێو ئەوانیش دا کەسانێک هەن بەدەست نەخۆشیی خەمۆکییەوە ئازار دەکێشن، هەن کەسانێک دەیانەوێ بە مردنی خۆیان کەسانی دەوروبەریان کە پێیان وایە ئەوانن بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم ژیانە تاڵە بەنسیبیان بێ، ئازار بدەن. دیارە خۆکوژی ئەگەر ڕووداو و کاردانەوەیەکی کوتوپڕە، بەڵام پرۆسەیەکی دوورو درێژە لە ژیانێکی دژوار و ناهەموار کە ئەم کاردانەوەیەی لێ دەکەوێتەوە. واتە نەهامەتییەکانی ژیانە ئینسانەکان بەرەو بێهیوایی دەبات، بەڵام ئەم بێهیواییە چۆن ڕێگەی لێ دەگیرێ؟

### ڕێکاری بەپەلەی کۆتایی هێنەر یان کەمکردنەوەی خۆکوژی

کاتێک بەرپرسان و دەسەلاتدارانی ئێران لەم پێناوەدا بێخەمی خۆیان بە نیسبەت ئەم کارەساتانە نیشان داوە و چاوەڕوانییەکیان لێ ناکرێ ستراتیژی و پلانێکیان بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەبێ، دەی کەوایە ڕێگەچارەی دیکە چین؟ ئەگەر پێمان وابێ هەر دەسەڵات دەبێ بیر لەچارەسەرەکان بکاتەوە، ئەوە هەڵەیە، بەتایبەتی دەسەلاتێک کە ماهییەتی نامرۆڤانەی بۆ هەموولایەک دەرکەوتوە.

کەواتە دەبێ پێشڕەوان و ئالاهەلگرانی گۆڕانەکۆمەڵایەتییەکان، وەخۆکەون. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی کوردستان کە هەموویان ئیدیعای پێشەنگایەتی و گۆڕان دەکەن، نابێ بە بیانووی جۆراوجۆر خۆیان لەم مەسەلەیە ببوێرن. هەموولایەک دەبێ هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ ئاگایی بەخشین بەکۆمەڵگەی کوردستان و سەرنجی خەڵک ڕابکێشن بۆ نیشاندانی بێزراویی کردەوەی خۆکوژی و، تاکەکان تێبگەیەنن کە ڕێگەچارە تەنیا ناهومێدی و مردن نیە. وەخۆکەوتن بۆ ئومێدبەخشین لەنێو کۆمەڵگەدا، کەمترین کارە کە دەکرێ بیکەن! ئەو ئەرکە جیا نیە لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی، فەرهەنگی، مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی. ئەگەر ناتوانن ڕێگەچارەی ئابووری و سیاسی بخەنەروو کەکاریگەرترین فاکتەرن بۆ کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتییەکان، بەڵام دەتوانن لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە خۆبخزێننە نێو ناخی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەوە. ئینسان دەبێ لە ناخی خۆیەوە دەست پێ بکا. پێویستە بە هەر ڕێگەیەکی مومکین پێش بە پەرەسەندنی ئەم کارەساتە ئینسانییە بگیردرێ. دواڕۆژی کومەڵگەی کوردستان بەندە بە هیوا بەژیانی ئینسانەکان لەم وڵاتەدا. ئەم هیوایە دەبێ بەهەرشێوەیەک بێ بگەڕێتەوە بۆ ناخی ئینسانەکان. قەیرانەکان کێشەیەک نین ساتوسەودای سیاسیی پێوە بکرێ. ناکرێ بۆ «پەریناز»ی مەهاباد کە گوترا عامیلی سەرەکیی مردنەکەی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، خەڵک هان بدرێن بۆ نارەزایەتی و دروشمی بڕووخێ و بمرێ بڕژێنە سەر شەقام و داوای لێپرسینەوە لە دەسەڵات بکەن، بەڵام مەرگ و خۆکوژیی پۆل پۆلی لاوان و بە تایبەتی ژنان کە هۆکارێکی سەرەکی، دەسەڵاتی پیاوسالاری و باوکسالارییە، خۆی لێبێدەنگ بکرێ.

ڕەنگە ئەو هەوڵانە ئاکامێکی دڵخوازی نەبێ، بەڵام پشتگوێ خستنیشی کارەساتی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

[1]گوندی قەلەرەشە، سەربە ناوچەی سوێسنایەتی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەرچاوە:

* ماڵپەڕی: vista.ir

---

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# نائۆمیدی تۆ، نائۆمیدی کۆمەڵگا نیە!



**خالید محەممەدزادە**

جیاوازی نێوان دوو سیستمی سیاسی لە ئێران‌و تورکیە بۆ کوردو ڕۆڵی کورد لە بازنەی ئەم دوو وڵاتە لە ساڵانی ڕابردوو جێگەی مشتومری چالاکانی سیاسی بووە، بە جۆرێک کە زۆرێک لە چالاکانی سیاسی بەرەپێشچوونی بزووتنەوەی کوردی لە باکوور دەبەستنەوە بە کرانەوە بوونی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە لە چاو ئێران‌و لە جێ دا لێدانی بزووتنەوەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەبەستنەوە بە داخراوبوونی سیستمی سیاسی ئێران. ئەمەش جۆرێک لە بەرپرسیارنەبوونی لە ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە دۆخی کوردی بەرهەم هێناوە.

بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە جیاوازی نێوان ئێران‌و تورکیە، بە نیسبەت کوردەوە، هەر جیاوازی دوو سیستمی سیاسی نیە، بەڵکوو جیاوازی دوو جۆر کوردبوونە، جیاوازی دوو جۆری ڕەهەندی کارییە بە جۆرێک ئەوەی کوردی باکوور دەیکات، کوردی ڕۆژهەڵات نایکات‌و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

هەڵەیەکی گەورە دەکەین سەرکەوتنی کورد لە تورکیە تەنیاو تەنیا ببەستینەوە بە ڕەهەندی کرانەوە بوونی سیستم لە تورکیەو پەراوێزنشینی کوردیش لە ئێران ببەستینەوە بە داخراوبوونی سیستمی سیاسی، لە کاتێکدا ئەوەی کورد لە باکوور وەک کارتی فشار کاری کردوە، کورد لە ئێران ئەو کارتە فشارە نەبووەو کاری بۆ نەکردووە.

توتالیتەر بوونی سیستەمی سیاسیی ئیرانی، بە تایبەت لە ئێستا فۆرمێک لە مرۆڤی سیاسی‌و حیزبی سیاسی‌و ... نائۆمیدی ڕۆژهەڵاتی بارهێناوە کە سەر زمان‌و بن زمانی ئەوەیە بڵێ «هیچمان پێ ناکری«و ڕۆژانە خەریکی بڵاوکردنەوەی تۆوی نائومیدی‌و تەمبەڵی بڵاوکردنەوەیەو سەرمەستانەش لە پشتی لاپتوپەکەی دژی هەر جووڵەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوستێتەوە!

ئەم سیاسیەی ئێستا چی‌تر ئەو سیاسیە نیە زانکۆ بە جێ بهێڵی‌و بێتە شاخ‌و سەرپەرشتی نارەزاییەکان بکات، دەست لە خۆشگوزەرانی ئوروپا هەڵبگریت‌و بێتەوە کوردستان. ئەو نە ئامادەیە خۆی باج بدات‌و نە دەیەوێ کۆمەڵگاکەشی ئەم باجە لە پێناو داهاتوویەکی باشتر بدات.

ئەم مرۆڤەی ئێستا بە تەواوەتی تەسلیمی گوتاری سیستمی سیاسی بووەو نایشارێتەوە کە تا ئەم سیستمە هەبێ هیچ ناکرێت، قەناعەتێک کە سیستەمی پۆلیسی حکومەت ساڵانێکە کار لە سەر مایەپوچکردنی ئۆپۆزیسیون‌و چالاکانی سیاسی دەکات‌و هەموو هەوڵی ئەوەیە قەناعەتیان پێ بهێنرێت کە هیچیان لە دست نایەو دەست بە کڵاوی خۆیان بگرن باشترە!.

لە دۆخێکی دا ئاوادا ئەم کائینە ڕۆژانە بەم تێگەیشتنەوە ڕووبەڕووی هەر جووڵەیەک دەبێتەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت‌و سازی خەوتنی کۆمەڵگا لێ دەدات‌و بە ئۆمێدی گەڕانەوەی خۆی دەیانباتە خەوێکی قووڵەوە. لای ئەو هیچ شتێک بە بێ ئیزنی کۆماری ئیسلامی ناجووڵێ‌و ئەوەی بجووڵێ دەستی حکوومەتی تێدایە.

لە ڕاستی‌دا ئەوەی کار لە سەر سڕبوونی کۆمەڵگاو خاڵیکردنەوەی لە هەر پوتانسیەلێکی بەرەنگاربونەوە دەکات تەنیا سیستمە سیاسیەکەی نیە، بەڵکوو بەشێک زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنەکەشیەتی کە ڕۆژگارێک لە پێناو گۆڕانی گەورەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هاتنە مەیدان، بەڵام ئەمرۆکە خۆیان بوون بە تاسەی هەر جووڵەیەک‌و ئەوەی بە خۆی ناکرێت پێی وایە بە خەڵکیش ناکرێت.

ئەم تابلۆیە ئەم کاتە کۆمێدی تر خۆی پیشان دەدات کە ئەم عەقلیەتە ئەوەی بۆ کوردی ڕۆژهەلات بە ڕەوا نازانی لە جورەکانی خەبات‌و جولەی شەقام، بۆ کوردی بەشەکانی تر بە ڕەوای دەزانی‌و هەندەی بە سەر ڕۆژهەلات دەگورێنی کە دانیشن هیچیان پی ناکریت، بە قەد ئەوەش هانی باکور دەدات بۆ بەشداری لە هەلبژاردنەکان‌و چەپلە بۆ داخوازی حیزبی بۆ باشوریش لی دەدات!

هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە ناکارابوون‌و ناکاراکردنی ئۆپۆزیسیون لەم دۆخە، تەفسیر بکرێ بە ناکارایی کۆمەڵگاو پیمان وابێت کۆمەلگاش لە سڕبوونی ئۆپۆزیسیون هیچی پی ناکرێت، لە بیرمان نەچی ئەمە ئەو کۆمەلگایە هەمیشە پڕە لە نارەزایی‌و هەر جار ناجارێک وەک خۆپیشاندانەکەی مەهاباد تەعبیر لەم نارەزایی بوونەی دەکات.

ئەرکی ئۆپۆزیسیون لە دۆخێکی ئاوادا ریبەری‌و وەگەرخستنی نارەزاییەکان‌و جولاندنی کۆمەلگاو هوشیارکردنەوەیەتی کە نائۆمیدی گشتی لێ نەکەویتەوەو بەڵکوو ئۆمید بە گۆرانی داهاتوویەکی باش نەهادینە بکات.

دەبێ ئاگادار بین ئۆپۆزیسیونی تەمبەل‌و نائۆمیدهینەر، کە سالانێکە ناچالاکبوونی خوی بە پاساوی «پاراستنی باشور» دەشاریتەوە، جارێکی تر بە بیانوی توتالیتەر بوونی سیستمی سیاسی ئیران‌و گۆیا کەس هیچی پی ناکرێت، کۆمەلگا نەباتەوە بۆ خەوێکی هەمیشەیی‌و لە نیوان سیستەمی کۆماری ئیسلامی‌و ئۆپۆزیسیونەکەی، زیندوو هیشتنەوەی کۆمەلگاو گرتنە بەری کوی ڕەهەندەکانی خەبات ببی بەپرسێکی هەمە لایەنە بۆ هەمووان لە پیناو هیشتنەوەی کۆمەلگایەکی چالاک.

# یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری ١٠ پێشمەرگەی دێموکرات لە پەڕەژاڵ



حەمەرەسووڵ کەریمی

ساڵێک دوای تیرۆرکران و شەهید کردنی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هێزەکانی پێشمەرگەی دێموکرات، بۆ یادو بیرەوەری و بۆ زەربە لێدان

لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکی چالاکی و عەمەلیاتی چەکداری بوون. لە خواروی کوردستان‌ڕا تا سەرووی کوردستان بە گشتی هێزەکانی پێشمەرگە زەربەی گورچووبڕیان لە پەیکەری لەرزۆکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەوەشاند و دوژمنیش لە ئاست هێرشی پێشمەرگەدا زەبوون و دەستاوەستان مابۆوە.

هێزەکانی ڕێژیم کەم و زۆر لە بەرەبەری تیرۆری ناجوانمێرانەی شەهید دوکتور قاسملوو دا لە مۆڵگە و لە سەنگەرەکانی خۆیان نەدەهاتنەدەر و نەیاندەوێرا بجوڵێن و کەمتر هاتووچۆیان دەکرد. بەو حاڵەشەو لە ٥ ی پووشپەڕەوە تا ٢٥ ی پووشپەڕ هێزەکانی پێشمەرگە توانیبوویان چەندین زەربەی توند لە هێزەکانی ڕێژیم بدەن و تامی شکستیان پێ بچێژن.

ئەو چەند عەمەلیاتەی خوارەوە تەنیا لە دەفتەری بیرەوەریی خۆمدا چەند نموونەیەکن لە قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی دیموکرات لە عەمەلیاتە چووک و گەورەکان دا:

هێزی زمزیران لە ڕۆژی ٥ ی پووشپەردا لە عەمەلیاتێک دا و لە چەند خولەکێک دا توانیان دەست بە سەر پایەگای گوندی «نیسکاوێ» لە ناوچەی سەردەشت دابگرن و دوای کوشتنی چەند کەس لە بەکرێگیراوان و بە دیل گرتنی ٨ کەس بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بە پێشمەرگەکان بگا، مەیدانی شەرەکەیان بەجێ هێشت.


هەر ئەو هێزە پێشمەرگەیەی هێزی زمزیران، لە ڕۆژی ٩ی پووشپەر دا لە نێوان گوندەکانی وەتماناوێ و شینوێ لە «خرێ دووهەزاری» گروهی زەربەتی سەردەشتیان لە داوی خۆیان خست و ئەو گروهەیان تەفروتونا کرد و بۆ خۆیان بە سلامەتی مەیدانی شەرەکەیان بە جێ هێشت.

هێزی ئاگری لە مەڵبەندی شیمال لە ڕۆژی ١٥ ی پووشپەر لە ناوچەی شپیران دەستیان بەسەر مۆڵگەیەکی زۆر گرینگی دوژمن داگرت و ٢٠ کەسیان لێ بە دیل گرتن و دواتر پایەگایەکەیان بە هەموو کەل و پەلەکانەوە تەفروتونا کرد و بۆ خۆشیان بە سلامەتی مەیدانی شەرەکەیان بە جێ هێشتبوو.

هەر لەو ڕۆژەدا هێزی شەهید پێشەوا دەستیان بە سەر پایەگای نیزامی «پیربایز» لە چەند کیلۆمیتری شاری مەهاباد لە سەر جادەی مەهاباد-پەسوێ داگرت و دوای کوشتن و بەدیل گرتنی هەموو چەکدارانی ڕێژیم، مۆڵگەکەیان وێران کرد و بۆ خۆشیان بە سلامەتی دەرباز دەبن.

لە ڕۆژی ١٨ ی پووشپەر لە تەنیشت شاری شنۆ، پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین، لە سەر جادەی شنۆ بۆ پیرانشار ستوونێکی نیزامیی ڕێژیم دەخنە داوی خۆیان و زەربەیەکی توندیان لێدەدەن و بە دەیان کەسیان لێ‌دەکوژن و هاوکاتیش ٢١ کەس لە کوژراوەکان شناسایی دەکەن و بۆ خۆشیان بە سلامەتی دەگەڕێنەوە شوێنی دیاریکراوی خۆیان.

لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ ی پووشپەر دا، هێزەکانی شەهید پێشەوا و بەیان لە ناوچەی گەورکی سەقز، دوای دوو شەو و دوو ڕۆژ شەری نابەرابەر توانیان زەربەیەکی قورس لە پەیکەری هێزی زۆر و بۆری ڕێژیم بدەن و بە دەیان کەسیان لێ بکوژن و هاوکاتیش بە دەیان کەسیان لێ بەدیل بگرن. بە داخەوە لەو شەڕەدا ٨ پێشمەرگەی قارەمان شەهید دەبن.




ئەوانە تەنیا بەشێکی بچووکن لە عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە بەرەبەری ساڵڕۆژی شەهید بوونی شەهیدی مەزن دوکتور ڕەحمان قاسملوودا.

هاوکات هێزەکانی ڕێژێمی کۆماری بۆ زەربە لێدان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی فێڵبازانە، لە پیلان و بەرنامە دابوو. بۆیە بە ناردنی سیخور و تیرۆریست بۆ نێو هێزی پێشمەرگە دەیهەویست ورەی پێشمەرگە دابەزێنێ. یەکێک لەو سیخورە خۆفرۆشانە، لە هێزی ٢ی ڕێبەندان دا خۆی مەڵاس دابوو.

هێزی ٢ ی ڕێبەندان هێزێکی دەست وەشین و پارتیزانی دێموکرات بوو، دوژمن لە ناوچەی سەقز و هاوشار و دەوروبەری سەقزدا نەیدەوێرا سەر ببزوێ و هەر بۆیە ڕێژیم خەریکی پیلانێک بوو زەربە لێدان لەو هێزە.

مەڵبەندی ٢ بە گشتی دوای چەند ڕۆژ بە ڕێگا دا ڕۆیشتن دەچنە شوێنێک بە ناوی هەرمێ دۆڵ لە ناوچەی شلێری سەقز.

دەستەیەک پێشمەرگەی ١٢ کەسی بۆ چاوەدێری دەچنە شاخێک بە ناوی پەڕەژاڵ. ئەو دەستە پێشمەرگەیە لەبەر ئەوە پێشتر ڕێگایەکی دوور و درێژیان بریبوو، زۆر شەکەت و ماندوو دەبن. هاورێی فەرماندە لیستەی نیگاهبانی ئامادە دەکات و دواتر پێشمەرگەکان لە بن سێبەری گاشەبەردێک و لە تەنیشت یەک لە کیسەخەوەکانیان دا سەر وەسەر ڕەخت و فیشەکدانەکەیان دەکەن و وەک فریشتە چاو لێکدەنێن. خەوێکی قورس بە سەریان دا زاڵ دەبێ. ئەوان لەوە دڵنیان کە ئەو شوێنەی لێی ماونەوە شوێنێکی ئەستەم و جێگای مەترسی نییە، هەر بۆیەش زۆر بە ئارامی و لە ژێر تروسکە تروسکی ئەستێرە و تریفەی مانگەشەوی پووشپەر دا لە بەر ماندوویی و شەکەتی و بە ئاواتی ئاسۆ و ڕۆژێکی نوێ چاوەگەشەکانیان لێک دەنێن و دەخەون.

لە بەرەبەیانی‌دا ئەبووبەکری سیخوور و نۆکەر سففەت، دەرفەت دێنێ و بە هەڵگرتنی چەند چەکێکی تەنیشت پێشمەرگەکان لە سەر گاشەبەردەکە ڕا، هەر ١١ پەپوولە خەوتووەکان، لە نێو کیسەخەوکانیاندا وەبەر دەستڕێژی گوللە دەدا و ١٠ کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی دیموکرات، ئەوانەی بە دڵێکی ئاسوودەوە خەوت بوون بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاسۆی بەیانی و شەبەقی ڕۆژ، جارێکی دیکە چەک لە شان بەرەو خەبات هەنگاو بنێن، شەهید دەکا و بۆ خۆشی بەرەو مۆڵگەیەکی ڕێژیم ڕادەکا و خۆی دەگەیێنێتەوە باوەشی ڕێژێمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران.

دواتر یەکێک لە پێشمەرگە دەرباز بووەکان، هەواڵی جەرگبڕی شەهید بوونی ١٠ کەس بە کادرو پێشمەرگەکان ڕادەگەیێنێ و هاوڕێیانی مەڵبەندی ٢ بە دڵێکی خەمین و بە پەرۆشەوە تەرمی ١٠ کوڕە پێشمەرگەی دڵ پڕ لە هیوا لە تەختی عەوالان بە خاکی نیشتمان دەسپێرن.

ناوی ئەو ١٠ شەهیدە سەربەرزەی گەلەکەمان بریتن‌لە:

شەهیدان خالید عەبدوڵڵاهی، خالید شەعبانی، سەیفوڵڵا نەعلبەندی، مستەفا حاجی زادە، جەماڵ کورتەکی، هادی پاڵانی، ڕەحیم بەهانەت، محەممەد سەدیقی، فەریدوون قادری و لوقمان ئەلیاسی.

ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە هەمان ڕۆژ دا شەهید کران کە ڕێبەرەکەیان ساڵێک پێشتر بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە ویەن شەهید کرابوو. ئەوان چرای تەمەنیان بە دەستی ڕەشی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی کوژایەوە، بەڵام تروسکەی چاوەکانیان وەک بریسکە بریسکی ئەستێرە لە ئاسمانی ساماڵی کوردستان دا هەروا دەبریسکێنەوە، ئەوان بە جەستە لە گەڵمان نەماون، بەڵام بیر و ڕێباز و ئامانجیان هەروا پڕ ڕێبوارە و هەنووکەش لاوانی وڵات لە سەر باوەر و ئیمان و ئیرادەی ئەوان خەباتی خۆیان لە سەنگەری بەرگری کوردستان دا، لە سەنگەری قوتابخانەدا، لە سەنگەری بەندیخانە و سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی دیکە دا درێژە دەدەن.

لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو ١٠ تێکۆشەرەدا جارێکی دیکە پەیمانی درێژەدان بە ڕێبازەکەیان نوێ دەکەینەوە.

**ڕووحیان شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.**

**ریسوایی بۆ خائینان و تیرۆریستان**

# بەردەوامی توندوتیژی دژی ژنان



ڕەزا محەممەدئەمینی

شەوی سێ شەممە٢٣ی پووشپەر چوار کچ و ژن لە شاری بۆکان دەکەونە بەر هێرشی تێزاب پرژاندن لە لایەن چەند تاوانبارێکەوە و بەداخەوە بریندار دەکرێن. بۆ ڕۆژی دواتر خەڵکی ئەم شارە سەرەڕای هەڕەشەی هێزە سەرکوتکەرەکان، بەشێوەیەکی زۆر هێمنانە دێنە سەر شەقامەکان و بە بەرز کردنەوەی پلاکارد و نووسراوە، ئەم تاوانە قزێونە مەحکووم دەکەن. بەو حاڵەش هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر خەڵکی و وێڕای دەست بەسەر کردنی چەند کەسێک، بە زۆرە ملێ بڵاوە بە خۆپێشاندەران دەکەن.

لەو پێوەندییەدا هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم ڕایانگەیاندوە کە سێ کەسیان دەست بەسەر کردوە کە دانیان بەو تاوانەدا هێناوە و بە وتەی ئەوان ئەو سێ تاوانبارە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیان بە هۆی خواردنی ماددەی هۆشبەر لە حالەتی ئاسایی دا نەبوون.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تاوانی تێزاب پرژاندن بە سەر ژنان لە زۆربەی شارەکانی ئێران‌دا رووی لە زیاد بوون کردووە؛ هەر دوور نەڕۆین چەند مانگ لەمەوبەر لە شاری ئیسفەهان ١٤ ژن کەوتنە بەر هێرشی تێزاب پرژاندن و دواتر دەرکەوت تاوانباران کەسانی سەر بە بەسیج و ستادی بەناو»امر بە معروف و نهی از منکر»بوون. دیارە وەک هەموو تاوانەکانی دەستەو تاقمە گوێ لە مستەکانی ڕێژیم ، لەو تاوانە نامرۆڤانەیەش دا تاوانباران کەوتنە بەر «ڕەحمەتی» دەزگای قەزایی ڕێژیم و کەس نەیزانی چیان لێهات و پەروەندەکە چۆن دیزە بە دەرخۆنە کرا.

هەر چەند کاربەدەستانی ڕێژیم لە بۆکان ڕایانگەیاندوە کە سێ کەسیان لەو پێوەندییە دا دەست بەسەر کردوە و بە ڕواڵەت وا وێدەچێ کە ئەو تاوانە، کاری بەسیج و دار و دەستەی خۆی نین کە دیارە زۆر جێی گومانە؛ بەو حاڵەش ئەگەر ئەو ئیدئعایەش ڕاست بێ، دیسان کاربەدەستانی ڕێژیم لە ڕوودانی ئەو جۆرە تاوانەدا بەرپرسیارن. دزگا ئەمنیەکانی ڕێژیم بەر پرسیارن لە دابین کردنی ئاسایش و ئارامی و بەرگری کردن لە پەرە سەندنی توند وتیژی بەرانبەر کۆمەڵگا و بەتاییبەت ژنان. ئەوە کە سێ کەس ماددەی هۆشبەر مەسرەف دەکەن و لە بەر چاوی خەڵکی تێزاب بە سەر و چاوی ژنان دادەکەن، لە لایەک نیشانەی نەبوونی ئەمنیەت و فەزای سڵامەتە لەو شارە ولە لایەکی دیکەش پێشاندەری ناکارامەیی و بێ تەفاوەتی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییە کانییەتی لە دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک.

جگە لەوەش بەروونی دیارە ئەو تاوانە، تاوانێکی سووک و سادەی کۆمەڵایەتی نییە و لە خانەی تۆڵە سەندنەوەیەی بنەماڵەیی‌دا ناگونجێ و ناکرێ بڵێین تاوانباران بە بێ هۆ ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە.ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەو سێ کەسە بە بێ ئەوەی کێشەی شەخسییان لەگەڵ ئەو کچ و ژنانە هەبێ تێزاب پرژێنیان کردوون، کەواتە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەسیج و ستادی بەناو «امر بە معروف و نهی از منکر»یش پێوەندیان نەبووبێ، ئەوا لەسەر هەمان ڕێ و ڕێچکە ڕۆیشتوون وهەمان بۆچوون و بیرۆکە پیس و گڵاوەیان بە کردەوە بە ئەنجام گەیاندوە کە کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی تەمەنی نیگریسی خۆیدا وەک سیاسەتی فەرمی لە بەرانبەر ژنان دا




بەرێوەی بردوە.

هەر لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە وەک ڕێژیمێکی ئیسلامی شێعە، لە ناوچە سوننە مەزهەبەکانی ئێرانیش و یەک لەوان کوردستان دا، بە ڕواڵەت وەک دژ کردەوەیەک لە بەرانبەر ستەمی مەزهەبی دەسەڵات ، کۆڕو کۆمەڵە سەلەفییە سوننەکان سەریان هەڵداو بەرە بەرە روویان لە پەرە سەندن کرد. لە سەرەتا دا و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دژایەتی نەشاراوەی خۆیان لەگەڵ گرووپ و ئایینە جۆراوجۆرەکانی دیکەی غەیری شیعە، نەک هەر بەرەنگاری ئەو تاقم و کۆمەڵانە نەبووە ،بەڵکوو بۆ زەبر لێدان لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بۆ دامرکاندنی هەستی نەتەوایەتی، بەتایبەت لە ناو لاوەکان دا زۆر بە باشی کەڵکی لێوەرگرتن بە هەموو شێوەیەک یارمەتی دەدان. دیارە هەر کات ئەو دەستەو تاقمانە، کورد گوتەنی ئەگەر پێدرێژیان کردبا و لە کار و چالاکییەکانیان‌دا هێڵە سوورەکانی ڕێژیمیان بەزاندبا، بەناوی باوەری «وەهابییەت» وابەستە بوون بە عەرەبستانی سعوودی دەمکوت دەکران.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت لەپاش سەرهەڵدانی سەرەتانی «داعش» لە عێراق و سوورییە و بەهێز بوونی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناو موسوڵمانە توندرەوەکان دا، ئەو دەستەو تاقمە سەلەفییانەی کوردستانیش کە لە ڕاستی دا ڕێک هەمان بیر و بۆچوونی داعشیان هەیە، وەخۆ کەوتوون وبە باوەری چەوتی خۆیان، بەناوی ئیسلام و شەریعەت و بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە نا ئیسلامییەکان دەستیان داوەتە زۆر کار و کردەوەی ناشیاو دژی مرۆڤایەتی کە بێگومان تێزاب پرژاندن بە سەر ژنان لە شاری بۆکانیش یەکێک لەو کردەوە قزێونانەیە.

شک لەوە دانییە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان کە لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بە هەزاران شەهیدی بۆ دراوە ، هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بەربەرەکانی لەگەڵ دەستەو تاقمە سەلەفیی و بناژۆ ئیسلامییەکانی کوردستان دا نییە و پێویستە هاوتەریب لەگەڵ یەک بەرەو پێشەوەی ببەین و خەباتی لە دژیان بۆ بکەین.هەر بۆیەش ئەرکی سەر شانی هەموو تاکێکی کورد، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینیی و رووناکبیرانی نەتەوەکەمانە بە گژ ئەو بیرۆکە چەوت و مەترسیدارە دا بچنەوە و نەهێڵن مزگەوت و مەکتەب و مەدرەسەکان ببن بە شوێنی پەرە گرتنی سەلەفییەت و هەڵخەڵەتاندن و بە لارێدا بردنی لاوە کانمان.هەر ئێستا دەیان کەس لە لاوانی شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە پاش مێشک شووشتنەوە و هەڵخەڵەتاندنیان لە لایەن سەلەفییەکانەوە ،چوونەتە ناو داعش و تەنانەت چەند کەسیشیان لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دا کوژراون.

لە کۆتایی دا وێرای هاودەردی لەگەڵ ئەو خانمە بەرێزانەی کە بوونە قوربانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە و هیوای سارێژ بوونەوەی برینەکانیان، پێویستە لەسەر هەمووکمان خەمخۆری لاوەکانمان بین و لە ئاست داهاتوویان دا خۆمان بە بەرپرس بزانین؛چونکە بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی نەک هەر بە شێوەی پێویست هیچ هەنگاوێک بۆ بەرەورووبوونەوەی کار و کردەوە دژی ئینسانیانەی ئەم دەستەو تاقمانە ناهاوێژێ، بەڵکوو لە ڕاستی دا زۆریش بەو وەزعە کەیف خۆشە و بە دڵێتی ئەگەر کۆمەڵی کوردەواری وبەتایبەت ژنان و کچانی کوردستان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دابن و نەوێرن بە دڵنیاییەوە لە ماڵ بێنە دەرەوە.

# گۆڕانکارییە بەهێزەکان لە هاوسەنگیی هێز و دەسەڵاتی وڵاتان هەتا ساڵی ٢٠٥٠،



موختار نەقشبەندی

**ئایا شەڕی جیهانیی سێیەم ڕوو دەدا؟**

لە نزیکەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ وێنە دژیەکیی بەرژەوەندییەکان، ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکان، ڕەگەزپەرستی و تەنانەت ترس (شەڕی پێشگیرانە) بە سەدان شەڕی گەورە و بچووک لە جیهاندا ڕوویان داوە کە گەورەترینیان شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم بووە کە بە دەیان ملیۆن نیزامیی و دەیان ملیۆن غەیرەنیزامی گیانیان لەدەست دا و زۆر ناوچەی جیهانیش وێران و کاول بوون. شەڕی ویێتنام، شەڕی نێوخۆیی لە یۆگسلاڤیای پێشوو، کوشتاری ڕوواندا، شەڕ لە نیمچەدورگەی کۆریا و شەڕەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکان و هەروەها شەڕەکانی کەنداوی فارسیش وێڕای زەبری توندیان لە ئابووریی جیهان، گیانی ملیۆنان کەسیشیان ئەستاندوە و ملیۆنان کەسی دیکەشیان تووشی ئاوارەیی و سەرگەردانی کردووە.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، دژایەتییە ئایدۆلۆژییەکان و ململانێ ناتەندروستەکانی نێوان بلوکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بۆ دەیان ساڵ جیهانیان تووشی قۆناغێک کرد کە بە شەڕی سارد بەناوبانگە کە لەم قۆناغەشدا هەزاران ملیارد دۆلار لە سەرمایەی وڵاتانی جیهان بەتایبەت ئەمریکا و شورەوی پێشوو لەڕێگەی وەدیهێنان و بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی شەڕ بەتایبەت چەکە کۆمەڵکوژەکان خەرج کرا. بەهەمهێنان و پاشەکەوتکردنی چەکە ناوکییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا بۆ ماوەی دەیان ساڵ سێبەری مەرگ و ئاگری بەسەر جیهاندا کێشابوو و ئەگەر شەڕێک ڕووی دابایە، بێگومان لەسەدا نەوەدونۆی ژیانی سەر گۆی زەوی لەنێو دەچوو! هەرچەند دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و جێبەجێکرانی زنجیرە ڕێککەوتنەکانی ئیستارت (پەیمانی کەمکردنەوەی چەکە ناوکییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا) ئەگەری هاتنەئارای شەڕی جیهانی کەم بۆتەوە، بەڵام ئەمر مەترسییە هەروا درێژەی هەیە بەشێوەیەک کە ساڵی پار لە کاتی قەیرانی ئۆکراین و خرانەسەری کەریمە بۆ سەر خاکی ڕووسیا، پووتین بڕیاری دابوو لە حاڵەتی پێویستدا چەکە ئەتۆمییەکان بخانە دۆخی ئامادەباشیەوە. هاوسەنگی هێز لەنێوان ڕووسیا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی یەکێک لە کۆسپە سەرەکییەکانی گۆڕانی شەڕی سارد بۆ شەڕی جیهانیی سێیەم بوو. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی نەزم و دادپەروەریی و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و پێکهاتەی نادادپەروەرانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی (بە تایبەت ئەنجوومەنی ئاسایش) هێز و دەسەڵات قسەی یەکەم و کۆتایی لە جیهاندا دەکا و هەنووکەش هاوسەنگیی هێز لە ئاستی جیهانیدا لەمپەری سەرەکیی ڕوودانی شەڕی جیهانیی سێیەمە، ئەگینا بوار و بەستێنی شەڕە بەربڵاوەکان و تەنانەت شەڕی جیهانی لەبارە! بەگشتی دەتوانین بڵێین هاوسەنگیی هێز دەتوانێ کۆسپی ڕوودانی شەڕ بێ تەنانەت لە حاڵەتی دژیەکیی توندی بەرژەوەندییەکان یان دژایەتیی توندی ئایدۆلۆژیکی (دیارە بێجگە لە چەند بابەتێکی کەم)، بەڵام ئایا ئەم هاوسەنگییە هەروا دەمێنێتەوە؟ دەخوا وڵاتە بەهێزەکانی ئێستای جیهان لە حاڵەتی دیتنی دابەزینی هێز و دەسەڵاتیان، کردەوەی دژومنکارانە ئەنجام نادەن؟ لە داهاتوودا کام وڵاتانە دەبنە زلهێزەکانی جیهان؟ ئایا لە حاڵەتی گۆڕانی جێگەی هێزە جیهانییەکاندا بابەتی مافەکانی مرۆڤ باشتر دەبێ یان خراپتر؟ لە خوارەوە لە چوارچێوەی وتارێکدا تاوتوێی داهاتووی هێزە جیهانییەکان دەکەین و وڵامی پرسیارەکانی سەرەوە دەدەینەوە:

مەبەست لە هێز و دەسەڵاتی وڵاتێک تەنیا هێزی سەربازی نیە، دەسەڵاتی سیاسی و پیادەکردنی نفووزی وڵاتێک لە کۆمەڵگەی جیهانیدا پەیوەندیی بە چەندین فاکتەرەوە هەیە بۆ وێنە هێزی ئابووری، هێزی نیزامی، نفووزی فەرهەنگی لە ئاستی جیهان و جێگیریی سیاسی لە نێوخۆدا، بۆ نموونە وڵاتی ئەمریکا کە ئێستاکە تەنیا زلهێزی دنیایە، هەم لەباری ئابووری و هەم لەباری نیزامی بەهێزترین وڵاتی جیهانە و لەباری فەرهەنگیشەوە توانیویەتی لە ڕێگەی جۆراوجۆرە نفووز لە تەواوی جیهاندا بکا، وڵاتی شۆڕەویی پێشوو لە پەنا هێزی نیزامی گەورە و هەروەها دەسەڵاتی ئابووری، بە پشتیوانی و گوتاری ئایدۆلۆژیی کۆمۆنیشتی توانیبووی تاڕادەیەک لە تەواوی دنیادا لایەنگر بۆخۆی پەیدا بکا و بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە حیزبە کۆمۆنیست و چەپەکان لە تەواوی دنیادا، بنچینە و بناغەی ڕۆژئاوای لەناوەوە تووشی مەترسی کردبۆوە. دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، ئەمریکا بوو بە تەنیا زلهێزی جیهان، بەڵام بە هۆکارگەلێک لە ساڵانی ڕابردوودا وردەوردە لە ڕادەی دەسەڵاتی ئەمریکا کەم بۆوە. کەمبوونەوەی هێزی نفووزی ئەمریکا بەهۆی کەمبوونەوەی هێزی ئابووری یان نیزامی یان فەرهەنگیی ئەمریکا نیە، بەڵکو بەهۆی گەشە و زیادبوونی هێز و توانایی چەندین وڵاتی دیکە بەتایبەت ڕووسیا و چینە کە هەرچەند هەرکامیان لە بوارگەلێکدا مەودای زۆریان دەگەڵ ئەمریکا هەیە بەڵام بەرەبەرە خەریکی زیادکردنی هێزی خۆیان لە جیهان و لە ئاکامدا کەمبوونەوە لە پشکی هێز و دەسەڵاتی ئەمریکان.

لە درێژەدا پێگە و شوێنگەی هەنووکەیی و داهاتووی چەندین هێزی جیهانی لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی و فەرهەنگی تاتوێ دەکەین بۆ ئەوەی بابەتەکە کەمێک ڕوونتر بێتەوە و باشتر بتوانین هێزەکانی ئێستا و داهاتووی جیهان وێنا بکەین و سەبارەت بە داهاتووی هێزە جیهانییەکان قسە بکەین.

**١. هێزی ئابووری:** بۆ پلەبەندی هێزە ئابوورییەکانی جیهان کەڵک لە پێوەری بەرهەمی پوخت نەکراو (ناخالیس)ی نێوخۆیی وەردەگرین کە لەلایەن ناوەندە گرنگ و گەورەکانی وەک بانکی جیهانی یان سندووقی نێونەتەوەیی دراو ڕادەگەیەنرێ کە بەهۆی شێوازی جیاوازی هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەرهەمهێنانی ناخالیسی نێوخۆیی وڵاتان لەلایەن ناوەندە جۆراوجۆرەکانەوە، زۆرجار ئەم ڕێکخراوانە ئامار و داتای جیاواز لە یەکتر بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت شوێنگەی هێندێک لە وڵاتان لە پلەبەندی ئەم ڕێکخراوانەدا جیاوازیی دەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام بەگشتی ئەم جیاوازییانە زۆر نین. هێزی ئابووری کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زیادکردنی هێزی نیزامیی وڵاتێک و نفووزی نێونەتەوەیی و تەنانەت جێگیریی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا هەیە، لە خشتە(جدول)ی خوارەوەدا بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی چەندین هێزی جیهانی و چەند هێزێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ٢٠١٦ و هەروەها پێشبینیی ساڵی ٢٠٥٠ لەلایەن دامەزراوەی دیراساتی گۆڵدمەن ساکس هاتووە کە دەریدەخا شوێنگەی ئابووری زۆر لە وڵاتانی بەهێزی ئێستا گۆڕانی بەسەردا دێ، دیارە بابەتگەلێکی وەک شەڕ و کێشە سیاسییە نێوخۆییەکان دەتوانێ کاریگەرییەکی تەواو نەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری وڵاتێک هەبێ و ناتوانرێ ئەم بابەتانە پێشبینی بکرێن، بۆ نموونە دامەزراوەی گۆڵدمەن ساکس پێشبینی کردووە ئێران لە ساڵی ٢٠٥٠دا بە بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی ٣١٩٠ ملیارد دۆلار دەبێتە ئابووریی ١٩ی جیهان، بەڵام بێشک سەرهەڵدانی شەڕی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا یان شەڕ دەگەڵ دراوسێکان یان شەڕی نێوخۆیی یان تەحریمە نێونەتەوەییەکان دەبنە کۆسپی بەردەم گەیشتن ئێران بەم جێگە گرنگە لە ساڵی ٢٠٥٠دا. هەروەها وڵاتانی هیند و چینیش ڕووبەڕووی کێشەگەلی جۆراوجۆرەن کە هەڕەشە لە داهاتووی ئابوورییان دەکەن بۆ نموونە ئەگەر سەرهەڵدانی شەڕ دەگەڵ دراوسێکان بەهۆی ناکۆکییە سنوورییەکان و هەروەها کێشە نێوخۆییەکان.

| پلە | بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی ساڵی ٢٠١٤/ ملیارد دۆلار | پلە | بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی، پێشبینیی ساڵی ٢٠٥٠/ ملیارد دۆلار |
|---|---|---|---|
| | سەرچاوە: بانکی جیهانی | | سەرچاوە: دامەزراوەی دیراساتی گۆڵدمەن ساکس |
| ١ | ئەمریکا ١٧٤٠٠ | ١ | چین ٥٢٦٢٠ |
| ٢ | چین ١٠٣٠٠ | ٢ | ئەمریکا ٣٤٥٨٠ |
| ٣ | ژاپۆن ٤٦٠٠ | ٣ | هیند ٢٤٩٨٠ |
| ٤ | ئەڵمان ٣٨٠٠ | ٤ | ناوچەی یۆرۆ ٢٢٥١٠ |
| ٥ | ئینگلیز ٢٩٠٠ | ٥ | برازیل ٩ |
| ٦ | فەڕانسە ٢/ | ٦ | ڕووسیا ٨ |
| ٧ | هیند ٢ | ٧ | ژاپۆن ٧٦ |
| ٨ | ڕووسیا ١/ | ٨ | ئینگلیز ٥٦ |
| ٩ | تورکیا ٧ | ٩ | فەڕانسە ٥٦ |
| ١٠ | عەرەبستان ٧ | ١٠ | ئەڵمان ٥٦ |
| ١١ | ئێران ٤ | ١١ | تورکیا ٤ |
| ١٢ | ئیسرائیل ٢ | ١٢ | میسر ٣٦ |
| ١٣ | میسر ٢، | ١٣ | پاکستان ٣٦ |
| ١٤ | پاکستان ٣ | ١٤ | ئێران ٣ |

جێگەی ئاماژەپێدانە کە لە خشتەی سەرەوەدا پلەی جیهانیی وڵاتان باس نەکراوە، لە بەشی ئاماری پێوەندیدار بە ساڵی ٢٠١٤ دوای فەڕانسە وڵاتانی بەڕازیل و ئیتالیا دێن و شوێنگەی عەرەبستان و ئیسرائیل و ئێران زۆر لەخوارترە و لە بەشی پێشبینیی ساڵی ٢٠٥٠ پلەی بریتانیا ١٠ و فەڕانسە ١١ و ئەڵمانیا ١٢ و تورکیا ١٤ و میسر ١٥ و پاکستان ١٨ و ئێران ١٩یە و وڵاتانی مەکزیک و ئەندۆنزیا بەڕیز پلەکانی ٨ و ٩ و کانادا و ئیتالیا ١٦ و ١٧.

**٢. هێزی نیزامی:** ڕادەی هێزی نیزامی وڵاتێک کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ڕادەی نفووزی سیاسیی ئەو وڵاتە لە ئاستی نێونەتەوەییەدا هەیە، هەروەها هێزی بەرگێڕەوی نیزامی وڵاتێک ڕۆڵێکی گرنگی لە بردنەسەری ڕێژەی ئەمنییەت و سەرمایەدانانی دەرەکیدا هەیە (دیارە بۆ سەرمایەگوزاریی دەرەکی تەنیا ئەمنییەت و توانای بەرگریی تەواو نیە)، بەگشتی شەڕ هەر ئەو سیاسەتەیە بەڵام بەشێوەیەکی دیکە! چەندایەتی و چلۆنایەتی چەکوچۆڵی نیزامی وڵاتێک ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی لە بردنەسەری دەسەڵاتی نیزانی وڵاتێکدا هەیە بەڵام بابەتگەلێکی وەک جوگرافیا و توانای ئابووریش کاریگەریی گرنگیان لەسەر هێزی نیزامی وڵاتێک و توانای بەرگریی ئەو وڵاتە هەیە بەتایبەت لە شەڕە درێژخایەنەکاندا بە پشتیوانی ئابوورییەکی بەهێز دەتوانرێ بە سەرکەوتن بگەی. (دیارە بە یارمەتی تەکنۆلۆژیای نیزامی بۆ بەرهەمهێنانی چەک)، چەکە نەناسراو و ناباوەکان کاریگەریی زۆریان لە ڕادەی دەسەڵاتی نیزامیی وڵاتێکدا هەیە و بەکردەوە هیچ وڵاتێک غیرەتی هێرش بۆ سەر وڵاتانی خاوەن چەکی ناوکیی نیە.

وڵاتانی ئەمریکا، ڕووسیا، فەڕانسە، ئینگلیز، چین، ئیسرائیل، هیند، پاکستان و کۆریای باکوور تەنیاوڵاتانی خاوەن چەکی ناوکین لە جیهاندا، کاریگەریی چەکە ناوکییەکان لە توانای بەرگێڕەوەیی و بەرگیی وڵاتێکدا ئەوەندە زۆرە کە کۆریای باکوور دەگەڵ ئەوەی لە بواری پلەبەندیی هێزە نیزامییەکانی جیهان (چەکە ناسراوەکان) پلەی ٣٦ی هەیە، هەڕەشەیەکی جیددی و گەورە بۆ وڵاتی کۆریای باشوور بە پلەی ٧ دێتە ئەژمار! دیارە نزمبوونی چەندێتی و چۆنییەتی ئامرازەکانی هەڵگری کولاهەکی ناوکیی کۆریای باکوور (مووشەکی قاڕەپێو، ژێردەریایی، بۆمبهاوێژی ئیستراتیژیک) و هەروەها هەبوونی چەند کولاهەکێکی هەستەیی لەلایەن ئەو وڵاتە (لەقەدرا قامکی دەستان) و هەبوونی سیستەمگەلی پێشکەوتووی بەرگریی مووشەکی لە ژاپۆن و کۆریای باشوور بۆتەهۆی ئەوەی کۆریای باکوور سەرەڕای ئەوەی خاوەن چەکی ناوکییە، بەتوندی سەبارەت بە هێرشی شیمانەیی کۆریای باشوور و ژاپۆن و خەسارهەڵگر بێ و لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ ئەگەر تەنانەت کەڵک لە چەکی ئەتۆمیش وەرگرێ، توانای پاراستنی ئاسایشی خۆی نابێ و تەنانەت لە حاڵەتێکدا بتوانێ چەند شارێکی کۆریای باشوور و ژاپۆن بکاتە ئامانج، دیسانەکەش تووشی شکست دەبێ (دیارە کۆریا باشوور و ژاپۆنیش زیانی زۆریان پێدەگا).

هەنووکە وڵاتانی ڕووسیا و ئەمریکا لەباری نیزامییەوە بەهێزترین وڵاتانی جیهانن بەڵام وردەوردە لە ئاستی جیهانیدا لە ڕێژەی هێزی نیزامیی ئەمریکا کەم دەبێتەوە و هۆکارەکەشی زیادبوونی توانای نیزامیی وڵاتانی دیکەی وەک چینە، کەمبوونەوەی بوودجەی نیزامیی ئەمریکا و بێمەیلیی هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی بە زیادکردنی بوودجە نیزامییەکان (دوای قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨) و هەروەها زیادبوونی بوودجەی نیزامیی چین و ڕووسیا و تەنانەت هێندێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەک لە ماوەی دەیەکانی داهاتوودا بەرەبەرە دەبێتە هۆی دابەزینی شوێنگەی هێزی نیزامیی ڕۆژئاوا. لە خشتەی خوارەوە پلە و بوودجەی نیزامیی چەند وڵاتێکی بەهێزی جیهان ئاماژەی پێدراوە (پلە بەبێ لەبەرچاوگرتنی چەکە کۆمەڵکوژەکانی وەک چەکی ناوکی) بەڵام ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بوودجە سەربازییەکانی خۆیان زیاد نەکەن، بە تێپەڕینی کات وڵاتانی دیکە مەودایان دەگەڵ ئەو وڵاتانە کەم دەبێتەوە، لە ١ی جولای ئەمساڵ سەرۆکی ستادی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا و وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە کۆنفڕانسێکی خەبەریدا ئیستراتیژیی نیزامیی نوێی ئەمریکایان ڕاگەیاند و لەم ئیستراتیژییە نوێیەدا وڵاتانی ڕووسیا و چین وەک دەسدرێژیکەر و هەڕەشە بەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناسێنراون! لەوانەیە هەستی مەترسیی ئەمریکا سەبارەت بە ڕووسیا و چین لە ساڵانی داهاتوودا ببێتەهۆی بردنەسەری بوودجەی نیزامیی ئەو وڵاتە و پاراستنی شوێنگە و مەودای خۆی دەگەڵ وڵاتانی دیکە، بەڵام لە حاڵەتی زیادبوونی خێرای بوودجەی نیزامیی وڵاتانی دیکە و خۆدوورگرتنی ڕۆژئاوا لە زیادکردنی بوودجەی نیزامیی بەرەبەرە لە هێزی ئەوان لە ئاستی دنیادا کەم دەبێتەوە، ئەمریکا بەهۆی هەبوونی تەکنۆلۆژیای باشتر و هەروەها بنکە و پایەگا زۆرەکانی لە شوێنە گرنگەکانی جیهان و بوودجەی یەکەمی نیزامی (بە ئەگەری زۆر هەتا چەند دەیەی دیکە بوودجەی نیزامیی چین نەگاتە ڕادەی ئەمریکا) بە ئەگەری زۆر لە ساڵی ٢٠٥٠ دیسانەکە هەر هێزی سەربازیی یەکەمی جیهان بێ بەڵام بێگومان لە حاڵەتی خۆپاراستن لە زیادکردنی خێرای بودجەی نیزامی، ڕادەی توانایی نیزامی ساڵی ٢٠٥٠ی ئەمریکا بە بەراورد بە وڵاتانی جیهان زۆر کەمتر لە ئێستا دەبێ.

| نێوی وڵات | پێرسۆنێل | خەرجیی سوپا لە ساڵدا/ ملیارد دۆلار | زەرفییەتی هێز/ دەریایی | فڕۆکە | تانک |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ١٤٠٠٠٠٠ | ٥٧٧ | ٣٤١٥٨٩٣ | ١٣٨٩٢ | ٨٨٨٤ |
| ڕووسیا | ٧٧٦٠٠٠ | ٦٠ | ٨٤٥٧٣٠ | ٣٤٢٩ | ١٥٣٩٨ |
| چین | ٢٣٣٠٠٠٠ | ١٤٥ | ٧٠٨٠٨٦ | ٢٨٦٠ | ٩١٥٠ |
| هیند | ١٣٢٥٠٠٠ | ٣٨ | ٣١٧٧٢٥ | ١٩٠٥ | ٦٤٤٤ |
| ئینگلیز | ١٤٧٠٠٠ | ٥٢ | ٣٦٧٨٥٠ | ٩٣٦ | ٤٠٧ |
| فەڕانسە | ٢٠٣٠٠٠ | ٤٠ | ٣١٩١٩٥ | ١٢٦٤ | ٤٢٣ |

ئاماری سەرەوە لەلایەن دامەزراوەی گلۆبال فایر پاور لە ساڵی ٢٠١٤ خراوەتەڕوو (بێ لەبەرچاوگرتنی چەکە ناوکییەکان) کە بۆ پلەبەندیی هێزە نیزامییەکانی وڵاتان تەنیا پشت بە چۆنییەتی و چەندێتی کەرەسە سەربازییەکان نابەستێ و بابەتگەلێکی وەک بەستراوەیی بە نەوت (بۆ توانایی درێژەدانی شەڕ) دارایيە ماڵیی و سەرچاوە سروشتیی مرۆیی و تەنانەت جوگرافییەکانیشی لەبەرچاو گرتووە، ئێران لە پلەبەندیی ئەم دامەزراوەیەدا پلەی ٢٣ی هەیە! جێگەی باسکردنە کە دامەزراوەگەلی جۆراوجۆر سەبارەت بە هێزی نیزامیی وڵاتان توێژینەوە دەکەن و ئامار و داتای جیاواز دەخەڕوو، بۆ نموونە دامەزراوەی نێونەتەوەیی توێژینەوەکانی ئاشتیی ستۆکهۆڵم ناسراو بە سیپری بوودجەی نیزامیی ساڵی ٢٠١٤ی ئەمریکای بە ٦١٠ ملیارد دۆلار و ڕووسیا بە ٨٨ و عەرەبستان بە ٨٠ ملیارد دۆلار ڕاگەیاندووە. جیاوازیی ئامار و داتای دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بەهۆی شێوازە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و پێوەرەکانی کۆکردنەوەی ئامارە بەڵام لەبنەڕەتدا لێکدانەوە و شیکردنەوەی هێزی نیزامیی وڵاتان جیاوازیی ئەوتۆیان نیە.

**٣. هێزی فەرهەنگیی و دەسەڵاتی نەرم:** تاوتوێی دەسەڵاتی کولتووریی بابەتێکی سادە نیە و پێوەندیی بە هۆکارگەلی زۆرەوە هەیە. هەبوونی فەرهەنگێکی سەرنجڕاکێش و هێزی بانگەشەکردنی دوو کۆڵەکەی سەرەکیی هێزی کولتووریی و نەرم پێک دێنن. ئەمریکا و بەگشتی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەمنییەتی باڵای کۆمەڵایەتی و هەبوونی دێموکراسی تاڕادەیەکی زۆر مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن (لەنێو وڵاتانی خۆیان نەک بۆ وڵاتانی دیکە)، هەربۆیە بوونەتە سەرمەشقی زۆر لە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و حیزبە سیاسییەکان بە سەرانسەری دنیادا، لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتانی چین و ڕووسیا بەهۆی سەرکوتی نەیاران و هەڵاواردن و لەبەرچاو نەگرتنی مافی کەمایەتییەکان، سیمایەکی باشیان لەنێو وڵاتانی جیهاندا نیە، هەروەها ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا بە هێزی تەبلیغاتیی زۆرەوە لە بڵاوکردنەوەی کولتوور و بیروڕاکانی ڕۆژئاواپەسند بە بەراورد دەگەڵا ڕووسیا و چین و هیند و وڵاتانی دیکە لەسەرترن و تەنانەت لە هێندێک بابەتدا دەتوانن ڕووداوەکانی جیهان لەپێش چاوی بیروڕای گشتیی، بە پێچەوانە و بەراوەژوو نیشان بدەن؛ بۆ نموونە هێرشی ساڵی ٢٠٠٨ی ڕووسیا بۆ گورجستان بۆ بەرگریی لە خەڵکی ئۆسیتای باشوور (ناوچەی خودموختاری گورجستان، دیارە دوای شەڕ ڕێگەی سەربەخۆییان گرتەبەر) لە بەرامبەر هێرشی گورجستان بوو، بەڵام ڕۆژئاوا لەبەر بەرژەوەندییەکانی بەرگریی لە گورجستان کرد و میدیا و ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاواش بە تەواوی تواناوە بابەتەکەیان بە پێچەوانە نیشان دا، دیارە ناتوانرێ حاشا لە پشتوانیی ڕێژەیی ڕۆژئاوا لە مافەکانی مرۆڤ بکرێ بەڵام بەگشتی ڕۆژئاوا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەروو هەموو شتێک دادەنێ، ڕووسیا و چین بەهۆی هەڵسوکەوتی توند دەگەڵ کەمایەتی و نەیارانیان لە نێوخۆ و پشتیوانیی لە وڵاتە دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران و کۆریای باکوور و سووریا ناتوانن لەباری کولتووری و شەڕی نەرمدا کێبرکێ دەگەڵ ڕۆژئاوا بکەن بەڵام نابێ لەبیر بکرێ کە بەهۆی گەشەی ئابووری و هەناردەی کاڵا ئابوورییەکان، وردەوردە ڕێژەی نفووزی فەرهەنگیی وڵاتی چین زیاد دەکا بەڵام نەک بە ڕادەی ڕۆژئاوا.

بە سەرنجدان بە بابەتی سەرەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر بارودۆخی جیهانی هەر بەم شێوەیە بچێتەپێش، هەتا ساڵی ٢٠٥٠ ، ڕۆژئاوا پێگەی ئابووری و نیزامی و لە ئاکامدا شوێنگە و جێگەی سیاسییەکەی لەدەست دەدا و ئینگلیز و فەڕانسە بە ئەگەری زۆر ناتوانن جێگە و شوێنگەیان خۆیان وەک ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بپارێزن،

بۆ ل ١٠

کوردستان
رۆژنامەی ● ژمارە: ٦٦٠

# چۆن لە گەڵ زۆردار رووبەرووببینەوە بێ ئەوەی خۆمان ببین بە ملهوڕ؟!

## بەشێک لە قسەکانی خانمی سیلا ئۆلۆڤێرتی (١)، لە سمینارێک



سیلا ئۆلۆڤێرتی

لە ماوەی ٥٠ساڵ تێ کۆشانم بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵایسانی شەڕ، پرسیارێک هەمووکات لەبیروزەینمدا بووە، ئەویش چۆن دەبێ لە گەڵ توندوتیژی سەرەرۆیانە بەبێ ئەوەی هەمان هێز بەکار بەرین، رووبەروو بینەوە؟ ئێستا ئێوە لەگەڵ وەحشیگەری رووبەروو دەبنەوە، چ زۆرە ملی وکەڵگایی کردنی منداڵێکی بزۆز بێ لە یاریگە، یان توندوتیژی نێو بنەماڵە، یان شەروپێکدادانەکانی هەنووکە لە شەقامەکانی سووریا کە لەگەڵ هێرشی تانک وتۆپ رووبەروون، باشترین و کاریگەرترین رێکارکار چیە؟ بەهەمان شێوە توندوتیژی نواندنە؟ چۆک دادانە؟ یان بەکارهێنانی زەبروزۆری زیاترە؟

هەر لە منداڵییەوە ئەوەم بۆ پرسیارە کە من چۆن دەتوانم بەرەنگاری زۆرەملی ببمەوە، بە بێ ئەوەی خۆم ببم بە ملهۆڕێکی بێشەرم؟» لە بیرمە کە تەمەنم نزیک بە ١٣ساڵ بوو، ڕاماوی سەیرکردنی تلەویزیونی رەنگی رەش وسپی و پڕ لە بەفریلەکەی ماڵەوە بووم. راست لە کاتێکدا هێزەکانی یەکیەتیی سووڤیەتی ئەوکات بە تانک و تۆپەوە دەچوونە نێو شاری بۆداپێست و دەمدیی کە منداڵانێک هەر بە قەت من بوون، خۆیانیان دەخستە پێش تانکەکان و تانکەکانیش بەسەرجەستەی ئەومنداڵانە رەت دەبوون. خێرا رۆیشتمە قاتی سەرەوە دەستم دایە خۆ تەیارکردن وبەستنی جانتای سەفەر.

دایکم هات و گوتی: «دەزانی چ دەکەی؟»

گوتم: «دەچمە بۆ بۆداپێست».

دایکم پرسی: «بۆ لەوێ چ خەبەرە؟»

گوتم: «لەوێ منداڵان دەکوژرێن، رووداوگەلێکی ترسناک خەریکە روودەدا»

ئەو لە وڵامدا گوتی: «ئەوەندە گەمژە مەبە».

منیش دەستم کرد بە گریان.

دایکم لە من تێگەیشت و گوتی: « باشە وادیارە بابەتەکە گرینگە. بەڵام تۆهێشتا زۆر بچووکی وهیچ شتێک لە دەستت نایێت. پێویستت بە ڕاهێنان هەیە. منیش یارمەتیت دەدەم. جارێ جانتاکەت بکەوە!»

بەو شێوە بوو کە من راهێنانی پێویستم بینی لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا لە ئافریقا کارم کرد. بەڵام تێگەیشتم کە بنەرەتیترین ئەسڵێک کە دەبوا فێری ببم و لە درێژەی قوناخەکانی ڕاهێنان فێری نەبووم. دەمهەویست بزانم توندوتیژی چ کاریگەرییەکی هەیە؟ سەرکوت کردن چۆن؟ لەوکاتەوە تاکوو ئێستا لەمە تێگەیشتووم کە زۆردارەکان لە سێ ڕێگەوە توندوتیژی بەکار دەهێنن:

توندوتیژیی سیاسی بۆ نانەوەی ترس، توندوتیژیی جەستەیی بەمەبەستی هەڕەشە وتۆقاندن، توندوتیژیی رەفتاری یا هەستێک بۆ سووک کردن وسووکایەتی کەڵکی لێوەردەگیرێ. زۆر بە دەگمەن بەکار هێنانی توندوتیژی کاریگەریی دەبێ.

نێلسۆن ماندیلا کاتێک کەوتە زیندان بروای بە توندوتیژی هەبوو بەڵام دوای ٢٧ساڵ ئەو لە گەڵ هاورێکانی بە ئارامی و سرنجدان بە تواناییەکان کە پێویستییان پێی بوو، خۆیانیان ڕاهێنا، ئەوان هەر بەو کارامەیی و لێزانیە یەکێک لە درندەترین دەسەڵاتەکانیان وەلاناو دیمۆکراسییان سەقامگیر کرد. ئەوان ئەم کارەیان بە بێ هیچ توندوتیژیەک بە ئەنجام گەیاندو لەمە تێگەیشتبوون کە بەکار هێنانی زۆرداری، لە بەرانبەری زۆرداری دا هیچ سوودێکی نیە.

کەوایە چ بکەین؟ لە ماوەی ساڵانێکدا ئەمن چەندین ڕێگەی کاریگەر و گونجام دیتەوە، هەرچەند ڕێگە چارەکانی تریش هەن کە بەکەڵک و کاریگەرن، یەکەم ڕێگەچارە ئەوەیە کە «گۆڕان»دەبێ رووبدا، گۆران دەبێ «لێرە» رووبدا لە ناخی من. ئەمە پەرچەکردارو چەشنی رووبەروو بوونەوەی منە بەرانبەر بە ستەم، کە لە ژێر ڕەکیفی مندایەو دەبێ بیگۆڕم..

ئەم «گۆرانە»ش پێویستی بە بردنەوە سەری ئاستی خۆئاگاییە. بەم مانایە کە دەبێ بزانم خاڵی کەفوکوڵی من لە کوێ دایە؟ لە کوێدا کەم دێنم؟ خاڵە بەهێزەکانی من کامانەن؟ خاڵە لاوازەکانی کامانەن؟ چ کاتێک نائومید دەبم وبە چۆ ک دادێم؟ بە پشتیوانی لە چ شتێک هەڵدەستم ؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارگەلە «مدیتیشن» یا خۆناسین، یەکێک لە ڕێگا چارەکانە، ئەڵبەتە تاقە ڕێگا نیە بەڵکوو یەکێکە لە و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی هێزی دەروونی.

قارەمانی من لەو بوارەدا، ئانگ سان سووچی‌یە لە وڵاتی «برمە». ئەو خۆپیشاندانی دەستەیەک لە خوێندکارانی لە شەقامێکی «ڕانگۆن» ڕێبەری دەکرد. سەربازەکان بە موسەلسەلەکانیانەوە لە شوێنێکدا گەیشتنە بەردەمیان رووبەروویان راوەستان، (ئانگ سان سوچی کە زانی سەربازەکان بەرانبەرانبەریان دەستیان لەسەر ماشەی تفەنگەکان



دەلەرزێ، دیاربوو ئەوان زیاتر لە خوێندکارەکانی کە لەگەڵ ئەو بوون دەترسن. بە خوێندکارەکانی گوت: لە جێگای خۆیاندا دابنیشن و هەر خۆی بە ئارامی وبەبێ هیچ تۆرەییەک هەنگاوی بۆ پێشەو هەڵێنا بێ ئەوەی ترسێک لە خۆی نیشان بدات، هەر ئەم نەترسی و لەسەرخۆبوونە بوو بە هۆی ئەوە راست بچێت بۆ لای یەکەم سەربازو دەستی لەسەر لوولەی تفەنگەکەی دابنێ وبیهێنێتە خوارەوە و ئیدی دڵۆپە خوێنێکیش نەڕژا.

بەم پێیە قازانجی زاڵبوون وسەرکەوتن بەسەر ترسمان بینی، نەتەنیا لە بەرانبەر تفەنگەکان، بەڵکوو لە بەرانبەر شەڕە چەقۆی سەرشەقامیش دەبێ بە سەرترسی خۆمان زاڵ بین. بەڵام ئەم کارەش پێویستمان بە راهێنان هەیە. کەواتە ترسی ئێمە چی لێدێت؟ من دروشمێکی کورتم هەیە: ترسی من گەورە وقەڵەوتر دەبێ، بە هەر رادەیەک گرنگی وبایەخی پێ بدەم . ئەگەریش لە رادەبەدەر گەورە ببێ، کەواتە روو ئەدات.

هەموومان لە گەڵ نەخۆشیی (سندروم)ی ساعەت ٣ی»بەیانی ئاشنایین. شتێک کە نیگەرانتان دەکا و لە خەو ڕاتاندەچڵەکێنێ. زۆرکەسم بینیوە کە لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوروون و زیاتر لە ساعەتێک لە نێو پێخەفی خەودا دەتلێنەوە و خەویان لێناکەوێ وهەتادێ هەر خراپ وخراپ تر دەبن. بۆتە کاتژمێر ٤ و ئێوە هەروا بە سەرینەکەتانەوە نووساون و لە گەڵ مۆتەکەیەکی گەورە رووبەروون. تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە کە هەستن و چایەک سازبکەن و ترسەکەتان وەکوو منداڵێک لەپەنا خۆتانی دابنێن. ئێوە گەورەن و ترسیش هەمان ئەو منداڵەیە و لێی بپرسن کە چی دەوێت؟ پێویستی بە چ شتێک هەیە؟ چ کارێک دەتوانن بکەن کە باش ببێتەوە؟ منداڵ چۆن دەتوانێ هەست بە بەهێزبوون بکات؟ و پلانێک داڕێژن و بڵێن:هەر ئێستا دەچمە نێو پێخەفەکەم وبەیانی ساعەت حەوت ونیو لە خەو هەڵدەستم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی بەرنامەم بۆ دارشتوون.

.... باسمان لەسەر ترس کرد، ئێستا ئەی بۆ تۆرەیی چ بکەین؟ لەهەر شوێنێک ناداپەروەری هەبێ، توورەییش هەیە. تۆرەیی وەک «بنزین» دەچێ ئەگەر بەسەر کەسێکتداکرد و بە هەڵکردنی شقارتەیەک (شەمچە) یەک جەحەندەمێک بۆ خۆمان دروست دەکەین. بەڵام تۆورەیی وەک بزوێنەری مۆتۆری ناخمان دەتوانێ بەهێز بێ . ئەگەر بتوانین تۆرەیی خۆمان وەکوو سووتەمەنی بخەینە خزمەتی ماتۆرەکەوە، دەتوانێ بەرەوپێش بمانبات ویاریدەرمان بێت بۆ تێپەربوون لە کاتە ترسناکەکان وهێزو ورەی دەروونیمان پێ ببەخشێت.

ئەمن ئەمە لە کاتی کارکردنم لەگەڵ دارێژەرانی یاسای چەکە ناوکییەکاندا فێرببوم. دیارە من لە سەرەتاوە بە هۆی ئەو مەترسییەی کە رووبەرووی ئێمەیان دەکردەوە تووڕە بووم، تا ڕادەیەک کە تەنیا دەمهەویست لەگەڵیان گفتگۆبکەم وپێیان بسەلمێنم کە لە هەڵەدان. ئەم کارەی من نموونەی کاملّی کات بەفیرۆدان بوو، بۆ دەسپێکی وتووێژێک بە مەبەستی گۆرانکاریی دەبێ تۆرەیی و گرژی خۆمان کونترۆڵ بکەین. ئاساییە لەشتێک توورە بین، بۆ نموونە توورە بوون لەمەڕ چەکی ناوکی، بەڵام لە دەستی کەسێک توورە بوون بێ کەڵکە، ئەوانیش وەکوو ئێمە مرۆڤن بە ڕای خۆیان خەریکی هەڵبژاردنی باشترین بریارن.»باشترین بڕیار» هەر ئەوشتەیە کە دەبێ لەم بارەوە لە گەڵیان قسەوگفتگۆ بکەین..

... تۆرەیی وگرژیی. من لەو «معما»یە گەیشتبووم کە چ خەبەرە یان بیر لەوەدەکەمەوە چ شتێک خەریکە روودەدا لە دنیای ئەمرۆ؟ ئەمەیە کە لە سەدەی ڕابردوودا دەسەڵات هەرەمی ولەسەرەوە بەرەوخوارەوەیە. هێشتا ئەمە دەسەڵات بوو کە بە خەڵکی دەگوت چ بکەن؟ ئەرێ لە سەدەی نوێ گۆرانێک هاتووتە ئاراوە؟ دەسەڵات وهێزەکان سەروبن کراون؟ یان لە نێوان لایەنەکانی کۆمەڵگە دابەش بووە؟ کە هەروەکوو کارگ لە نێو درزوقەڵشی بتۆنەکان سەرهەڵدەدەن. خەڵک لەگەڵ خەڵک بە کیلۆمترگەل لەیەک دوورن. بە گوتەی «گاندی» یەک دەگرگرن هەتا «گۆران»ێک دروست بکەن.

.»بەرەو ئاشتی بونیادێک بۆ پەرەپێدانی ئاشتی لە جیهانێک بەم ناوە» [گاندی] لە سەرەتاوە تێگەیشت کە لەو ناوچانەی کە شەروپێکدادانیان زۆرترە خودی خەڵکی خۆجەیی باشتر دەزانن چبکەن؟ ئەوان بۆ خۆیان باشتردەزانن چ کارێک چاکترە؟ کەواتە بیرۆکەی «بەرەوئاشتی» پشتیوانیان لێدەکات بۆڕاپەراندنی کارەکانیان .کە بریتیە لە؛ لاوازکردنی چەکدارە نافەرمییەکان، نەوژەن کردنەوەی ئابووری، نیشتەجێ کردنی سەرلەنوێ پەنابەران، و تەنانەت ئازاد کردنی سەربازانی کەم تەمەن. ئەوان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارگەلە دەبێ هەموو رۆژێک گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، ئەوان لەمە تێگەیشتوون کە بەکارهێنانی توندوتیژی لە وەها حاڵەتگەلیکدا نەتەنیا نامرۆیانەیە، بەڵکوو هیچ کارکردوکاریگەرێکیشی نیە و پێوەندی وگرێدانی خەڵک لەتەک خەڵک کاریگەریی وئاکامی زیاترە و باشترە.

بەڕای من ئەڕتەشی ئەمریکا ئاخری لەمە تێگەیشت. کە تا ئەمرۆ شێوەکانی دژە تیرۆری ئەوان کوشتنی نارازیەکان بوو بە هەر جۆرێک و ئەگەریش لەم نێوانەدا خەڵکی مەدەنیش دەکوژران بە «زیان کەوتوانی لاوەکی»ناویان دەبرد. ئەمە خەڵکی ئەفغانستانی زۆر توورە دەکرد و دەبوو بە هۆی ئەوەی کە «القاعیدە»ئاسانتر لەنێو خەڵکدا سەربازگیری بکات؛ چونکە ئەرتەشی ئامریکا بە کارگەلێک وەکوو بێ ڕێزی کردن و قورئان سووتاندن زیاتر خەڵکیان لە خۆیان بێزار کردوە.

کەواتە دەبێ شێوەی راهێنانی هێزە نیزامیەکان بگۆردرێت. نیشانەگەلێک لەم گۆرانە دەبیندرێت ئەرتەشی بریتانیا لەم بارەوە سەرکەوتووترە، بەڵام نموونەیەکی باش بۆ لێفێربوون دەهێنمەوە، ئەویش رووداوی سەرهەنگێکی لێزانی ئەمریکیە بەناوی «کریس هیوز» لە کاتێکدا لە شەقامەکانی «نجف» سەربازەکانی ژێرفەرمانی ڕێنمۆنی دەکرد، لە پەڕ حەشیمەتێکی زۆر لەنێو ماڵەوە دەرژێنە سەرشەقام و بە تووڕەیی وهاتوهاوارێکی زۆرەوە ئەو پۆلە سەربازە گەنج وترساوە گەمارۆ دەدەن. سەربازەکان نازانن چ خەبەرە چونکە زمانی عەرەبیان نەدەزانی. «کریس هیوز» چووە نێویان و چەکەی بەرزکردوە و لوولەکەی روو بەخوارەوە گرت و بە سەربازەکانی دەڵێ: چۆک دادەن! کە سەرجەم سەربازە کەڵەگەت وپرچەکەکان بە کۆڵەپشتی وکەرەسەی شەرەوە چۆکدادەدەن و بێ دەنگییەکی تەواو باڵ دەکێشێ بەسەر کەشەکەدا. دوای دوو چرکە حەشیمەتەکە بڵاوە دەکەن ودەچنەوە ماڵەوە.



بە ڕای من ئەم بیرتێژییە بۆ بەرپەرچدانەوە کاریگەرە. ئەم رووداوانە ئێستا لە هەموو جێیەک خەریکە روو دەدا.

.... لە وەڵامی پرسیارەکەم کە «ئێمە چۆن دەتوانین لە گەل زۆردارێک رووبەروو ببینەوە بەبێ ئەوەی خۆمان ببین بە مهلۆرێکی لاسار؟

ئەوانەی کەباسم کرد ئێمە دەبێ وەکوو ڕێگەچارە ڕەچاوی بکەین وبەکاری بهێنین، هیزی دەروونی وگەشەی هێزی دەروونی لە ڕێگەی خۆناسیاری وناسین وراهاتن لەگەڵ ترسەکانمان»، کەڵک وەرگرتن لە تۆرەیی وەکوو سووتەمەنی بۆ ماتۆری ناخ ، هاوکاری لەگەڵ یەکتر و ڕێککەوتن و یەک دەنگبوون لە گەڵ کەسانی دیکە و بوێربوون و لەهەمووی گرینگتر بەردەوام بوونە لەسەر ئەسڵی بەکار نەهێنانی توندوتیژی.

ئێستا تەنیا من نیم کە بڕوام بە توندوتێژی نیە. پێویستیش ناکا بڕوام پێی ببێ، هۆکاری زۆر هەیە کە لە شوێنگەلی جۆراوجۆر کە بە توندوتیژی کێشەکان چارەسەر ناکرێن. ئێمەش خەڵکی ئاسایی دەتوانین هەمان کار کە «ئانگ سانگ سوچی»وگاندی»و ماندیلا» ئەنجامیان داوە، ئەنجام بدەین. دەتوانین کۆتایی بە سەدە خوێناوویەکان بێنین کە تائێستا مرۆڤ بەخۆیەوە بینیوە. دەتوانین بە زاڵ بوون بەسەر زوڵمدا و بە کرانەوەی دڵەکانمان سازمان بدرێین و ئەم بڕیارە شادیبەخشە ]نا بۆ توندوتیژی[ بە هێزتر بکەین.

به سپاسەوە.

(١)سیلا ئەلووتی ئاشتی پارێز، دامەزرێنەری رێکخراوەی گرووپی لێکۆڵینەوەی ئاکسفۆرد. ناوبراو لە دایک بووی ساڵی ١٩٤٣ و سێ جار کاندید بووە بۆ خەڵاتی نۆبێل

**وەرگێران بۆ فارسی: سوهیلا جەعفەری**

**وەرگێران بۆ کوردی: عەلی لەیلاخ**

دریژەی:

### گۆڕانکارییە بەهێزەکان لە هاوسەنگیی هێز و دەسەڵاتی وڵاتان هەتا ساڵی ٢٠٥٠،

بۆ نموونە بەرهەمی ناخالیسی نێوخۆیی وڵاتی هیند هەتا ساڵی ٢٠٥٠ زیاتر لە ٤ هێندەی وڵاتی ئینگلیز دەبێ، بەڵام هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، گەیشتنی وڵاتانێکی وەک چین و هیند بە شوێنگە و پێگەکانی سەرەوە لە ساڵی ٢٠٥٠ بە ئەگەر و ئەممای زۆرەوە بەستراوەتەوە، بۆ نموونە لە حاڵەتی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان چین و دراوسێکانی لەسەر ئاو و دوورگەکانی دەریای باشووری چین (ئەگەری کەڵک وەرگرتن لە چەکە ناوکییەکان زۆر کەمە چونکە چین لە دژکردەوەی ناوکیی ئەمریکا دەترسێ) و درێژەکێشانی گرژییەکانی چین لەگەڵ دراوسێکانی زیانی زۆر گەورە بە ئابووری ئەو وڵاتە دەگەیەنێ. هەروەها ڕووسیا و چین بەهۆی پێشێلکردنی مافی کەمینەکان و ئازادییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لەژێر گوشار دان و لەوانەیە لە داهاتوودا لەنێوخۆ تووشی قەیرانی سیاسی ببنەوە، ئەمریکا دەتوانێ لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە فشار بخاتەسەر چین و ڕووسیا و بەرژەوەندییەکانی تووشی مەترسی بکاتەوە بۆ نموونە ڕووخاندنی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی هاوپەیمانی ئەوان وەک ئێران و سووریا و پێکهێنانی حکوومەتگەلی سەر بە ڕۆژئاوا لەو وڵاتانەدا، هەروەک ئەمریکا توانی ئۆکراین بکاتە هاوپەیمانی خۆی یان لانیکەم لە ڕووسیا دوور بخاتەوە (هەرچەند ڕووسیا بە خستنەسەری کریما و یارمەتی بە ڕووسەکانی ئۆکراین بۆ سەربەخۆیی یان خودموختاری تارادەیەک لە دەرەنجامە نەرێنییەکانی لەدەستدانی ئۆکراینی کەم کردەوە).

کارنامەی سیاسیی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا دوای شەڕی جیهانیی دووەم تا ئێستا نیشانی داوە کە لە ئاستی جیهانی و پێوەندیی دەگەڵ وڵاتانی دیکە، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان بە بەراورد دەگەڵ بابەتی مافی مرۆڤ لە ئەولەوییەت دایە و لە هەر کوێ بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسی دابێ، لە بەکارهێنانی هێزی نیزامیدا هیچ دوودڵ نابن و هەر ئەو مەسەلەیەش لە حاڵەتی گۆڕانی توندی هاوسەنگیی هێز لە داهاتوودا، ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی بەربڵاو و جیهانیی و ماڵوێرانکەر لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیا و چین و هاوپەیمانەکانیان بە بیانووی جیاوازەوە دێنێتە ئاراوە.

بابەتی جێگە داخ لەم نێوەدا لەبەرچاو نەگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی ئینسانەکان لە پێوەندییەکانی نێوان بەرژەوەندیخوازەکانی جیهان دایە کە بە کردەوە وڵاتانی جیهان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیاندا، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان لەسەرووی بەها مرۆییەکان دادەنێن، بێگومان تا ئەو کاتەی حکوومەتێکی جیهانی لەسەر بنچینەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە جیهاندا جێگیر نەبێ، مرۆڤەکان ناتوانن بە ئاشتیی و ئاسوودەیی بگەن، ئەگەر دوای شەڕی جیهانیی دووەم هەتا ئێستا بوودجە نیزامییەکان بۆ ئاوەدانیی گۆی زەوی خەرج دەکران، هەنووکە دنیایەکی جوانتر و ئاوەدانتر و بێ فەقیر و هەژارمان دەبوو!

کوردستان
# ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦٦٠
٢٢ی جولای ١٣٩٤
٣١ی پووشپەڕی ٢٠١٥

## شانۆی کوردی؛ تەمەن کورت وداهاتوودار




عەلی لەیلاخ

شانۆ یان (تئاتر) لە کۆنترین لقەکانی هونەرە کە مێژووی هاوشانی شارستانیەتەکانە و گرێدراوە بە ئەفسانەو ئستورەکان. لەسەر بەستێن وزەمینەی سەرهەڵدانی هونەری شانۆ لە نێوان لێکۆڵەران وتوێژینەرانی مێژوویی جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە، هێندێک لە پسپۆران دەڵێن: هونەری شانۆ لە سەرەتاوە هەڵگرتنێک و لاسایی کردنەوەیەکە لە بزاوت و ژیمناستیک ودەنگی ئاژەڵەکان! بەڵام سەرەڕای ویست وحەزی مرۆڤەکان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و دووپات کردنەوەی چیرۆکەکان ئەمە لە لایەک و پێوەندیی پتەوی شانۆگەریی لە گەڵ هزروبیری مرۆڤ لەلایەکتر ئەو بیرۆکە ڕەت دەکاتەوە چونکە ئاژەڵەکان خاوەنی شعووروهزر نین. بە پێی ئەمە لێکدانەوە زۆربەی هەرەزۆری ڕەخنەگران ومێژوونووسان هاوڕان لەم بارەوە کە ڕەنگە ئاییین تەنیا بەستێن نەبێ بەڵام یەکێک لە بەهێزترین زەمینەکانی سەرهەڵدانی هونەری شانۆیە لە جیهان بەتایبەتی لە شارستانییەتە کۆنەکاندا.چونکە هەمیشە چیرۆکەکان لە کەناری ئایین وئوستورەکان سەریان هەڵداوەوە شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایین وداب ونەریتەکان هەتا دەگاتە گەمەی منداڵان هونەری شانۆگەریی تێدا هەڵقوڵاوە کەئەمرۆ بە ناوی یەکێک لە حەوتەوانەی هونەر و لە گرینگترین لقی هونەری نواندن ناسراوە.

تئاتر وشەیەکی بە بنچینە یونانیەو لە "تاترۆن" theater on) ڕاهاتووە کە بە مانای لە شتێک ڕوانینە.

کە مانای سەرەکییەکەی یانی باس کردن و نواندنی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیی وسیاسی وفەرهەنگی کۆمەڵگە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ یونانی باستان (٤٠٠تا ٥٠٠ساڵ پێش لە زایین)

مێژووی سەرهەڵدان ورەوتی هونەری شانۆ باسێکی دوورودرێژە ودەتوانین بڵێین هۆگریی و کاریگەریی زۆری هەبۆوە بەسەرکۆمەڵگەو



لە هەر وڵاتێک بە پێی بیروباوەڕەکانی ئەو کۆمەڵگە پێشوازی لێکراوەوە بەرێوەوچووە. شانۆ لە زۆربەی وڵاتەکان زۆرجار تێکەڵاوێکە لە هونەری هەڵپەرکێ و ئاوازچرین و نواندنی بەسەرهاتەکان و ئەفسانەکان وچیرۆکەکانە. لە هونەری شانۆ هەر ئاکتەرێک ڕۆڵێکی هەیە کە دەبێ بە باشترین شێوە ڕۆڵەکەی خۆی بگێرێ و بێژەری ودەنگ گرینگی تایبەتی هەیە. کە بۆ خۆی خاوەنی چەند لقە وەکوو(بالە، ئۆپێرا، کابۆکی، پانتۆمیم) بێگومان هونەری شانۆگەریی پێگەی هاتنە ئاراو گەشەی هونەری سینەما"یە وئەمرۆکە لە هەموو دنیا ساڵانە دەیان فستیڤاڵی شانۆگەری بەرێوە دەچێت و وڵاتان هەوڵ دەدەن لە کەونارایی وبەهێزی کلتوور وفەرهەنگی خۆیان لە ڕێگەی شانۆ بە جیهان



بناسێنن و پردێکە بۆ پێوندیی ویەکتر ناسینی گەلان. هەربۆیە لەساڵی١٩٤٨لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی شانۆ دامەزرا و هەمووساڵێک لە ڕۆژی٢٧ی مارس لە سەرانسەر جیهان ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانی شانۆ بەرێوە دەچێ کە لەم ڕۆژەدا هەرساڵە لەلایەن ئاکتەر یان دەرهێنەر یان شانۆنوویسێکی بەناوبانگ پەیامێک بڵاودەکرێتەوە."ئارتۆرمیلەر و پاپلۆنرۆدا" لەو کەسانەن کە بۆ ئەم ڕۆژە پەیامیان نووسیوە.

شانۆ لە سەدەی ١٨ لە سەرانسەری ئۆرووپا پەرەی ئەستاند و لەسەرەتای ئاشنابوونی ئێران لەگەڵ شانۆی ڕۆژئاوایی تا کاتی جێگیربوونی نزیک بە سەدەیەکی خایاند.

شانۆ هەروەکوو شیعری نوێی وسینەما.. هتد. هەر لەڕێگەی دراوسێەکانی کوردستانەوە گەیشتوتە کوردستان بەڵام بەهۆی کلتووری دەوڵەمەندی کوردەواری چ لەبارەی فۆلکلۆر وچ لە بارەی پوتانسیەلی بە هێزی خەڵکی کورد هەرچەند بە ئارامی بەڵام بەباشی جێگەی خۆی کردۆتەوە و بۆتە ڕایەڵێک بۆ ناساندی گەلی کوردوتایبەتمەندییە فەرهەنگییەکەی بە گەلانی دیکە. سەرەرای دەیان کێشەی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەمرۆ شانۆی کوردی ڕواڵەتێکی زیرین و ناسراوی هەیە و چەمکی شانۆ لە گەڵ فەرهەنگ گرێدراوەو بێ گومان کوردیش لەم بەرەیەوە نەتەوەیەکی دەوڵەمەندە.

دەرهێنەروهونەرمەندی بەناوبانگی کوردستانی وجیهانی دوکتۆر قوتبەددین سادقی لەم بارەوە دەڵێ:"پێویستە هونەرمەندانی شانۆکاری کورد بە متمانە بەخۆ کردن لە ڕێگەی نواندنی شانۆ ئەم ڕاستییە بە جیهان بسەلمێنن کە کورد نەتەوەیەکی کلتووربەرزە"

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەرای پێشوازی نەکردن وپاڵپشتی قایم وتوکمە لە لاین کارگێرانی حکوومەتەوە بە نیسبەت هونەر و هونەری شانۆ بەڵام کۆمەڵێک هەوڵ وچالاکیی باش لە لایەن هونەرمەندانی دڵسۆزە بەرێوە دەچێ و لە زۆربەی فستیڤاڵەکانی ناوخۆی ئێران ودەروەی ئێرانیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

چەندین ساڵە دوکتور قوتبەددین سادقی بە ماندوو نەبوون و بە شێوەی زانستی لەخزمەتی گەشەی هونەری شانۆی کوردی دایەو جیا لە دامەزراندنی دەیان گرووپ و بارهێنانی سەدان قوتابی، شانۆی کردۆتە تریبۆنێکی کاریگەر بۆ درکاندن وناساندنی کەونارایی کورد ودەیان ستەمی نەتەوەیی. لە نواندنی بەشێک لە ئازارەکانی کۆبانێ لە تاران ڕا بگرە هەتا بەرزکردنی دەنگی کیمیاباران کراوی کورد لە سەردەشت و حەڵەبچە. لەساڵانی پێشوتر بۆخۆی گرۆپی هەڵپەرکێ (وەکوو بەشێکی سەرەکی لە هەنەری شانۆ)، کاتێک لەوپەڕی نەبوونی پاڵپشتی ماددی و پشتیوانی دەوڵەتی توانیان لە فستیڤاڵەجیهانیەکان دەرکەون و هەڵپەرکێ و ڕەسم وباوی کوردەواری بە دنیا بناسێنن. هەروەها بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە یونان وخەڵات وەرگرتن لە فەرانسە و بلارۆس دەرخەری ئەم ڕاستییەی کە "شانۆ نواندنی شارستانیەتی هەر گەلێکەو گەلی بێ شانۆ گەلێکی بێ فەرهەنگە"

کەواتە شانۆی کوردی هەرچەند تەمەن کورتە بەمانای شانۆی ئەمرۆیی وتکنیکی بەڵام بە هۆی هەبوونی ژێرخانێکی بەنرخی فەرهەنگی و لێهاتوویی هونەرمەندانی کورد شانۆیەکی داهاتوودارە.

بەرێوەچوونی هەرساڵەی فستیڤاڵی شانۆی سەقز وهەروەها شانۆی سەرشەقامی شاری مەریوان مزگێنی بەخشی داهاتوویەکی گەشە بۆ ئەم هونەرە ڕەسەنە.

..............

**ژێدەر: ماڵپەری گرۆپی تئاتری گرتە، ماڵپەری شارنیۆز، ماڵپەری شانۆی کوردستان.**

ژوانگەی خۆر

## ئەدەبی فۆلکلۆر بناغەیەک بۆ نوێخوازی



ئەرسەلان چەڵەبی

مێژووی ئەدەبی کوردستان لە کۆنەوە هەتا ئێستا هەوراز و لێژییەکی زۆریی تێپەڕاندووە و بە داخەوە بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بەشێکی زۆری لە ناو ئەدەبی زارەکی دا ماوەتەوە و نەنووسراوەتەوە، هەر ئەوەش وای کردووە کە زۆر یەک لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی لە کۆنەوە تا دەگاتە ئێستا بفەوتێ یان بە ناتەواوی گەیشتبێتە دەست نەوەی نوێ. ئەو بابەتەش هۆکارگەلی جۆراوجۆر دەگرێتەوە و هەر کامەی کۆمەڵێک پرسیار دەگرێتە خۆ.

سەردەمی خۆی لە ئەمریکای لاتین پاش شەڕی جیهانی و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان گوتارێکی بەهێزی ئەدەبی لە لایەن نووسەران و شاعیرانەوە پێشکەش بە ئەدەبی جیهانی کرا و گەلێ دەقی شیعریی و چیرۆک و ڕۆمانی بەهێزی لێ کەوتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاویی ئەدەبی ئەو وڵاتانە بەپێزتر و گەشاوەتر دەبوو. ڕەنگە گرینگترین هۆکار بۆ ئەو بابەتە ئەوە بێت کە وڵاتانی ئەمریکای لاتین هیچ کات لە ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەیی و مێژووی کۆنی داب و نەریتی خۆیان دانەبڕان و بەردەوام لە هەموو دەقەکانیان ئەو بابەتە کۆن و مێژوویيانە ڕەنگی داوەتەوە و زیندوویان ڕاگرتووە. بە خوێندنەوەی دەقەکانی بورخێس، مارکێز، ئۆکتاویوپاز و هتد.. دەگەینە ئەو ڕاستییە کە ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەفسانەکان و حکایەتە کۆنەکان بۆتە بناغەیەک بۆ گێڕانەوەیەکی نوێتر لە بەرهەمەکانیاندا.

هەر وەک ڕوون ئاشکرایە نەتەوەی کورد و هەروەها ئەدەبی کورد بە وێنەی وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین لە ئەدەبیاتی زارەکی و مێژووی کۆن و بە بایەخی فۆلکلۆر بێبەش نەبووە و ڕەنگە ئەگەر زۆرتریشی نەبێ کەمتریشی نەبووە، جێی ئاماژەیە کە نەتەوەی کورد بە پێی هەر ناوچە و لە هەندێک جێگا دا بە پێی هەر شار و بگرە گوندێکیش خاوەنی حیکایەت و ئەدەبی فۆلکلۆری تایبەت بە خۆی بووە و هەر ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە نەتەوەی کورد چ سامانێکی بە بایەخی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و حیکایەتە کۆنەکانی بۆخۆی مسۆگر کردووە. واتە کون بە کون و کەلێن بە کەلێنی جوگرافیای کورد خاوەنی کۆمەڵێک ئەفسانە و حیکایەت و بەیت و باوی تایبەت بە خۆیەتی کە هەر کام لەوان جێگای ساڵیانی ساڵ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی هەیە و دەشتوانێ ڕوانگەیەکی تری هزریمان بۆ وێنا بکا. بە دڵنیاییەوە ئەدەبی فۆلکلۆر دەتوانێ بناغەیەکی پتەو و بە پێز بێ بۆ ڕوانینێکی نوێتر و داهێنانەتر.

نووسەر و شاعیری کورد بە تایبەت لە چەند دەهەی ڕابردوو چەندە حەولی داوە خۆ لە قەرەی ئەو دەقە کۆنانە بدا و بە شێوەیەکی نوێتر و داهێنانەتر زیندووی کاتەوە؟ نووسەری لاوی کورد چەندە ئاگاداری ئەدەبی فۆلکلۆر و بەیت و باوەکانی نەتەوەی خۆیەتی؟ تا چ ڕادەیەک خوێندوویەتەوە؟ بەردەوام لە دەیەی ڕابردوو بە تایبەت لە لایەن شاعیرانەوە بانگەشەی نوێبوونەوە و نوێخوازیی و...، کراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە درێژەی ئەو ساڵانە هیچ حەولێک و بانگەشەیەک بۆ خوێندنەوە و چالاکی لە سەر بەیت و باوەکان و دەقەکۆنەکانی ئەدەبی کوردی نەدراوە و بە تەواوی کەوتۆتە پەراوێزەوە، نووسەری کورد بەردەوام لە حەولی نوێخوازی و دەقی مۆدێرن و بگرە پۆست مۆدێرندا خول دەخوا و تا ئێستاش دەقێکی جیددی و زیندوو نەبیندراوە و بڵاو نەبۆتەوە و بەردەوامیش لە درێژەی ئەو ساڵانەدا لە گەڵ قەیرانی نەبوونی خوێنەر ڕووبەڕوو بۆتەوە،

ئەو شاعیرانەی کە بانگەشەی «نوێخوازی و مۆدێرنیتە» دەکەن و لە کۆمەڵگا و دەقەکۆنەکانی ئەدەبی کوردی دابڕاون و لەو پەڕی هەورەکانەوە دەفڕن، یان بە درێژایی ساڵی نووری لە پێش خەڵک و کۆمەڵگای خۆیانن یان لە خولیا و خەیاڵی جادووگەرانە دا دەژین!!

.......................................................................

.......................................................

......................................

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:660 July 2015

## بەر لە ماڵاوایی

# «کوردستانم برینێکە...واز لەو برینەم بهێنن»



**قادر وریا**

کە خەمێکی گەورەی سەرچاوەگرتوو لە کارەساتێکی نەتەوەیی دەبێتە میوانم، کە ژانی نووسینێک بۆ ماتەمی مەرگی بە کۆمەڵی لاوانی نەتەوەکەم دەمگرێ، کە دەمەوێ شتێک بڵێم شایانی ڕووداوێک بێ کە هەژاندوومی، دەگەڕێم بۆ وشەیەک، دەستەواژەیەک، دێڕێک، دەقێک، قسەی دڵی خۆمی پێ بەیان کەم هەستی خۆمی پێ دەربڕم، تووڕەیی خۆمی پێ وێنا کەم. لە نێو شوێنەواری بە جێماوی هەرچی خوێندوومەوە، هەرچی بیستوومەو دیتوومە، دەگەڕێم، لە پاشخانی هەژارانەو کوڵەواری فکریو ئەدەبیی خۆمدا، گەشتێک دەکەم، چەرخێک دەخۆم، جاری وایە زایەڵەی دێڕە شێعرێک بە دەنگی گۆرانیبێژێک، سروودخوێنێک، یا ڕستەیەک لە وتەی ئەکتەری ڕۆمانێک، فیلمێک، فریام دەکەوێ. ئەمشەویش کە دەمەویست هەر خۆم بمو خەمی هەڵوەڕینی هەموو گوڵەکانی باخچەیەک، هەر خۆم بم وجەخاری بێشەڵانێکی دروێنەکراو، هەر خۆم بمو ئازاری ڕامان لە دیمەنی گۆڕەپانێک پڕ لە لاشەی لەتوپەتبووی لاوانی ئەم کوردستانە خوێناوییەم، دەقێکی شێعریی مامۆستا شێرکۆ بێکەس فریام کەوتەوە:

«کوردستانم برینێکە، برین لقی داربەڕووە
واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێ و
سێبەر بۆ ئازادی بکا.
من هەر چاوی دارستانی گڕ تێبەربووی خۆم شک ئەبەم ئێشکم بگرێ.
من هەر خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی ئەم شاخانەی خۆم شک ئەبەم
هەڵ بستێت و پێشم کەوێ.
واز لەو برینەم بهێنن،
زریان شەوەو قیبلە نمای ملم مۆمە،
بایەوانی ئەو کەشتییەش
هەر چارۆکەی سەری خۆمە.
هەر خۆم
هەر خۆم،
من خوا نیم و لەوەتەی هەم هەر تەنیام و
کوردستانیش باوەشی عەشقی دایکێکە
وەکوو مێژوو سک سووتاوە و
چاوەڕێمە...»

**

ئەو سەدان لاوەی ڕۆژی شەممە ٢٠ی جولای ڕابردوو، لە شاری پرسووس، لە چاوتروکانێکدا بە گەرووی ئاگرو دووکەڵدا ڕۆیشتنو بوون بە خۆراکی مەرگ، لە شارە جۆراوجۆرەکانی باکووری کوردستانو وڵاتی تورکیەوە هاتبوون تا بە هانای شاری کۆبانێوە بچن. ئەوان کە لە بزەو قاقای دەمیاندا،کۆتری خەندەو، لە چاویاندا، ئەستێری پڕ لە ورشەی هیوا بەدی دەکرا، هەڵگری سروودی ئاوەدانی بوون، بەستەی ئاشتیو تەباییو خۆشەویستیان دەچڕی، پەیامی ژیانو ژیانەوەیان پێ بوو. هاتبوون تا دەستیان تێکەڵی ئەو دەستانە بکەن کە دەیانەوێ شاری کۆبانێ، سەمبولی سەدەی ٢١ بۆ خۆڕاگری، لە سەر وێرانەکانی خۆی بنیات بنێنەوە. کۆبانێ، ئەو شارەی بە خۆڕاگرییە حەماسیو پڕشانازییەکەی دانیشتوانو پاریزەرانی بەرامبەرلەشکری مەرگ و تاریکی، لە شارێکی دەیان ساڵ پشتگوێخراوو فەرامۆشکراو، بوو بە ناودارترین شاری ئەم یەک ساڵەی ڕابردوو، نەک هەر هەستو سۆزی تاکی کورد لە هەموو بەشەکان، بەڵکوو ویژدانی لاوانی نەتەوەکانی دیکەشی جووڵاندوە. تێی گەیاندوون کە خۆڕاگریو شەڕی کۆبانێو کۆبانێپارێزان بەرامبەر سوپای جەهل و نەزانی، نەک شەڕی نەتەوەیەک بەڵکوو شەڕی بەشەرییەتە لە گەڵ خێوی تاریکیو تیرۆرو وێرانی. کۆبانێ کە ئەستێرە هەرە درەوشاوەکەی مێژووی نوێی خەباتو خۆڕاگریی نەتەوەی کوردە، لە دنیای بەگوندبووی سەردەمی بەجیهانیبوون دا، بوو بە هیمای سەرکەوتنی ڕووناکی بە سەر تاریکیدا، بوو بە سەمبولی بە چۆکداهێنانو تێکشکاندنی مەرگو دڕندەییو وێرانی. هێمایەک کە بۆ ماوەی چەند مانگ ڕووناکیخوازانو مرۆڤدۆستان لە سەرانسەری جیهان ساتبەسات لە گەڵی دەژیانو شکانو سەرکەوتنەکەیان بە هی خۆیان دەزانی.

ڕقو وەحشەت لە ناوو ناوبانگی کۆبانێیە کە بووە بە هۆی بە حەڵاڵ زانینی کوشتنی بە کۆمەڵی ئەو کچو کوڕانەی بە دەم بانگەوازی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێیەوە چوو بوون؟ یان ترسو تۆقین لە ژیانەوەو بووژانەوەی کولتووری دەستوێکدانی مرۆڤەکان بێ لە بەرچاوگرتنی سنوورە نەتەوەییو زمانییەکان لە پێناوی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای مرۆڤایەتیو دادپەروەریو پێکەوەبوونی بە ئاشتیدا؟

واز لەو برینەم بهێنن!

سەدان ساڵە مرختان لە قووتدانی ئەم نەتەوەیەو نیشتمانەکەی خۆش کردوە. سەدان ساڵە بە ناوی دین، بە ناوی شارستانەتی، دژایەتی و دوژمنیی زمانەکەی، مێژووەکەیو کولتوورەکەی دەکەن. سەدان ساڵە کارەسات بە دوای کارەسات بە سەر دانیشتوانی ئەم خاکە دەهێنن، سەدان ساڵە دەمتان ناوەتە نێو خوێنمان، هەر ماوینو نەشکاوین وبەرامبەرتان ڕاوەستاوین. دە سەری خۆتان هەڵگرنو بڕۆنەوە بۆ ئەو جەهەننەمەی لێی هاتوون:

«واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێو
سێبەر بۆ ئازادی بکا.»

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# شکۆی مەرگ

**بۆ دوکتوور قاسملووی مەزن**



**ئەرسەلان چەڵەبی**

ئەو مەزن بوو!
شۆڕاوگەی بەسامی نەتەوە کۆنەکان بوو
تەوژمی حیلەکانی ـــبا،
هەواڵی سەوزی نیشتمانی پێ بوو.
بە پێچەوانەی ڕوانگە ئەهریمەنییەکان
ڕەسەن بوو،
بە وێنەی حیکایەتەکانی پاییز.
لە سەردەمی هزرە ڕەشەکاندا
ئاوەدان بوو زەینی وێرانی.
ئەو پەڵە خوێنێکی وشک بوو بە داوێنی دەنگە کوژراوەکان
خەونی بە دەراوی ڕووناکی دەدی.
وشەکانی گەرم بوو
بە لێواری کەلێنێک بەرەو گۆڕستان
پەرداخێک فڕینی نۆش دەکرد.

ئەو مەزن بوو!
قرمژنەی ئاگری پیتە سەربەستەکان بوو
بزەیەک بوو بە لێوی هەڵە مردووەکانی خاک
تخوونی تیشکە هەرمانەکان کەوت
هێڵە سوورەکانی دەپاراست و
ڕەوتە کۆنەکانی دەخوێندەوە.
بە بەژنی مژەوە ڕوانینی شاخی دەناسی
بەر لە کۆچی پەپوولەکانی ناخی
ڕەنگێک بووی لە شێوەی وزە
دەرفەتی گوڵ بووی لە خەزاندا
دەگەشاوە باخچەکانی ڕۆچنە نیگای ئەوین.

ئەو مەزن بوو!
تاوانی خەفەتێکی بەرز بوو
هەتا سەر ئێسک بەڵێنێکی شەهید بوو
بڕیاری باڵندەکانی بەختەوەری بوو
بارن دەکا دروشمەکانی،
لە سەرما و سۆڵی کۆمەڵدا.
ژین لە مێشکی ئەودا چرپەیەک بوو بە گوێی نەهاتدا
هەتوانی هەوێنە زامدارەکان بوو.

ئەو مەزن بوو!
لە کونجی چۆڵترین هێمای نیشتماندا،
ڕووباری ئاوەدانی مان بوو.

## دیسان ئاگرکەوتنەوە زیانی زۆری بە دارستانەکان و ژینگەی کورستان گەیاند

**ئیلام**

دوای ئەوەی مانگی ڕابردوو بەهۆی ئاگرکەوتنە لە ١٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی ئیلام زیانێکی زۆر بە سروشتو ژینگەی ئەو ناوچەیەی کوردستان گەیشت، ئەمجارەیان ٢٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی شاری «سیروان»ی ئەم پارێزگایە بوونە سووتمانی ئاگر.

ئەو ئاگرە لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ ی پووشپەڕەوە دارستانەکانی ناوچەی پارێزراوی قوڵاڕەنگ و دەڕەشای قەڵەندەری شاری سیروان لە پارێزگای ئیلام بەربووەو پاش ٢ ڕۆژ ئاگرەکە هەر بەردەوام بووە و زیانێکی قەرەبوونەکراوەی لە دارستان و لێرەوارەکان کەوتووە.

چالاکێکی ژینگەپاریزی ئیلام دەڵێ ناوچەی لێرەواری پارێزگای ئیلام لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاگری لێ نەکوژاوەتەوەو بەشێکی هەرە زۆری ئەم ناوچەیە بوەو بە سووتمانی ئاگرو پارێزگای ئیلام زیاتر لە ٦٤٠ هێکتاری لێرەوار هەیەو بەشی هەرە زۆری لە دار بەڕوو پێک هاتووە.

**شنۆ**

ڕۆژی شەممە ٢٠١٥/٧/١٨(٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٤) ڕووبەرێکی فراوان لە دەغڵودانو گیاو پووشو پەڵاشی مەزراو دێمەکاری ئاوایی سۆفیانی نێوان شنۆو پیرانشار بوو بە خۆراکی بڵێسەی ئاگر. هۆکاری ئەم ئەم ئاگرکەوتنەوەیە ڕوون نەبۆتەوە بەڵام وەک زۆر لە نموونەکانی دیکەی ئەم دوایانەی ئاگرکەوتنەوەکان، گومانی ئەوە دەکرێ دەست یا دەستانێکی نەناسراو، ئەم ئاگرەیان بەردابێتە مەزرا و دێمەکار و حاسلاتی خەڵک. خەڵکی ئاوایی سۆفیان و ژینگەپاریزانی ناوچەکە بە پەلە خۆیان گەیاندە شوێنی ئاگرەکە و





بە ئیمکاناتی سادەدە و خۆماڵی بەڵام بە هیممەت و هەرەوەزێکی نیشتمانپەروەرانە و ژینگەدۆستانە، پاش بەربەرەکانییەکی یەکگرتووانە و ماندووییەناسانە، ئاگرەکەیان کۆنترۆل کرد.

ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی پووشپەڕ بە هۆی باران و هەستانی سێڵاو لە شاری سەقز، زیاتر لە ١٠٠٠ ماڵ و دوکانی هاووڵاتیان تووشی زیان هاتن.







